SAYA

# مانگای
# مۆر

سێس گۆدین

به ناوازه‌بوونی کاڵاکه‌ت کاره‌که‌ت باشتر بکه

وه‌رگێرانی: به‌مۆ عه‌بدولعه‌زیز

Purple
# COW
Seth Godin


238
posts
19.2k
followers
7
following
Promote
Edit Profile
پەڕەی فەرمی 📚 کتێبی PDF 📚
Public Figure
لێرە
باشترین و بەسودترین و پڕ خوێنەرترین کتێبەکان
بە خۆرایی و بە شێوەی PDF داگرە
.
Ganjyna
.
لینکی کتێبەکان 👇 ئەم لینکە بکەرەوە بۆ داگرتنی کتێبەکان
drive.google.com/folderview?id=1gk8e3nSJGJLu36xeLUjwdbjgTSVslbo_
Ktebi_PDF

# مانگای مۆر

## Purple Cow

به ناوازه بوونی کالاکەت کارەکەت باشتر بکه

سێس گۆدن

© 2018

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: بەمۆ عەبدولعەزیز

سایە

سایە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە
سایە

مانگای مۆر

ناوی کتێب: مانگای مۆر

نوسینی: سێس گۆدن

بابەت: گەشەی بازاری

وەرگێڕانی: بەمۆ عەبدولعەزیز

دیزاین: فازیل کەوڵۆسی

چاپخانەی: تاران

نۆرەی چاپ: چاپی یەکەم ٢٠١٨

تیراژ: ١٠٠٠ دانە

نرخ: ٣٠٠٠ دینار

لە بەڕێوبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی( ١٦٩٦ ) ساڵی ٢٠١٨ پێدراوە.

بۆ دەسکەوتنی بڵاوکراوەکانی ناوەندی سایە بە تاک و کۆ..
ناونیشان: سلێمانی - شەقامی پیرەمێرد
Email: saya.book@yahoo.com Tel: 07512460583

مافی لە چاپدانی پارێزراوە بۆ ناوەندی سایە
© 2018

## دەربارەی نوسەر

سـێس گـۆدن نوسـەری چـوار پـەرتووکی پڕفرۆشـی جیهانییـە، بـەم پەرتوکانەشەوە: بازارکردنی مۆڵەتدار، بڵاو کردنـەوەی ڤایرۆسـی بیرۆکـە، ڕزگاربوون بەس نیە.

ئەم کەسە وتاربێژێکی بەناوبانگە و سەرنوسەری گۆڤاری (Fast Company)بووە.

لە یادی (لیۆنێل پۆیلان)دا،

بە هەموو شێوەیەك ناوازەیە

—

وتنی "تامی مریشك دەدات "

هیچ ستایش نیە

—

"هیچ کەس بە نوکتەی کۆن پێناکەنێت"

ماکس گۆدین

—

تـۆ بەکاربـەری پـاش کـڕینی بەرهـەمیت (پۆسـت کۆنسەمپشـن) ئـەوەی پێویستە دەستت دەکەوێت. ئەوەی دەتەوێت زۆربەیت دەست دەکەوێت. تەنها کات نەبێت.

"بازارگەڕی زۆر لەوە گرنگ ترە تەنها کاری بەشی بازارگەڕی بێت"

دەیڤد پاکارد

"ئەوەی دەکرا دابهێنرێت داهێنراوە"

چارلز هـ. دوێل، ١٨٩٩

کۆمسیاری ویلایەتەیەکگرتوەکان بۆ پێدانی مافی داهێنان

# پێڕست


پێشەکی وەرگێڕ.......................................................٧
پایەی زیاترمان پێویستە...............................................٨
پایە نوێیەکە.........................................................١٠
وشەی قەبارە گەورە و واتای قوڵ.....................................١١
مەزن ترین شت لە پاش سەموونی قاشکراوی کیسە.......................١٤
ئایا تێبینی شۆڕشەکەت کرد؟...........................................١٥
کەی پێویستت بە مانگای مۆر دەبێت؟...................................١٩
مەرگی سەردەمی پیشەسازیی تەلەڤیزۆن.................................٢٦
ئەی چی سەرکەوتوو دەبێت؟...........................................٣٥
هۆشداری و سەرنجڕاکێشان کرۆکی بابەتەکە نیە..........................٣٩
ویست و ڕێگەچارە.......................................................٤٠
لێکۆڵینەوەیەك لە بابەتێکی سەرکەوتوو.................................٤١
لێکۆڵینەوەیەك لە کۆمپانیای (Tide–تایت).............................٤٣
ئەو بیرۆکانی بڵاو دەبنەوە، سەرکەوتوو دەبن...........................٤٩
هەڵە لێك تێگەشتنە گەورەکە............................................٥٢
کێ گوێ لە بانگەشەکەت دەگرێ؟........................................٥٤
گزیکردن...............................................................٥٧
کێ گرنگیت پێدەدات؟..................................................٥٩
هەموو کڕیاران و بەکاربەران وەکو یەك نین..............................٦٢
یاسای ژمارە گەورەکان..................................................٦٤
کێشەی مانگاکە.........................................................٦٨
دوای ڕێبەر بکەوە.......................................................٧٦
لێکۆڵینەوە لە کورسیی جۆری Aeron..................................٧٩
کاڵای بێ خەوش و قازانجدار و کاڵا ناوازەکان..........................٨٢
لێکۆڵینەوە لە باشترین دوکانی کاری هەویر..............................٨٤
لێکۆڵینەوە لە کۆمپانیای Logitech....................................٨٨
کێ لە جیهانی کاڵا ناوازەکاندا براوەیە؟...................................٨٩

لێکۆڵینەوە لە جۆرێکی نوێی میوەی کێوی ........................ ٩٠
سودەکانی کاڵای ناوازە ........................ ٩١
لێکۆڵینەوە لە گۆشت فرۆشە ئیتاڵیەکە ........................ ٩٤
واڵ ستریت و کاڵای ناوازە ........................ ٩٥
پێچەوانەی ناوازە ........................ ٩٦
مورووی ناو بوتڵەکە ........................ ٩٧
دانیشە، لەخۆتەوە شت مەکە! ........................ ٩٩
لێکۆڵینەوە لە خزمەتگوزاری پۆستەی ویلایەتەیەکگرتوەکان ........................ ١٠١
گەڕان بەدووی Otaku دا ........................ ١٠٣
پرۆسە و پلانەکە ........................ ١٠٥
هێزی دروشم ........................ ١٠٧
ئەوە بفرۆشە کە خەڵکی دەیکڕن (باسیشی بکە!) ........................ ١٠٨
کێشەی سازان ........................ ١٠٩
لێکۆڵینەوە لە مۆتۆرۆلا و نۆکیا ........................ ١١٠
سوڕی کاڵای ناوازە ........................ ١١١
بازارگەڕبوون لەمڕۆکەدا واتای چیە؟ ........................ ١١٢
ئێمە چیتر بازارگەڕ نین، بەڵکو دیزاینەرین ........................ ١١٣
کاتێك بەدووی کاردا دەگەڕێیت ........................ ١١٥
لێکۆڵینەوە: زۆر بەناوبانگە، بەڵام چیتر خەڵکی سەردانی ناکەن ........................ ١١٧
ئایا ئەوەی دەیکەین بریتیە لە جۆش و حەز؟ ........................ ١٢٠
بیرۆکە باران ........................ ١٢٢

# پێشەکی وەرگێڕ

بەناوی خودای گەورە، ئەم پەڕتووکە خۆی لە خۆیدا کۆکراوەی بیرکردنەوە و لێکۆڵینەوەی نوسەرە و دەکرێت وەکو ڕێبەرینامەیەك بەکاربێت، بەڵام وەکو نوسەر جەختی لەسەر دەکاتەوە، لێکۆڵینەوەی خۆت لەسەر بازاڕ وا دەکات سەرکەوتوو بیت و قازانج بکەیت.
لە ڕووی وەرگێڕانەوە دەستکارییەکی زۆرم تێدا کردووە تا لەگەڵ کەلتوری کوردیدا بگونجێت بە لابردنی چەندان بابەت و کالاّ و بەرهەم بەهۆی ئەوەی یان لەکۆمەڵگەی ئێمەدا بوونی نیە، یان نەماون لە ئێستادا. ووشەی بازاڕ و کۆمەڵ زۆر بەکارهێنراون، نوسەر مەبەستی لەم دوو ووشەیە بریتیە لە چینێکی دیاریکراوی کۆمەڵگە، جا ئەو چینە منداڵان بێت، پیاوان بێت، خانمان بێت، پارێزەران بێت، سەرۆك کاران بێت یان هەر چینێکی تر.
بێگومان هیچ وەرگێڕانێك بێ کەموکوڕی نابێت. هیوادارم بەدڵی خوێنەر بێت.

"بەمۆ عەبدولعەزیز"

# پایەی زیاترمان پێویستە

بازارگەران (بانگەشەکارانی بەرهەمەکان) بۆ چەندەها ساڵ باسیان لەوە دەکرد تەنها پێنج پایەی بازارگەری هەیە.

لە ڕاستیدا زۆر زیاترە لە پێنج دانە، بەڵام هەرکەسەو ژمارەیەکی بەلاوە باشە. هەندیک لە پایەکانی تر بریتین لە:

- بەرهەم
- نرخ
- بانگەشە
- ناوبانگ
- پێچانەوە
- گەیاندنی بانگەشە
- مۆڵەت

ئەمەش هەموو کاری بازارگەرییە، ڕێگەیەکی خێرایە بۆ ئەوەی دڵنیابیت کارەکەت ئەنجام داوە، ڕێگەیەکە بۆ ئەوەی بەهۆیەوە باسی ئەوە بکەیت چۆن وا لە خەڵکی بکەیت ئەو شتە بکڕن کە تازە کارگەکەت دروستی کردووە. ئەگەر لایەنەکان هیچ پەیوەندیان بە یەکەوە نیە (بۆ نمونە ژەمە خواردنی نەرمکراو کە تۆ بانگەشەی بۆ دەکەیت لەلای هاوڵاتیانی

بەتەمەن بەڵام تامی خواردنی منداڵی ساوا دەدات) ئەم کاتە پەیامی بازاڕگەریەکە لێڵە و کاریگەری نامێنێت.

بازاڕگەری هەمیشە گرنتی سەرکەوتنی نیە ئەگەر تۆ لەسەر شێوازە کۆنەکە هەوڵی ئەنجامدان و جێبەجێکردنی پایەکانی بازاڕگەری بدەیت، دڵنیابە ئەگەری سەرکەوتن زۆر کەمە.

ئەم پەڕتووکە باسی ئەوە دەکات پایەی بازاڕگەریی نوێ پێویستە دابنرێت و کاری پێبکرێت، پایەیەك کە لەپڕێ بوو بە کوڕێ!

# پایە نوێیەکە

پایە نوێیەکەش بریتیە لە "مانگای مۆر"...لەوانەیە بەلاتەوە سەیر بێت. کاتێك خۆم و خێزانەکەم بە ناو فەرەنسادا گەشتمان دەکرد بە ئۆتۆمبیل چەند ساڵێك لەمەو پێش، مانگا قەڵەوەکانی لا ڕێگاکە سەرەنجی ڕاکێشابووین کە بە هەمان شێوەی پەرتووکی چیرۆکەکان خەریکی لەوەڕاندن بوون. ئەم دیمەنە بۆ چەندەها کیلۆمەتر درێژ دەبۆوە، هەمووومان تەماشامان دەکردن و جوانیی و دڵرفێنی دیمەنەکان هزری ڕاکێشابووین. پاش

٢٠ خولەکوردەوردەدەستمانکردبەپشتگوێخستنیمانگاکان.

وایلێهاتمانگانوێیەکانیشوەکوکۆنەکانوابوونوسەرەنجیان ڕانەدەکێشاین. ئەوەی پێشتر زۆر نایاب بوو ئێستا بوو بە شتێکی سادە و باو. بەڵکو بووە شتێکی وەڕزکار.

لەوانەشە مانگاکان زۆر باش و نایاب بووبن و زۆر جوان بووبن لە بەر تیشکی خۆرەکەدا، بەڵام زۆر دووبارە بوونەوە و سەرەنجڕاکێشیان تێدا نەمابەڵام ئەی ئەگەر مانگایەکی مۆرمان بدیبا؟ بەڕاستی سەرەنج ڕاکێش دەبوو...ئەمیش هەر بۆ ماوەیەك.

کرۆك و جەوهەری مانگای مۆر ئەوەیە کە ناوازە بێت، لە ڕاستیدا لێکچواندنێکی سەیرترم دەست نەدەکەوت دەربارەی ئەوەی دیمان ئەگینا باسی مانگای مۆرم نەدەکرد.

ئەم پەرتووکە باسی هۆکار و چۆنیەتی و ناوازەبوون دەکات و باسی ئەوە دەکات ناوازە بوون چیە.

# وشەی قەبارە گەورە و واتای قوڵ

شتانی ناوازە شایستەن قسەیان لەسەر بکرێت. شایستەن تێبینی بکرێن، چونکە بە ناوەکەی خۆیاندا دیارە، ناوازە و تایبەت و نوێ و سەرەنجڕاکێشن. مانگای مۆر سەرەنجڕاکێشە تا ماوەیەك. مانگای قاوەیی بۆتە باو و زۆر دووبارە بۆتەوە .

بازارگەریی ناوازە بریتیە لە هونەری بنیادنانی شتانێك شایستەی تێبینی کردن بن. نەك شتانێك لە کۆتا ساتەکاندا دروستکراون و پەلەپەلیان پێوە دیارە و نازانیت بۆ ئەنجامت داون. دەبێت تێبگەیت لەوەی ئەگەر ئەو شتەی پێشکەشی دەکەیت ناوازە نەبێت، ئەوا لەبەرچاوانیش دیار نابێت و نابینرێت.

پیشەسازیی تەلەڤیزۆن بریتی بوو لە جەوهەری پەیوەندی نێوان بەکاربەر و داواکاری، بانگەشەی سەر تەلەڤیزۆن و کۆمپانیاکان کە لەسەر وەبەرهێنان دادەمەزران هەمووی پەیوەندییان بە تەلەڤیزۆنەوە هەبوو.

بەکاربەری پاش-کڕین شتێك نەماوە بیکڕێت. ئەوەی پێویستمانە هەمانە و شتی ترمان زۆر کەم دەوێت، وە کاتیشمان زۆر کەمە و زۆر سەقاڵێن تا دابنیشین خەریکی گەڕان بین بەدووی شتانێکدا لە بازاڕدا هەبن.

بەشی بازارگەری، بەرهەم و کاڵایەکی نیمچە تەواوکراو دەهێنێت و پارەی تێدا خەرج دەکات بۆ بانگەشەکردن و پیشاندانی تایبەتمەندیەکانی بۆ خەڵکی، ئەم ڕێگەیەش تازە سوودی نەماوە و کاری خۆی ناکات.

من باوەڕم وایە گەیشتوینەتە قۆناغێك کە ناکرێت ڕاستەوخۆ بانگەشە بۆ کاڵاکان بکەین. ئێمە جیهانێکمان دروستکردووە تیایدا زۆربەی کاڵاکان نادیارن. لەماوەی بیست ساڵی ڕابردوودا نوسەرانی کارسازیی ژێر باسی ئەوەیان کرد کاری بازاڕگەری لە گۆڕانکاریدایە. بازاڕگەران باسی ئەم بیرۆکانەیان کرد و تەنانەت هەندێکیشیان لێ بەکارهێناون، بەڵام هێشتا جەوهەری ستراتیژیەتە بازاڕگەرییە کۆنەکەیان هێشتۆتەوە. شێوازە تەقلیدیەکان بەکەڵکی ئێستا نایەن. بیرۆکەی سەدساڵ لە بازاڕ گەری تیا چوو. شێوازە جێگرەوەکانیش هێندە نایاب نین، بەڵام هەر ئەمانەمان لەبەردەست ماون.

ئەم پەرتوکە باسی ئەوە دەکات بۆچی پێویستە ناوازە بوون بکەیت بە بەری هەموو ئەو شتانەی دروستیان دەکەیت، بۆچی تەلەفیزۆن و ڕاگەیاندنی گەورە چیتر بەکەڵکت نایەن و بۆچی کاری بازاڕگەری بەتەواوەتی گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە.

بانگەشەکردن بوەستێنە و دەستبکە بە داهێنان.

## پێش سەردەمی بانگەشە و لەکاتی سەردەمی بانگەشە و لە پاش سەردەمی بانگەشە

پێش سەردەمی بانگەشەکردن، کاڵاکان دەماو دەم و لە زاری خەڵکیەوە بڵاو دەبوونەوە. بەرهەم و خزمەتگوزاریەکان باس دەکران و پاش ناساندیان دەکڕدران.

بەم هۆیەوە باشترین کاڵافرۆش باشترین ناوبانگی هەبوو وە دوکان و شوێنەکەی هەمیشە پڕ بوو لە خەڵك.

لەکاتی سەردەمی بانگەشەدا، تێکەڵەیەك لە زیادبوونی داهات و خواستی نەبڕاوەی کڕیار و هێزی لەیەکدراوی تەلەڤیزۆن و ڕاگەیاندنەکان بوونە دروستکردنی هاوکێشەیەکی نایاب، ئەگەر ڕاستەوخۆ بانگەشەت بۆ کڕیار بکردایە، ئەوا فرۆشت ڕاستەوخۆ بەرز دەبۆوە.
هاوبەشێتی نێوان دەزگای بانگەشەی شیاو و بانکی شیاو دەبووەی هۆی ئەوەی کۆمپانیا و شوێنی کارەکەت بە شێوەیەکی ئەندێشە ئامێز گەشە بکات و گەورە ببێت.

لە پاش سەردەمی بانگەشە، گەڕاوینەتەوە سەردەمی پێش بانگەشە. بەڵام لەبری ئەوەی کاڵاکان دەماودەم و لە زاری خەڵکیەوە بناسرێن، هێزی تۆڕەکانمان وادەکات بیرۆکەی نایاب دروست ببن بۆ بڵاو بونەوە لە نێو چینە جیاوازەکانی خەڵکیدا بە شێوەیەکی زۆر خێرا.
وەکو بازارگەڕ، دەزانین شتە کۆنەکان چیتر بێ سودن. دەشزانین بۆ، چونکە کڕیارەکانمان زۆر سەرقاڵن ئاگاداری بانگەشەکان ببن، بەڵام ئێمەش عەودالی ئەوەین چارەسەری باش بۆ کێشەکانمان بدۆزینەوە.

# مەزن ترین شت لە پاش سەموونی قاشکراوی کیسە.

لە ساڵی ١٩١٢دا، (ئۆتۆفریدریکرۆویدەر) سەموونی قاشکراوی داهێنا.
بەراستی بیرۆکەیەکی ناوازە بوو، ئامێرێکی سادەی دروست کرد و
سەموونی قاش دەکرد، خودی ئامێرەکە شکستی هێنا .
ئەمە لە سەردەمی بانگەشەدابوو، ئەمەش واتە ئەگەر
کالاکەشت باش بووایە بەڵام بانگەشەکەت خراپ بووایە ئەوا سەرکەوتنی
کەمت بەدەست دەهێنا.
بیست ساڵ دواتر، براندێکی نوێ بە ناوی (وەندەر)ەوە دەستی کرد بە
بانگەشە بۆ سەمونی قاشکراو، سەرکەوتنی بەدەستهێنا بەهۆی پێچانەوە
و بانگەشەکەیەوە.
سەرکەوتنی بەهۆی بانگەشەکەیەوە بەدەستهێنا نەک بەهۆی قاشکردنی
سەموون و داهێنانەکەیەوە.


# ئایا تێبینی شۆڕشەکەت کرد؟

لەماوەی بیست ساڵی ڕابردوودا، شۆڕشێکی بێدەنگ دەستی کرد بە گۆڕانکاری لە شێوازی تێڕوانینی خەڵکی بۆ بانگەشە.

(تۆم پیتەرس) لە پەڕتووکە ناوازەکەیدا بە ناوی (بەدەستهێنانی سەرسامکردن) کە پەڕتووکێکی ڕوانگەئامێز بوو باسی ئەوەی دەکرد بۆچی تاکە کاڵا کە سەرکەوتن بێنێت و داهاتووی هەبێت بریتیە لەوانەی لەلایەن کەسانی بەجۆشەوە دروست دەکرێن. زۆر جار کۆمپانیا گەورەکان دەترسن و هەمەچەشنێتیەکان کەم دەکەنەوە، بەو شتانەشەوە کە کەسانی خەمخۆر و بەجۆش دروستیان دەکەن و دایان دەهێنن .

(پێپەرس) و (ڕۆجەرس) لە پەڕتووکی (داهاتووی یەك بە یەك) باسی ڕاستیەکی سادە دەکەن، ئەوەش بریتیە لەوەی هێشتنەوەی کڕیارێکی کۆن هەرزانترە لە بەدەستهێنانی کڕیارێکی نوێ، پاشان باسی تەواوی بەڕێوەبەردنی پەیوەندی کڕیاران دەکات. لە پەڕتووکەکەیاندا باسی ئەوە دەکەن تەنها چوار جۆری خەڵکی بوونیان هەیە (کڕیاری موحتەمەل، کڕیار، کڕیاری بەوەفا، کڕیاری پێشوو)، کڕیاری بەوەفا ئەوانەن دڵخۆشن بەوەی پارەکەیان لەلای تۆ خەرج بکەن.

له پەرتووکی (پەڕینەوە بەسەر کەلێنەکەدا) نوسەر (جیۆف موور) باسی ئەوە دەکات چۆن کالاّ نوێیەکان و بیرۆکە نوێیەکان بەنێو خەڵکیدا بلاّو دەبنەوە. بەهێڵێکدا دەڕۆن لە سەرەتاوە داهێنەران و پاشان لەخۆگران و پاشان گەشەکردنی بەناوبانگێتی و پاشان گەشتن بە کەسانی خاو و خلیچك. نوسەر لەم پەرتووکەدا باسی کالاّ تەکنۆلۆژیەکان دەکات، بەلاّم تێبینیەکانی دەکرێت بەسەر هەموو کالاّو خزمەتگوزاریەکدا جێبەجێ بکرێت بۆ هەر جۆرە کڕیارێك بێت.




هێڵکاریەکەی موور سەرکەوتوویی داهێنەرایەتی کار پیشان دەدات لە چەپەوە بۆ ڕاست، پاشان کاریگەری دەکاتە سەر بەکاریەران تا هەموو کەسێك دەگرێتەوە و دەگاتە هەمووان. بەشی خوارەوە کۆمەڵە

جیاوازەکان پیشان دەدات لەگەڵ ئەو کەسانەی بیرۆکەکانیان پێدەگات، بەشی سەرەوە ڕێژەی کەسەکان پیشان دەدات لە کۆمەڵەکاندا.


لە پەڕتووکی (نوکی لوتکە) دا، نوسەر (مالکۆم گلادوێل) بە ڕوونی باسی دەکات چۆن بیرۆکەکان بەنێو خەڵکیدا بڵاو دەبنەوە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دی. لە پەڕتووکی (بڵاو کردنەوەی ڤایرۆسی بیرۆکە)دا، خۆم ئەم بیرۆکەیەم زیاتر باس کردووە چۆن کاریگەرترین بیرۆکە کارسازیەکان ئەوانەن کە بڵاو دەبنەوە بەنێو خەڵکیدا.

پاشان لە پەڕتووکی (بازارگەری مۆڵەتدار)دا باسی ئەو کەمبونەوەی سەرەنجڕاکێشیە دەکەم کە بازارگەران ڕووبەڕووی دەبنەوە. هەروەها باسی ئەوەم کردووە چۆن کۆمپانیاکان سەرکەوتوو دەبن کاتێك وەکو مولْکێك لەم لایەنە دەڕوانن نەك وەکو سەرچاوەیەك پارچە پارچە بکرێت و کە کەڵکی نەما بەجێ بهێڵدرێت.

لە زۆربەی کۆمپانیاکاندا، زۆرینەی ئەم بیرۆکانە وەکو شتانێکی نوێ مامەڵەیان لەگەڵ کراوە. "نانسی"ی هاوڕێم یەکێکە لە سەرۆکی "میدیای نوێ" لە یەکێك لە گەورەترین کۆمپانیاکانی کاڵای پێچراوەدا. دەزانی چی؟ ئەم کەسە بەرپرسە لە بەشێك کە تەنها خۆی تیایدا کار دەکات و کاری ئەم بەشە بریتیە لە بیرۆکەی نوێ. "میدیای نوێ" وای لێهات بوو بە هاوواتای "دانەنانی بوجە."

لەبری قایلبوون بەوەی ڕێگە کۆنەکان وردە وردە بەرەو نەمان دەچن و بە خێراییش، زۆرینەی کۆمپانیا کاڵادارەکان بە شێوەیەکی سەرەنجڕاکێش مامەڵە لەگەڵ ئەم تەکنیکە نوێیانەدا دەکەن، دووبارە

تەماشـایان دەکەنـەوە و بـەکاریان دێننـەوە بـەڵام نایکەنـە سـەنتەری ستراتیژیەتەکانی خۆیان.




هێڵکاریی (squeeze play). بازارگەڕان ناتوانن وشەی سـەر زار بنـەبڕ بکـەن چـونکە بەکاربـەرانی بێـزار ڕەزامەنـد نـین ویسـت ونیەتـەکانیان بەشداری پێبکەن. بەکاربەران پشت دەبەستن بـە دابینکـارە (فرۆشـیارە) ڕاستگۆ و تاقیکراوەکانیان لە تۆڕی ناسیاوەکانی خۆیانـدا لـەبری ئـەوەی تەماشای بانگەشەکانی سەر تەلەڤیزۆن بکەن.

# کەی پێویستت بە مانگای مۆر دەبێت؟

چوار ساڵ لەمەوبەر، (ڕۆن سیمەك) خاوەنی باڕی (تومستۆن تاپ) کە بە ناوی گۆڕستانێکەوە ناونراوە بڕیاری دا پیتزای بەستوو پێشکەشی کڕیارەکانی بکات. ئەم کارە سەرکەوتوو بوو وە بووە هۆی دروستبوونی (تومستۆن پیتزا) و لە هەموو دوکانەکاندا بلاّو بۆوە. کۆمپانیای (کرافت فوود) لە ساڵی

١٩٨٦دابەشێوەیەکیزۆرچڕبانگەشەیبۆکردوملیارەهادۆلارقازانجیکرد.

ئەمەبووەچیرۆکێکیئەمریکیلەسەرســـەرکەوتن،کەبریتیەلەداهێنانیکالاّیەکه هەموان بیانەوێت و بە شێوەیەکی چڕیش بانگەشەی بۆ بکە و قازانجێکی باش بکە. ئەم ستراتیژیەتە تەنها سەرکەوتوو نەبوو لەگەڵ پیتزادا. بەڵکو بۆ زۆرینەی کالاّکانی ناو ماڵەکانمان کاری خۆی کرد. بە حەبی ئەسپرینیشەوە.

بیهێنە پێش چاوت یەکەم کەس کە کاری بازارگەری کرد بۆ ئەسپرین چەندێك دڵخۆش بووبێت. چونکە بازارگەری بۆ کالاّیەك کردووە کە هەموو تاکێکی سەر گۆی زەوی پێویستی پێی بووە و ویستویەتی. کالاّیەکی هەرزان و بەکارهێنانی ئاسان و سوودبەخشێکی ڕاستەوخۆ.

بێگومان سەرکەوتنێکی نایابی بەدەست هێناوە.

بەلاّم ئەمڕۆکە ئەگەر سەردانی هەر دەرمانسازێك بکەیت ڕاستەوخۆ ئەم ئازار شکێنانەت دێتە پێش چاو:

Advil, Aleve, Alka-Seltzer Morning Relief, Anacin, Ascription, Aspergum, Bayer, Bayer Childrens, Bayer Regimen, Bayer Womens, BC, Bufferin, Cope, Ecotrin, Excedrin Extra Strength, Goodys, ...Motrin, Nuprin, St. Joseph, Tylenol, Vanquish

بێگومان ئەمانە هەمووشیان قەبار و جۆر و تایبەتمەندی جیاوازیان هەیە و ئەمەش وادەکات سەدان کاڵای تر زیاد بکات لەوەی دەمانەوێت هەڵی ببژێرین و بیکڕین. بەڕای تۆ ئەمڕۆکە ئاسانە ببیتە بازارگەڕی حەبی ئەسپرین؟

ئەگەر تۆ دەرمانێکی ئازارشکێنی نوێت دروست کرد، تەنانەت ئەگەر کەمێکیش لە هەموو ئەوانەی سەرەوە باشتر بێت، چی دەکەیت؟

وەڵامە ڕوونەکە ئەمە دەبێت: ئەگەر پارەت پێیە و باوەڕت بە کاڵاکەت هەیە ئەوا هەموو پارەکەت خەرج بکە لە کڕینی بانگەشەی چاپکراو و بانگەشەی سەر تەلەفیزۆنی ناوخۆیی. لێرەدا چەند کێشەیەکت تووش دەبێت. سەرەتا پێویستت بە کەسانێکە دەرمانی ئازارشکێن بکڕن. هەرچەندە ئەم جۆرە دەرمانە بازاڕێکی گەورەی هەیە بەڵام هەموو کەس ئەم جۆرە دەرمانەی ناوێت.

کاتێك ئەو کەسانەت دەستکەوت بیانەوێت دەرمانی ئازارشکێن بکڕن، ئینجا ئەو کەسانەت پێویست دەبن بیانەوێت جۆرێکی نوێی دەرمانی ئازارشکێن بکڕن. وا دیارە زۆر کەس جۆرێکی "ئەسڵی"یان دەوێت، ئەو جۆرەی لەگەڵی گەورە بوون و پێی ئاشنان. ئەگەر کەسێك دەرمانێکی ئازارشکێنی متمانەپێکراوی ئاسان بەکارهێنانی بێ کێشەی دەست بکەوێت ئەوا بێگومان نایەوێت کاتی خۆی بەفیڕۆ بدات لە گەڕان بەدوای

جۆرێکی تری دەرمانی ئازارشکێندا. لە کۆتاییدا دەبێت ئەو کەسانە بدۆزیتەوە ئامادە بن گوێت لێبگرن کاتێك باسی دەرمانە ئازارشکێنە نوێیەکەت دەکەیت. زۆرینەی خەڵکی زۆر سەرقاڵن و ئەگەری زۆرە پشتگوێت بخەن، ئیتر گرنگ نیە چەندێك ڕێژەی بانگەشە دەکرێت. کەواتە، کڕیارانی موحتەمەلی کاڵاکەت لە ڕێژەیەکی زۆرەوە هاتە سەر بڕێکی زۆر کەم، لەگەڵ ئەوەی دۆزینەوەی ئەم جۆرە کەسانە زۆر سەختە کە ئامادەن گوێت لێبگرن، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەم کەسانە کەسانێکی زۆر ڕاڕان و بە ئاسانی شتەکان هەڵنابژێرن.

یەکەمبوون لە پۆلێنی پیتزای بەستوودا بیرۆکەیەکی باش بوو. یەکەمبوون لە حەبی ئازارشکێندا بیرۆکەیەکی باشتر بوو. بەڵام بەداخەوە هەردوو بیرۆکەکە گیراون و ئەنجامدراون. با تەماشایەکی پەرتووکی وەرزشی یۆگا بکەین. کێشەی ئەم جۆرە پەرتووکانە لەسەر چۆنیەتی ئەنجامدانی وەرزشی یۆگا ئەوەیە چەندەها جۆری ئەم پەرتووکە هەیە.

چەند ساڵێك لەمەو پێش، کاتێك پەرتووکی یۆگا زۆر کەم بوو، ئەوەی کەسێکی چاپکار لەسەری بوو ئەنجامی بدات بۆ ئەوەی پەرتووکەکەی بفرۆشێت تەنها بریتی بوو لە باش بوونی پەرتووکی یۆگاکە. ئەگەر خەڵکی کێشەیەکیان لەسەر یۆگا هەبووایە، ئەوا سەردانێکی پەرتووکخانەی ناوچەکەیان دەکرد و کەمێك دەگەڕان و ئەوەی پێویستیان بوو لە پەرتووکی یۆگا دەیانکڕی.

بەڵام لەمڕۆکەدا، زیاتر لە پێنج سەد پەرتووك لەسەر یۆگا بوونیان هەیە. هیچ کەسێك دانانیشێت تەماشایەکی هەموو ئەم پەرتووکانە بکات ئەگەر زۆریش هاندراو و بەجۆش بێت. کەواتە ئەگەر تۆ پەرتووکێکت لەسەر

یۆگا نوسیوە، ئەوا ئامادەی بەربەست و ئاستەنگیەکانی داهاتووت بە. چونکە لەگەڵ بوونی برێکی زۆر ڕکابەریدا، خەڵکی هیچ کێشەیەکی یۆگایان نەماوە تا چارەسەری بکەن. هەموو ئەو کەسانەی چەند ساڵێك لەمەو بەر پەڕتووکی یۆگایان کڕی و وایان کرد ئەم پەڕتووکە بەناوبانگ بێت، چیتر پەڕتووکی یۆگا ناکڕنەوە! ڕاستیەکی خەمناك هەیە لەسەر بازاڕگەڕی بۆ کاڵاکان، گرنگ نیە کاڵاکە بەرهەمێکە یان خزمەتگوزاریەکە، گرنگ نیە بانگەشەی خەڵکی بۆ دەکەیت یان کۆمپانیاکان:

زۆرینەی خەڵکی ناتوانن کاڵاکانت بکڕن، جا یان پارەیان پێ نیە، یان کاتیان نیە، یان هەر کاڵاکەیان ناوێت. ئەگەر خەڵکەکە پارەیان پێ نەبێت بۆ کڕینی ئەوەی تۆ دەیفرۆشیت بەو نرخەی پێویستە بیفرۆشیت، ئەوا بازاڕت نابێت. ئەگەر خەڵکەکە کاتیان نەبێت گوێت لێبگرن و تێبگەن لە بانگەشەکەت، وەکو ئەوە وایە نادیار بیت.

ئەگەر خەڵکەکە کاتیان تەرخان کرد گوێ بگرن لە بانگەشەکەت بەڵام بڕیاریاندا نەیکڕن...ئەوا دووبارە هیچت نابێت بە هیچ.



جیهان گۆڕاوە. بژاردەکان زۆر زیادیان کردووە، بەڵام لەگەڵیدا کات تا بێت کەمتر دەبێتەوە بۆ جوداکردنەوە و دەستنیشانکردنی بژاردەکان.

ئەمە تەنها بیست ساڵ لەمەو پێش وانەبوو. لەو کاتەدا بەکاربەران کاتێکی زۆر باشیان لەبەردەستدا بوو لەگەڵ ئەمەشدا بژاردەکانیان زۆر کەم بوو. ڕێگەی زۆر کەمترمان لەبەردەستدا بوو بۆ خەرجکردنی داهاتەکانمان، کەواتە ئەگەر کۆمپانیایەك داهێنانێکی ناوازەی ئەنجام بدایە (بۆ نمونە مۆبایل)، ئەوا زوو بە زوو پارەکەمان بۆ خەرج دەکرد.

چەند ساڵێك لەمەو بەر، ئابووریە زێدە بەرهەمدارەکەمان ڕێگەیەکی دۆزیەوە بۆ چۆنیەتی پڕکردنەوەی پێویستیەکانی هەمووان. پاشان بارودۆخ گۆڕدرا، وای لێهات بابەتەکە بوو بە پڕکردنەوەی ئەو پێویستیانەی دەمانەوێن. کۆمەڵگەی بازارگەڕی فێری کردینتا زیاتر و زیاترمان بووێتنەمەش بەهۆی بانگەشەیەکی زۆری سەر تەلەڤیزۆنەوە، بەکاربەرانیش بە باشی گوێڕایەڵی بوون.

لەنێو ئەو کەسانەی ئەگەری هەیە کاڵاکەت بکڕن، زۆرینەیان هەر هیچیان نەبیستووە دەربارەی کاڵاکەت. ئەمڕۆکە هێندە کاڵاکان و جۆرەکانیان زیادی کردووە وای لێهاتووە ڕاگەیاندن و بانگەشە ناگاتە هەموو کەس. بەکاربەرە سەرقاڵەکان پەیام و بانگەشە نەویستراوەکان پشتگوێ دەخەن و ڕکابەرەکەشت (کە دەبێت بەرگری لە بازاڕەکەی خۆی بکات) ئامادەیە پارەیەکی زیادە خەرج بکات لە بەرگریکردن لە بازاڕەکەی خۆی.

هەروەها خراپتر لەمە، وای لێهاتووە خەڵکی بە سەختتر بانگەشەی مۆڵەتداریان پێدەگات. هەر لەبەر ئەوەی تۆ ئیمەیڵ و ژمارە تەلەفونی

کەسێکت لایە واتای ئەوە نیە بیانەوێت گوێ لە بانگەشەکەت بگرن! خۆ ئەگەر لێرەدا کێشەی ئیمەیڵی سپام (ئیمەیڵی نەخوازراو) یش چارەسەر کرا و خەڵکی ئامادە بوون گوێ لە بانگەشەکەت بگرن لەڕێی تەلەفون و پۆستە و ئیمەیڵەوە ئەوا ئەگەری زۆر کەمە کاڵاکەت بکڕن. ئەو بەکاربەرانەی کاڵاکەتیان کڕیوە نایانەوێت چیتر بانگەشەکانت ببیستن، چونکە پێویستیەکەی خۆیانیان پڕ کردۆتەوە. کۆمپانیاکان باشتر و باشتر تێدەگەن لەوەی چی پێویستیەکانی بەکاربەرەکانیان پڕ دەکاتەوە (وادیارە توانیویشیانە بە سەرکەوتوویی ئەم کارە ئەنجام بدەن)، بەم هۆیەوە هێڵی سەرکەوتنیان بەرەو بەرز بوونەوە دەڕوات بەهۆی ئەوەی دەزانیت کام بانگەشە بنێریت بۆ بەکاربەرەکانت و ببێتە هۆی پڕکردنەوەی پێویستیەکانیان. کە من پێشتر باسی وتەی سەرۆکی فەرمانگەی داهێنان و پاراستنی ماف ویلایەتە یەکگرتوەکانم کرد هیچ مەبەستم ئەوە نەبوو گاڵتەجاڕی پێبکەم، کاتێك دەڵێت زۆرینەی ئەوەی پێویستمانە داهێنراوە.

کۆتا هەوڵ بریتیە لەوەی تۆڕەکانی بڵاو کردنەوەی بیرۆکەکان بە سەختی دەتوانن پێویستیی هەندێك خەڵکی و بازاڕ پڕ بکەنەوە. چونکە بازارگەڕان هێندە بانگەشەیان کردووە بەکاربەرانیان تاساندووە و بیزاریان کردوون. ئەگەری زۆر کەمە خەڵکی لەکاتی خۆیان بگرن و باسی کاڵایەك بۆ هاوڕێیەکیان بکەن، مەگەر زۆر دڵنیابن هاوڕێکەیان ئامادەیە گوێیان بۆ بگرێت و دڵخۆش بێت بە بیستنی. کۆتا جار کەیبو کەسێك باسی جۆرێکی نوێی حەبی ئازار شکێنی بۆ کردبیت؟ بابەتێکی بێزارکارە وایە؟ کەواتە هاوڕێکانیشت کاتی خۆیان و تۆش ناکوژن بە باسکردنی

جۆرێکی نوێی حەب. جەنجاڵییەکی زۆر لە ئارادا هەیە و بەکاربەرانیش تاقەتی ئەم جەنجاڵیەیان نیە.

ئەمە تەنها بۆ کالاّ بەکاربەریەکان ڕاست نیە، بەڵکو بۆ کالاّ کارسازی و پیشەسازیەکانیش ڕاستە. ئەوانەی کالاّی کارسازی دەکڕن جا بانگەشە بێت، پارچەی یەدەگ بێت، خزمەتگوزاری و دڵنیایی و موڵك بێت، وەکو جاران پێویستیی زۆریان نیە. ئەوانەی پێش تۆ کالاّ پێویستەکانیان دروست کردووە کەوتونەتە سەر پێی خۆیان و پێشکەوتوون، تۆش ئەگەر بتەوێت بازاڕێك بۆ خۆت دروست بکەیت یان کالاّیەك بخەیتە گەڕ ئەوا دڵنیابە ئاستەنگیەکی بەرچاو و سەخت چاوەڕێت دەکات.

پوختەی بابەتەکە ئەمەیە:

•هەموو کالاّ پێویستەکان دروست کراون، لەبەر ئەوە خەڵکی کێشە و پێویستیی سەختیان نیە بیانەوێت پڕی بکەنەوە.

•بانگەشەکان بە ئاسانی ناگەنە بەکاربەران لەبەرئەوەی بەکاربەران پشتگوێت دەخەن.

•ئەو کڕیارانەی دڵخۆشن بە کالاّکانیان ئەگەری کەمە باسی بکەن لەلای هاوڕێکانیان.

•یاسا کۆنەکان چیتر کاری خۆیان ناکەن وەکو جاران. بانگەشەکردن مردووە.

# مەرگی سەردەمی پیشەسازیی تەلەڤیزۆن

سەردەمی خۆی لە ویلایەتەیەکگرتوەکانی ئـەمریکا سـەردەمی سـەربازی بوو. بیرۆکەی پشت ئەم سـەردەمە زۆر سـادە بـوو. حکومـەت پـارەی بۆ چـەك خـەرج دەکـرد. کۆمپانیاکـان پـارەی باجیـان وەردەگـرت بـۆ دروستکردنی چەك. ئەم کۆمپانیایانە دەستی کاریان پێویست دەبوو. ئەم دەستی کارەش باجیان دەدا بە حکومەت. ئـەم باجانـە بـۆ کـڕینی چـەکی زیاتر خەرج دەکرا. ئەمـەش بـووە هـۆی دروسـتبوونی سـورێکی بـەهێزی ئەنجامدار. حکومەت گەورەتر بوو، خستنەسەرکار زیادی کرد، وادیار بـوو ئەم دۆخە بۆ هەمووان سەرکەوتن بوو.


سـەردەمی سـەربازی بـە ڕاسـتی بەرپرسـە لـە زۆرینـەی کێشـەکانی ئـەم جیهانەمان، بەڵام هێشتا سیستەمێکی بەهێزە و کاری خۆی هـەر دەکات. کاتێك نیـوەی ئـەم سیسـتەمە گـەورە بـوو وە گەشـەی کـرد، نیوەکـەی تریشی گەشەی کرد و تەشەنەی کرد.

ئەوەی لەماوەی پەنجا ساڵی ڕابردوودا زۆر بە کەمی تێبینی کراوە ئەوەیە سیسـتەمێکی تـری هاوشـێوە دروسـت کـرا بـەڵام سـامانێکی زۆر زیـاتری دروست کرد (بێگومان ئەمیش کاریگەری لاوەکی گەورەی هەبوو) وەك لـە سیسـتەمی سـەربازی. ئەمـەش مـن پێـی دەڵـێم سـەردەمی پیشەسـازیی تەلـەڤیزۆن. هۆکـاری ئـەوەی پێویسـتە خـەمی ئـەم سیسـتەمەمان بێت ئەوەیە بەرەو مردن دەچێت. ئێمـە بـەهۆی ئـەم سیسـتەمەوە ئابوریـەکی زۆر گەورەمان دروستکردووە، بەڵام ئەم سیستەمە بەرەو نەمان دەچێت.

مردنی ئەم سیستەمە بەرپرسە لە زۆرینەی ئەو کێشانەی دووچاری کۆمپانیاکانمان دەبنەوە.

ئەم سیستەمە بیرۆکەیەکی زۆر سادەی هەبوو. بریتی بوو لە دۆزینەوەی بازارێکی گەورە کە لە گەشەکردندایە و هێشتا دەستی بەسەردا نەگیراوە. کارگەیەکی بۆ دروست بکە و بانگەشەی تەلەڤیزۆنیی زۆر بکڕە. ئەم بانگەشانە دەبنە هۆی بڵاو کردنەوەی کاڵاکە بە دوکانەکاندا و دەفرۆشران. فرۆش کارگەکەی بە زیندوویی دەهێشتەوە و ئەمەش دەبووە دروستبوونی قازانج.

Niche market + Rek'lam || benefit




کارەسازە ژیر و بیر تیژەکان هەموو قازانجەکەیان لە کڕینی بانگەشەی زیاتردا خەرج دەکرد. ئەمەش دەبووە هۆی بڵاو بونەوە زیاتر و دروستبوونی کارگەی زیاتر. وردە وردە سوڕە بەهێزەکە دروست دەبوو وە ئەمەش دەبووە هۆی دروستبوونی براندێکی گەورە و قازانجدار.

لەگەڵ دروستبوونی براندەکەدا، نرخەکەشی بەرز دەبۆوە و ئەمەش قازانجی زیاتری دروست دەکرد و پارەی زیاتر دەمایەوە بۆ کڕینی بانگەشەی سەر تەلەڤیزۆنی زیاتر. بەکاریەران وا ڕاهێنرابوون ئەوەی

"بینرا لەسەر تەلەڤیزۆن" بەڵگەیە بۆ جۆرێکی باشی کاڵا، بەم هۆیەوە بەکاریەران تەماشای تەلەڤیزۆنیان دەکرد بۆ کڕینی کاڵاکان. ئەو براندانەی بانگەشەیان بۆخۆیان نەدەکرد کاڵاکانیان بڵاو نەدەبونەوە و بەمەش زەرەریان دەکرد.

نەخێر ئەمە عیلمی فەلەك نیە! بەڵام ئەم سادەبوونەشی هۆکاری سەرکەوتنەکەی بوو. بانگەشەکارانی گەورە و بەجەرگ (وەکو پرۆکتەر و گامبڵ) توانیان دەست بگرن بەسەر چەندان کاڵادا تەنها بە بەکارهێنانی ئەم بیرۆکە سادەیە.

ئەم سیستەمە کۆنە سەرکەوتوو بوو بۆ براندێکی وەکو ( Revlon).

(چارلز ریڤسن) یەکێك بوو لە یەکەمین گەورە بانگەشەکارەکانی سەر تەلەڤیزۆن، بانگەشەکردنیش بووە هۆی ئەوەی کۆمپانیاکەی بە شێوەیەکی بەرچاو گەشە بکات. ئەم کەسە قازانجەکانی لە چیدا خەرج دەکرد؟ لە بانگەشەی زیاتری سەر تەلەڤیزۆندا.

لە ساڵی ١٩٦٢دا، دەزگایەکی زیری بانگەشە (جەیوارد)یبەکرێگرت،ئەمکەسەدامەزرێنەری (Bullwinkle) ە، دەزگاکە داوای لەم کەسە کرد بانگەشەیەك دروست بکات.ئەم کەسە براندی دانەوێڵەی بەرچایی (Capn Crunch)ی دروست کرد و پاشان بانگەشەیەکی کارتۆنیشی بۆ دروست کرد. پاش ئەوەی بانگەشەکە دروستکرا و پەخش کرا، ئینجا کۆمپانیاکە دەستی کرد بە دروستکردنی دانەوێڵەی بەرچایی. کۆمپانیای (Quaker) زانیان ئەگەر ئەمانیش بانگەشەیان هەبێت، دەتوانن (Capn) بناسێنن بە هەموو منداڵێك لە ئەمریکادا. براندەکە گرنگتر بوو لە خودی دانەوێڵەی بەرچاییەکە.

ئەگەر ئەمڕۆ بوایە، هەرگیز نەدەتوانرا ئەم براندە بناسێنرێت، جا گرنگ نەبوو کێ بانگەشەکەت بۆ دروست دەکات. چونکە ئەمڕۆکە نە منداڵان نە کەسانی پێگەشتوو گوێ لە بانگەشەکان ناگرن.

بەکاربەران جاران وەکو منداڵێك وابوو لە دوکانی شیرینیدا و پارەی باشی پێبێت. ئێمە شتمان دەکڕی لە ڕێی تەلەڤیزۆنەکان و دوکانەکانیشەوە. زۆرمان پەلەبوو ماڵ و بەفرگر و گەراجەکانیشمان پڕ بکەین لە کاڵا.

ئەگەر تەماشایەکی خێرای لیستی کاڵاکانی پرۆکتەر و گامبڵ بکەین بە ڕوونی بوونی سەردەمی بانگەشەی تەلەڤیزۆن دەبینین. لەگەڵ تەماشاکردنی ئەم کاڵایانەدا ئاستەمە بتوانیت ڕێبگریت لە دروستبوونی وێنای بانگەشەکانیان لە مێشکتدا:

Bold, Bounce, Bounty, Cascade, Charmin, Cheer, Cover Girl, Crest, Dawn, Downy, Folgers, Head & Shoulders, Herbal Essences, Ivory, Max Factor, Miss Clairol, Mr. lean, Nice n Easy, Noxzema, NyQuil, Oil of Olay, Old Spice, Pampers, Pepto-Bismol, Pringles, Safeguard, Scope, Secret, Tampax, Tide, Vicks, Vidal Sassoon, Zest.

لەگەڵ بانگەشە بێزارکارەکانی کاڵاکانی وەکو

Wisk and Irish Spring.

بانگەشەکردن بەم جۆرەی سەرەوە جاران کاری خۆی دەکرد زۆر بە باشی و گرانە بەلامەوە باس لە کاریگەرێتی ئەم سیستەمە بکەم. هەرکاتێك بۆ نمونە دانەوێڵەی بەرچایی بکڕیت ڕاستەوخۆ بانگەشەکەیت وەبیر دێتەوە کە ڕەنگە ٣٠ساڵ لەمەو پێشبینی بێتت، بە هۆی ئەو بانگەشەیەوە تۆ ئامادەیت نرخێکی زیاتر بدەیت بەوەی لە بانگەشەکەدا

دیوتە. ئەگەر ئەمە کۆبکەینەوە بە درێژایی تەمەنت دەبینیت هەزاران دۆلارت خەرج کردووە تەنها بەهۆی بانگەشەیەکی خواردنی بەرچاییەوە.

بێگومان ئەمە تەنها بۆ کاڵاکانی ناو سوپەرمارکێتەکان نەبوو، بەڵکو بانگەشە بۆ ئەم کاڵا و کەسانەی خوارەوەش دەکرا:

Prudential. Archer ،Merrill Lynch ،John Hancock .Daniels Midland, Jeep, Ronald Reagan

بانگەشەی سەر تەلەڤیزۆن کاریگەرترین ئامرازی فرۆشتنن تا ئێستا دروست کرابێت. بەشێکی گەورەی سەرکەوتنی ئەم سەردەمەی ئەمریکا دەگەڕێتەوە بۆ شارەزابوونی کۆمپانیاکان لە بەکارهێنانی ئەم ئامرازەدا و بەکارهێنانی تا ئەوپەڕی توانا.

ئۆتۆمبیل و جگەرە و پۆشاك و خۆراك و ئەوەی هەیە و نیە کە باشترین شێوە و کاریگەرترین شێوە بانگەشەی بۆ کرابوو لەسەر تەلەڤیزۆن بەهۆی ئەم ئامرازەوە گۆڕانکاری بەسەردا هات. بازارگەران تەلەڤیزۆنیان تەنها بۆ برەودان بە کاڵاکانیان بەکارنەهێنا، بەڵکو تەلەڤیزۆن خودی خۆشی بووە هۆی گۆڕینی ئەو ڕێگەیەی کاڵاکانی پێدروست دەکرا و بانگەشەی بۆ دەکرا. لە دەرەنجامدا، هەموو پایەکانی بازارگەری گۆڕانکاریان بەسەردا هات بۆ قۆستنەوەی پەیوەندیەکانی نێوان کارگەکان و توانای کەسەکان لە ڕاکێشانی سەرنجی خەڵکیدا.

بێگومان ئەوە هەر تەلەڤیزۆن نیە خەریکە بەرەو کاڵ بونەوە و نەمان دەچێت. بەڵکو ڕۆژنامە و گۆڤارەکان و هەر میدیا و ڕاگەیاندنێك ببێتە هۆی داپچڕانی بەکاربەران لە کارەکانی خۆیان بەرەو کاڵبوونەوە و نەمان دەچن. تاکەکان و کارسازەکان چیتر سەرنجی شتەکان نادەن.

سەردەمی بانگەشەی تەلەڤیزۆن نزیکەی نیو سەدە مایەوە، ئەمەش ماوەیەکی زۆرە. هێندە زۆرە ئەو کەسانەی ستراتیژیەتە سەرکەوتوەکانی بانگەشەی سەر تەلەڤیزۆنیان دروست کرد هەموو لەناوچوون و مردن. کەسی سەردەمی کالآگانی

Philip Morris یانGeneral Foods نەماون کە لەیادیان بێت سەردەمی پێش تەلەڤیزۆن چۆن بووە چۆن بانگەشە کراوە. ئەمەش کێشەیە. سەردەمی بانگەشەی تەلەڤیزۆن خوێنی لەبەردەڕوات و بەرەو نەمان دەچێت و زۆرینەی بازارگەڕانیش هیچ بیرۆکەیەکیان نیە چۆن ئەم کێشەیە چارەسەر بکەن. ڕۆژانە کۆمپانیاکان ملیۆنان دۆلار خەرج دەکەن لەوەی سەردەمی شکۆمەندی بانگەشەی تەلەڤیزۆن دروست بکەنەوە و هەموو جارێکیش شکست دێنن.


یاسا کۆنەکە ئەمە بوو:

کالآی باش و ئاسایی دروست بکە و بانگەشەیەکی مەزنی بۆ ئەنجام بدە.

یاسای نوێ بریتیە لەمە:

کالآی ناوازە دروست بکە بۆ ئەو کەسانەی پێویستیانە و بەدوویدا دەگەڕێن.

دەتوانین هەمان شت ببینین لەم نەخشە سادەیەی خوارەوەدا:




بازارگەڕی سەردەمی کۆن قەدری ئەو بڕە خەڵکەی دەگرت و ڕێزی دەگرت کە دەیزانی بانگەشەی کالاکانی دەبینن. سەنتەری هێڵە چەماوەکە بریتی بوو لە ئامانجی بازارگەڕان. بازارگەڕیی ڕێژە بەرز بە شێوەیەکی گشتیی ئامانجی لە کڕیارانی زوو بەزوو لەگەڵ درەنگوەخت دەگرت چونکە ئەم دوو کۆمەڵەیە بریتیبوون لە زۆرترین کەس. بەڵام لە زۆرینەی بازارەکاندا بەهای کۆمەڵێك کەس پەیوەندی نیە بە قەبارەکەیەوە، بەڵکو بەهاکەی پەیوەندیە بە کاریگەرێتیەکەیەوە. لەم بازاڕەدا بۆ نمونە، کڕیارانی زوویەزوو بە شێوەیەکی زۆر گەورە کاریگەری دەکەنە سەر گشت کۆمەڵەکانی تر و چەماوەکە، کەواتە هاندانی ئەم کۆمەڵەیە زۆر شایستەترە لە خەرجکردنی هەر بڕە پارەیەك بۆ هاندانی کۆمەڵەکانی تر.

**لەپێشتر و لە پاشتر**

| پاش سەردەمی تەلەڤیزۆن | سەردەمی پیشەسازیی |
|---|---|
| کاڵای ناوازە | ڕێژەی مامناوەندی کاڵاکان |
| بانگەشەکردن بۆ لەخۆگرانی زووبەزوو | بانگەش بۆ هەمووان |
| ترس لە شکست | ترس لە شکست |




ئەو بانگەشەیەی بووە هۆی ناساندنی ئەم ئۆتۆمبیلە بە هەمووان.

یەکەم جۆری ئەم ئۆتۆمبیلە هێندەی ئێستا بەناوبانگ و دیار نەبوو وەك لەوەی لە یادتە. خەریکبوو فرۆشی نەمێنێ و ببێتە زەرەر، بەڵام بانگەشەکارێکی ژیر ئەم ئۆتۆمبیلەی ڕزگار کرد. بانگەشەی سەر تەلەڤیزۆن و پۆستەری بۆ کرد و وایکرد لە ئەمریکادا بۆ زیاد لە پازدە ساڵ ڕەواجێکی باشی هەبێت. ئەو وێنەیەی سەرەوە بەڵگەیەکە لەسەر بانگەشەی بەهێز و سەرکەوتووی سەردەمی تەلەڤیزۆن.

سەرکەوتنی جۆری نوێی ئەم ئۆتۆمبیلە بەهۆی قەبارە و شێوەی ئۆتۆمبیلەکەوە بوو نەک بانگەشەکە. جۆری نوێی ئەم ئۆتۆمبیلە سەرنجڕاکێش بوو بەهۆی شێوەکەی و هەستی لێخوڕینەکەیەوە. خەڵکی تێبینی باشیان لەسەر دا و بە باشی قسەیان لەسەر کرد و شێوەیەکی ناوازەی هەبوو، ئەمانە هەموو هۆکار بوون بۆ سەرکەوتنی جۆری نوێی ئەم ئۆتۆمبیلە. هەرکاتێك ئەم ئۆتۆمبیلە بە شەقامێکی پڕ لە ئۆتۆمبیلی شێوە سندوقیدا بڕۆشتایە هەموو سەرنجی بۆ شێوەکەی خۆی ڕادەکێشا، ئەمەش بانگەشەیەکی ناوازە بوو خۆی لە خۆیدا. پاش بانگەشەکردن بۆ جۆری نوێی ئەم ئۆتۆمبیلە بۆ ماوەی تەنها ٣ساڵ، کۆمپانیای فۆڵك سڤاگن ئێستا هاندەری نوێپێشکەش دەکات و شێوەی نوێتری هەیە و تایبەتمەندی باشتری هەیە، ئەمانە هەموو وادەکەن ئۆتۆمبیلەکە وەکو جاران سەرنجڕاکێش بێت. ئەمەش وەکو مانگا مۆرەکەی لێهات، بەڵام بەداخەوە هێشتا وەکو سەردەمی بانگەشەی تەلەڤیزۆن بەهێز و سەرکەوتوو نابێت و بۆ ماوەیەکی درێژ نامێنێتەوە.

**کاڵاکانی سەردەمی پیشەسازیی تەلەڤیزۆن**

BARBIE, PRELL, HONEYWELL, UNITED AIRLINES, MCDONALD'S, MARLBORO, CAP'N CRUNCH, BATTLING TOPS, EXCEDRIN, THE ORIGINAL BEETLE

**کاڵا ناوازەکان (مانگا مۆرەکان)**

STARBUCKS, MAGIC CARDS, DR. BRONNER'S, LINUX, JETBLUE, OUTBACK STEAKHOUSE, MOTEL 6, MP3, DR. BUKK, PROZAC, THE NEW BEETLE

a Niche market + a standout + early adopters = Success

مانگای مور
not monopolized
unique or extreme Prices quality or Conveinience ---etc
Find their hangout and spot

# ئەی چی سەرکەوتوو دەبێت؟

یەکێك لە ڕێگەکان بۆ زانینی بیردۆزەیەکی سەرکەوتوو ئەوەیە بزانیت چی کاری خۆی دەکات و سەرکەوتوو دەبێت لە جیهانی واقعیدا و بزانیت ڕێگە سەرکەوتووەکان چیی هاوبەشە لە نێوانیاندا.

بەڵام لە بازاڕگەڕیدا، ئەمە شتێکی مەتەڵاوی و پێچ و پەناداره. ئایا ئوتێلی (Four Season) و (Motel 6) چی هاوبەشە لە نێوانیاندا؟ جگە لەو ڕاستیەی هەردووکیان سەرکەوتنێکی نایابیان بەدەست هێناوە لەبواری ئوتێلسازیدا. یاخود Wal-Mart و Neiman Marcus چی هاوبەشە لە نێوانیاندا؟ ئەم دووانە هەردووکیان لە هەمان سەردەمەدا گەشەیان کردووە. یان کۆمپانیای (Nokia) کە هەر ٣٠ ڕۆژجارێکگۆڕانکاریلەهاردوێرەکەیدادەکرد،لەگەڵNintendo کە بازاڕگەڕی بۆ هەمان ئامێری Game Boy یاری دەستی دەکات لەماوەی پازدە ساڵی ڕابردووەوە.

ئەمە وەکو ئەوەیە شۆفێری بکەیت بەڵام تەماشای دواوە بکەیت. ڕاستە ئەمانە سەرکەوتوو بوون و کاری خۆیان کرد، بەڵام ئایا یارمەتیدەرن لەوەی پێشبینی بکرێت چی ئەگەری هەیە سەرکەوتوو بێت بۆ داهاتووش؟

ئەوەی هاوبەشە لەنێوان ئەم کۆمپانیایانەدا ئەوەیە هیچ شتێك هاوبەش نیە لە نێوانیاندا. ئەمانە لەسەر لێوار و ڕۆخەکان دەژین. یان زۆر خێران

یان زۆر خاون. یان زۆر گران بەهان یان زۆر هەرزانن. یان زۆر گەورەن یان زۆر بچوك.

هۆکاری ئەوەی وادەکات زۆر سەخت بێت بتوانرێت دوای کەس و لایەنە سەرکەوتووەکان بکەویت ئەوەیە ئەم لایەنانە پێشکەوتوون چونکە شتێکی ناوازەیان ئەنجام داوە. ئەم شتە ناوازەیەش چیتر ناکرێت دروست بکرێتەوە، چونکە ناوازەیەتیەکەی نابێت.

بۆچی ڕۆژنامەی (The Wall Street Journal) زۆر بێزارم دەکات؟

ئەم ڕۆژنامەیە بریتیە لە بانگەشەکاری بیرۆکە کۆنەکان. هەموو ڕۆژێك بە بەهای ملیۆنان دۆلار بانگەشە لەسەر ئەم ڕۆژنامەیە بڵاو دەکرێتەوە، ئەمەش واتە بازاڕگەرە تەقلیدیەکان هێشتا باوەڕیان وایە ڕێگە کۆنەکان کاری خۆیان دەکەن و گونجاون.

یەك بانگەشە لەسەر یەك پەڕەی ئەم ڕۆژنامەیە بە بەهای خانوویەکە لە ناوچەی بەفەلۆ لە شاری نیویۆرك! پەڕە دوای پەڕە پڕە لە بانگەشەی بێزارکار بۆ کاڵاکەی بێزارکار لەلایەن کۆمپانیایەکی بێزارکارەوە! ئەگەر بە ڕێژەی سەدا ٩٠لۆگۆیکۆمپانیاکانئالوگۆربکەیتهێشتاکەسپێینازانێت! بڕۆوێنەیکەسێك بە تەپلەیەکەوە بگۆڕە جێی وێنەی فەرمانبەرێکی ئاسیاوی کە زەردەخەنە بکات، هێشتا کەس پێی نازانێت.

بەیانیەکیان لە ئوتێلێکی نایاب بووم و ئیش و کارم نەبوو خەریکی کات بەسەربردن بووم، چومە لای کۆمەڵێکەوە کە خەریکی خوێندنەوەی ئەم ڕۆژنامەیە بوون و نانی بەیانییان دەخوارد، خوێندنەوەکەیانم پێ بڕین پاش ئەوەی بەشی یەکەمی ڕۆژنامەکەیان خوێندبۆوە، داوام لێکردن ئایا

دەتوانن تەنها دوو ناوی کۆمپانیام پێ بڵێن کە بانگەشەی لە سەرەتای ڕۆژنامەکەدا کردبوو، کەسیان نەیانزانی.

پاشان بانگەشەکانم هێنا و ناوی کۆمپانیاکەم نوشتاندەوە و داوام لێکردن ناوی کۆمپانیاکانم پێ بڵێن، هەر نەیانزانی.

پاشان داوام لێکردن پێم بڵێن ئایا کەسیان بەهۆی بانگەشە ملیۆن دۆلاریەکانی ئەو ڕۆژنامەیەوە پەیوەندییان بە کۆمپانیاکانەوە کردووە بۆ زانیاری زیاتر؟

وای بۆ دەچم بزانیت وەڵامەکەیان چی بووە!

لەم سەردەمەدا هەر تەلەفیزۆن نیە کە بانگەشەکانی کار ناکات و سەرکەوتوو نابێت. بەڵکو هەموو ئەو ڕێگەیانەی بانگەشەکاران بەرەوی تیادا دەدەن بە کاڵاکانیان جا بۆ بەکاربەران بێت یان بۆ کارسازان وردە وردە کاریگەرێتی نامێنێت.

ئەمەی لای خوارەوە دەقی تەواوی بانگەشەیەکە لە ڕۆژنامەی The Wall Street Journal دا:

"پێشکەشکردنی ناوی نوێی KPMG بۆ ڕاوێژکاری و سەردەمی بەهێزکردن

ئێمە زیاترمان ئەنجامداوە وەك لەوەی تەنها ناوەکەمان گۆڕیبێت. ئێمە چوینەتە سەردەمێکی نوێوە. سەردەمێکی بەهێزکردن، کە وادەکات (BearingPoint) کە پێشتر بە (KPMG بۆ ڕاوێژکاری) ناسرابوو ئامادەبێت جڵەوی جیهان بگرێتە دەست وەکو کاریگەرترین و بەڕێزترین ڕاوێژکاری کارسازی و سیستەمی یەکخستنەوە. ڕاستە ئێمە ناوەکەمان گۆڕیوە بۆ BearingPoint بەڵام ئەوەی نەمان گۆڕیوە بریتیە لە

شێوازی بیرکردنەوەمان، بریتیە لە خواستمان بۆ ئەنجامدانی کارەکان بەشێوەیەکی ڕاست و دروست. ئامانجی ئێمە بریتیە لەوەی ببینە بژاردەی یەکەمی هەمووان لە لوتکەدا بێگومان. ئێمە ئەم ئامانجە بەدەست دێنین بەهەمان ئەو شێوازەی ماوەی ۱۰۰ ساڵە کاری تێدا دەکەین. قوڵی لێهەڵدەماڵین و ڕێچکەی کردارەکی بەکاردێنین بە جۆش و خرۆشەوە. بەمەش زۆر زیاتر لە ڕاوێژکاری پێشکەشی بەکاربەرەکانی ئێستا و داهاتوومان دەکەین. بە یارمەتیدانی بەکاربەرانمان لە یەکخستنی کار و سیستەمەکانیاندا تا بتوانن ئامانجەکانیان بەدەست بێنن. بە دابینکردنی زانیاری دروست بۆ بەهێزکردنی کارەکانیان. چونکە زانیاری دروست دەبێتە ڕاکێشانی زانین. زانینیش دەسەڵاتە. بەشدارپێکردن بەهێزکردنە."

لیژنەیەك ئەم بانگەشەیەی نوسیوە و لیژنەیەکیش ڕەزامەندی دەربڕیوە لەسەری! بەڵام هیچ کەسێك لەیادی نامێنێت و هیچ کەسێکیش لەلای هاوڕێ و هاوپیشەکانی باسی ناکات. هیچ پێویست ناکات بانگەشەکردن بەم شێوازە خراپ بێت، بەڵکو دەبێت ناوازە بێت، دەبێت وابکات خەڵکی بەهۆیەوە باسی کالایەکی ناوازە بکەن.

تەنها بەهۆی ئەوەی شتەکە بانگەشەیە بەواتای ئەوە نیە ناکرێت ناوازە بێت. ئەگەر ئامانجی بانگەشەکار بریتیە لە دروستکردنی کاریگەری کە ببێتە هۆی داچڵەکاندنی خەڵکی و تێبینیکردن و باسکردنی لەلای هاوپیشەکانیان ئەوا دەبێت بانگەشەکان زۆر باشتر بن لەوەی ئەمڕۆ هەن. بەڵام هێشتا ئەمەش بەس نیە.

# هۆشداری و سەرنجڕاکێشان کرۆکی بابەتەکە نیە

بەکارهێنەرە کۆنەکانی بازاڕگەڕی خێرا و زوو بە زوو بەرگری دەکەن لە هێزی بانگەشەی سەر تەلەڤیزۆن. زۆر بە جۆشەوە باسی چیرۆکی سەرکەوتنی بانگەشەکانی ساڵانی ڕابردوو دەکەن و بە دڵخۆشییەوە باسی دەکەن چۆن تەلەڤیزۆن دەتوانێت هۆشداری بە ڕێژەی پێویست بەرزبکاتەوە بۆ ناساندنی کاڵایەکی نوێ یان هێشتنەوەی کاڵایەکی هەبوو بە ناسراوی.

بەڵام (Sergio Zyman) ی شارەزا لە بازاڕگەڕیدا کە ڕۆڵی سەرەکی هەبووە لە دووبارە بانگەشەکردنەوەی کۆکاکۆلادا، باسی دەکات کە دوو بەناوبانگترین بانگەشەی سەر تەلەڤیزۆن بۆ کۆکاکۆلا کە بریتی بوون لە (حەزدەکەم جیهان فێری گۆرانی وتن بکەم) لەگەڵ (Joe Greene ی سەقەت) چۆن نەیانتوانیوە هیچ کۆکاکۆلای زیاتر بفرۆشن، دەڵێت بەڵێ ڕاستە ئەم دوو بانگەشەیە سەرنج و هۆشداری خەڵکی بەرزکردەوە بۆ کۆکا کۆلا، بەڵام نەبوونە هۆی زیادکردنی داهات. ئەم کەسە بە گاڵتەجاڕییەوە دەڵێت دەبوایە بانگەشەیەکیان بەم جۆرە بوایە (حەزدەکەم جیهان فێری چۆنیەتی خواردنەوەی کۆکاکۆلا بکەم). وەك ئەم کەسە خۆی دەڵێت (جا خۆ کۆمپانیای زنجیرە سوپەرمارکێتی Kmart یش هۆشداری بەرزکردنەوەی زۆری هەیە، بەڵام سوودی نیە!)

# ویست و ڕێگەچارە

بە بڕوای من ئێمە لە بیرۆکەی ناوازەمان کەمنیە. بە ڕای من کارەکەت هەلی زۆر گەورەی هەیە تا کاڵای ناوازە بەرهەم بێنێت. ئەوەی کە وونە و نیە بریتی نیە لە بیرۆکەکان، بەڵکو نەبوونی ویست و ئیرادەیە لە جێبەجێکردنی بیرۆکەکاندا.

ئامانجی من لەم پەڕتووکە بریتیە لە ڕوونکردنەوەی ئەوەی سەلامەتترە ڕووبەڕووی مەترسیەکان ببیتەوە، بریتیە لە توندوتۆڵکردنی ویست و ئارەزووەکانت لە ئەنجامدانی شتانی ناوازە و سەرنجڕاکێش. هەر کات درکت بەوەکرد ڕێگەکۆنەکان چیتر سەرکەوتوو نابن و شکست دێنن، ئەوا بۆت ڕوون دەبێتەوە کە گرنگترە شتانێك دروست بکرێت و بەرهەمبێت کە شایەنی باسکردن و قسە لەسەر کردن بن.

یەکێك لە باوترین پاساوەکانی هاوپیشەکانت لەوانەیە بریتی بێت لەوەی توانای دۆزینەوەی بیرۆکەی مەزن و نایابیان نیە، یاخود ئەگەر هەشیان بێت نازانن بیرۆکەی مەزن لە بیرۆکەی هیچ و لاواز جودا بکەنەوە. ئەم پەڕتووکە هێندە دوور و درێژ نیە من بتوانم باسی هەموو بیرۆکە باران و بیرۆکە دۆزینەوە و تەکنیکە داهێنەرەکان بکەم تیایدا کە لەلایەن کۆمپانیا سەرکەوتووەکانەوە بەکاردێت لە سەرتاسەری جیهاندا. بەڵام دەتوانم نوکە بیرۆکەکان بخەمە بەرچاو، ئەو شتانەی تۆ بتوانیت بەخێرایی بەهۆیانەوە بکەویتە سەر کار و بیرۆکە ناوازەکەت (مانگا مۆرەکەت) بدۆزیتەوە. ئەگەر ویستت هەبێت، ڕێگەچارەش دەدۆزیتەوە.

elevator(??) = ئەسانسۆر



# لێکۆڵینەوەیەك لە بابەتێکی سەرکەوتوو

ئەسانسۆر بێگومان کاڵایەکی ئاسایی و هەرزان نیە. هیچ نەبێت نزیکەی ملیۆنێك دۆلاریان تێدەچێت و لەگەڵ بنیادنانی بیناکەدا دادەنرێت و ئەگەر بیناکە چەند قاتێك بەرز نەبێت ئەسانسۆر هیچ سودێکی نیە.

ئەی کەواتە کۆمپانیاکانی دانانی ئەسانسۆر چۆن ڕکابەری دەکەن؟ تا ئەم دواییانە فرۆشتنی ئەسانسۆر چەندەها لایەنی تری لەخۆ گرتبوو وەکو گەشت و خوانی ئێوارە و پەیوەندی پتەو لەگەڵ خاوەن بینا و باڵەخانە گەورەکاندا. ڕاستە ئەمە کاری خۆی دەکات، بەڵام کۆمپانیای ئۆتیس بۆ ئەسانسۆر ئەم لایەنەی بە شێوەیەکی ڕیشەیی گۆڕی و (مانگایەکی مۆر)ی دروست کرد.

ئەگەر بچیتە ئۆفیسی کۆمپانیای (Cap Gemini) لە گۆڕەپانی تایمز، دەبینیت چارەسەرێکی زۆر ناوازە دانراوە، بۆ چی کێشەیەك؟ بۆ کێشەی ئەسانسۆرەکان، بڕوانە، ئەسانسۆر تا دەگاتە ئەو نهۆمەی تۆ دەتەوێت دە جار یان پازدە جار دەوەستێت، ئەمەش زۆر بێزارکارە، بەڵام کێشەیەکی زۆر گەورە و گران بەهایە بۆ باڵەخانەکە. لەکاتێکدا ئەسانسۆرەکە لە زۆربەی نهۆمەکاندا دەوەستێت، ئەو خەڵکەشی چاوەڕێی دەکەن تا دێت زیاتر بێزار دەبن. لێرەدا ڕەنگە بڵێیت دەبێت باڵەخانەکە ئەسانسۆری زیاتر دابنێت، بەڵام پارەش هێندە نەماوە بۆ دانانی ئەسانسۆری نوێ و جێگەش نیە لێی دابنرێت. ئەی کەواتە کۆمپانیای ئۆتیس چی کردووە؟ کاتێك لە ئەسانسۆرەکە نزیك دەبیتەوە،

کلیلی ژوورەکەت دەکەیتە ناو سندوقێکی کۆنترۆڵەوە و ئەویش پێت دەڵێت کام ئەسانسۆر بۆ نهۆمەکەی تۆ دەچێت

بەم چارەسەرە تا ڕادەیەك سادەیە، کۆمپانیای ئۆتیس توانی وابکات هەر ئەسانسۆرێك وا کار بکات وەکو ئەوەی تایبەت کرابێت بە نهۆمێك. بەمە باڵەخانەکان دەکرێت درێژتر دروست بکرێن و ئەسانسۆری کەمتر دابنرێت و ڕێژەی چاوەڕێکردنەکانیش کورتتر دەبێتەوە و باڵەخانەکەش شوێنە زیادەکان بۆ شتی تر بەکاردێنێت نەك بۆ ئەسانسۆری زیادە. بەڕاستی ئەمە چارەسەرێکی سەرکەوتووانە و کەم تێچووە.

ئایا لە جیهاندا کۆمپانیایەکی بیناسازی هەیە ئاگاداری ئەم چارەسەرە ناوازەیە نەبێت؟ باوەڕناکەم. کۆمپانیا ئەسانسۆرەکانی تر گرنگ نیە چەندێك بانگهێشتی ئێوارە خوان و نیوەڕۆ خوان دەکەن، تازە کۆمپانیای ئۆتیس ڕکابەریەکەی بردەوە.

لەبری ئەوەی هەوڵی ئەوە بدەیت تەکنۆلۆژیا و شارەزایی بەکاربێنیت بۆ دروستکردنی کاڵایەکی باشتر بۆ بەکارهێنەرەکانت، داوا لە بەکارهێنەرەکانت بکە ڕەفتاریان بگۆڕن بەرامبەر کاڵاکە تا کاڵاکە زۆر بە باشتر بەکاربێنن.

Possible Solution

# لێکۆڵینەوەیەك لە کۆمپانیای (Tide–تایت)

بێ گومان تایت یەکێکە لە هەرە باشترین پاکژکارەکانی جلشۆرین لە مێژوودا. هەموو ساڵێك پرۆکتەر و گامبڵ ملیۆنان دۆلار وەبەرهێنان دەکەن تیایدا و تیمێکی هەرە شارەزای کیمیایی دەوێت تا باشتر و باشتر پەرە بە تایت بدەن.

بەڵام ئایا ئەمە کارێکی گونجاوە؟

تایت هەر زوو سەرکەوتنی بەدەستهێنا چونکە تێکەڵەیەکی باشی هەبوو لە بانگەشەی سەر تەلەڤیزۆن و بڵاو کردنەوەیەکی باش و لەگەڵ ئەمەشدا کاڵایەکی زۆر باش. لەگەڵ شکستهێنانی سەردەمی بانگەشەی تەلەڤیزۆنیدا، بانگەشەکانیش وردە وردە گرنگییان نەما. ئێستا لەگەڵ سەرکەوتن و بڵاو بوونەوەی کۆمپانیای زنجیرە سوپەرمارکێتی (واڵمارت) دا، بڵاو بوونەوە بۆتە لایەنێکی هەرە گرنگ. تەنها یەك زنجیرە دوکان لەم سوپەرمارکێتانەدا بەرپرسە لە یەك لەسەر سێی فرۆشی تایت. کەواتە بەبێ واڵمارت، تایت شکست دێنێت و نامێنێت.

ئەی باشە پرۆکتەر و گامبڵ دەبێت چی بکەن؟ ئایا دەبێت داهێنانێکی نوێ ئەنجام بدەن و کاڵایاکی ناوازە بهێننە کایەوە کە ببێتە هۆی سەرنجڕاکێشانی کڕیارانی پاکژکارەکان؟ یاخود بەرەوپێشچوونە پلەبەندیەکان تەنها شتانێکی بەجێهێڵراوی سەردەمێکی ترن؟ سەردەمێك کە تیایدا خەڵکی بە ڕاستی گرنگییان دەدا بە پاکژکارەن بۆ شۆردنی پۆشاکەکانیان؟ کەسانی بیرمەندی ناوازە پێشبینی ئەوە دەکەن پرۆکتەر و گامبڵ چی قازانجێکیان کردووە هەڵی بگرن و خەرجییەکانی

لێکۆڵینەوەکان ڕابگرن و چەندێك توانییان نرخی کاڵاکانی تایت بەرز بکەنەوە و قازانجەکان بخەنە بواری دروستکردنی کاڵایەکی ناوازەی ترەوە. ئەگەر بەشی لێکۆڵینەوەی ئێستای کۆمپانیای تایت ناتوانێت قازانجێکی بەرچاو بەدەست بێنێت ئەی سودی ئەم بەشە چیە؟!

– ئەگەر داهاتووی کاڵایەك ئەگەری نیە ناوازە بێت
– ئەگەر ناتوانیت داهاتوویەك بهێنیتە پێش چاوت کە تیایدا خەڵکی سەرسامن بە کاڵاکەتئەوا کاتی ئەوە هاتووە درك بکەیت بەو ڕاستیەی سەردەمەکە گۆڕاوە. لە بری وەبەرهێنانکردن لە کاڵایەکدا کە بەرەو شکست و نەمان دەچێت، قازانجەکان بەکاربێنە لە وەبەرهێنانکردن لە بنیادنان و دروستکردنی کاڵایەکی نوێدا.

ئەگەر تەماشای هێڵکاری بیرۆکەکە بکەین، دەبینین بڕی زۆری فرۆشی کاڵایەك لە پاش ئەوەوە دێت کە بەکاربەران ئامادەبوون شتانێکی نوێ تاقی بکەنەوە. ئەم لەخۆگرە زووبەزووانە ژینگەیەك دروست دەکەن کە تیایدا کڕیارانی زووبەزوو لەگەڵ درەنگوەخت هەست بە سەلامەتی بکەن و کاڵا نوێیەکە دەکڕن. ئەو فرۆشەی گرنگە پاش تێپەڕاندنی لای چەپی هێڵکاریەکە دروست دەبێت.

ئەوەی شایەنی تێبینیە لێرەدا بریتیە لەوەی زۆرینەی چەماوەکە کاڵا و بانگەشەکەت پشتگوێ دەخەن. هەموو جارێك کڕیارانی زووبەزوو لەگەڵ درەنگوەخت گوێ لە هاوتا شارەزاکانیان دەگرن و تۆ پشتگوێ دەخەن. لەوانەیە ئەم کۆمەڵەیە سەرنجت ڕابکێشێت و کۆمەڵەکانی تر پشتگوێ بخەیت بەڵام ئەمە چیتر سەرکەوتوو نیە و کاری خۆی ناکات. بێ گوێدانە

جـۆری پیشەســازیەکە، کــالاّ و خزمەتگوزاریــە ســەرکەوتووەکان ئــەم هێڵکاریە لەم سەرەوە تا ئەوسەر پەیڕەو دەکەن پاش ئـەوەی ناسێنران.

سەرەتا کالآکان لەلایـەن داهێنەرانـەوە دەکـڕدرێن. ئـەم کەسـانە ئەوانـەن کالآیان دەوێت بەبیّ ئەوەی پێویستیان بێت. تەنها حـەز دەکـەن کالآکـان بکـڕن. ئـەم کەسـانە ئەوانـەن لـە ڕیـزی پێشـەوەی نمایشـی پۆشـاکدا دانیشتوون لە پاریس و سەردانی کۆنگرەی تەکنۆلۆژی دەکـەن و ڕۆژنامـە ناوازەکانی بازرگانی دەخوێننەوە.

هەروەها لە تەنیشت داهێنەراندا، لەسەر هێڵکاریەکـە کۆمەڵـەی لـەخۆگران هەیـە. لـەخۆگرانی زوو بـە زوو ئەوانـەن کـە بـە ڕاسـتی سـوود لـە کـالاّ نوێیەکان وەردەگرن و خوازیارن لە پێش هەموانەوە بن بە هەبوونی کـالاّ و خزمەتگوزاری نویّ. کالآکان دەکرێت وەبـەرهێنانێکی نـویّ بێـت یـاخود تەنانـەت بەرنامەیەکـەی تەلـەڤیزۆنی نـویّ بێـت. ئـەم کۆمەڵەیـە بـۆ هـەر بازارێك کۆمەڵەیەکی گرنگن و ئامادەن پارە خەرج بکەن.

لە پاش ئەم کۆمەڵەیەش کۆمەڵەی کڕیارانی زووبەزوو لەگەڵ درەنگوەخـت دێت. ئەم بەکاربەرانە حـەزیان لـە کـالاّی نـویّ و خزمـەتگوزاری نـویّ نیـە تەنانەت ئەگەر سوودیشی هەبێت. بەلاّم ئەگـەر هاوتاکانیـان لـە کۆمەڵـەی دووهەم بە باشی باسی کالاّ نوێیەکان بکەن، ئەمانیش ئامادەن بیـانکڕن و بەشداری بکەن.

گرنگـە درك بـە دوو شـت بکرێـت لـەم کۆمەڵـە گـەورە و قازانجهێنـەرەدا. یەکەم ئەوەیە ئەم کەسانە زۆر باشن لە پشتگویّ خستنی بانگەشـەکانتدا. کێشەکانی ئەم کەسانە زۆر گـەورەترە لـەوەی کـالاّ و خزمەتگوزاریـەکانی

تۆ بتوانێت پرپان بکاتەوە و چارەسەریان بکات، لەگەڵ ئەمەشدا ئامادە نین کاتی خۆیان تەرخان بکەن بۆ گوێگرتن لە بانگەشەکانی تۆ.

دووهەم شت ئەوەیە ئەم کەسانە گوێ لە کۆمەڵەی یەکەمی هێلکاریەک (داهێنەران) ناگرن. ئەم کۆمەڵەیە رێسا و سیستەم و کاڵایەکیان دەوێت کە بەدەگمەن کاڵا نوێیەکان پێشکەشی دەکەن. چەندەها کاڵا و خزمەتگوزاری هەیە کە ناتوانێت بگاتە ئەم کۆمەڵەیە، چونکە وەك وتمان ئەم کۆمەڵەیە ئامادەنین گوێ لە هاورێکانی خۆشیان بگرن، ئەی چۆن گوێ لە تۆ دەگرن.

لە کۆتاییشدا کۆمەڵەی خاو و خلیچکەکان هێڵەکە تەواو دەکەن، کاتێك ئەمان بریار دەدەن کاسێتێکی گۆرانی بکرن ئێمە چوینەتە سەردەمی سی دییەوە! ئەم کۆمەڵە کەسە شتێکی نوێ بەکار ناهێنن تا زۆر کۆن دەبێت و بێ کەڵك دەبێت، جاری وا هەیە هەر بونیان نامێنێت لە بازاریشدا!

*کەس بە جۆش و خرۆشەوە خۆی ناگونجێنێت لەگەڵ کاڵا و بەرهەمەکەتدا.* زۆرینەی بەکاربەران لە بنەرەتدا دڵخۆشن و گیریان خواردوە و بەوەی کریویانە و هەیانە رازین. بەدووی کاڵای جێگرەوەدا ناگەرێن و حەز ناکەن خۆیان بگونجێنن لەگەڵ کاڵای نوێدا. ئێمەش هیچ دەسەڵاتێکمان نیە زۆریان لێبکەین. تاکە هەلی تۆ لێرەدا بریتیە لە فرۆشتنی کاڵاکانت بە کەسانێك حەزیان بە گۆرانکاری بێت و حەزیان لە بابەت و کاڵای نوێ بێت، کەسانێك بە چالاکانە بگەرێن بەدووی ئەوەی دەیفرۆشیت. پاشان تۆ هیواخواز دەبیت بیرۆکەکەت بلاو ببێتەوە و لە لەخۆگرانی زوویەزووەوە بلاو ببێتەوە بۆ کۆمەڵەکانی تر. پاش ئەوەی

ئەم کۆمەڵەیە کاڵاکەی تۆیان لەخۆ گرت، ئەم کۆمەڵەیە باسی دەکەن و وەکو ئەوەیە ئەمان کاری فرۆشتنەکەت بۆ بکەن بۆ کۆمەڵە گەورەکان، نەك تۆ! بەڵام لەوانەیە کارێکی فرۆشیاری لاواز ئەنجام بدەن. (موور بە دوور و درێژی باسی چۆنیەتی بانگەشەکردن بۆ کۆمەڵەکانی تری سەر هێڵەکە دەکات، من پێشبینی ئەم پەڕتووکەی دەکەم)

دەبێت کاڵایەك دروست بکەیت و بەرهەمبێنیت هێندە ناوازە بێت کە سەرنجی لەخۆگرانی زووبەزوو ڕابکێشێت و هێندەش گونجاو و سەرنجڕاکێش بێت وا لەم کۆمەڵەیە بکات دڵخۆش بن لە باسکردنی کاڵاکەت و بڵاو کردنەوەی بیرۆکەکەت بۆ کۆمەڵەکانی تر.

کامێرای دیجیتاڵی بۆ ماوەی چەند ساڵێك نرخی زۆر گران بوو. لە سەرەتادا تەنها خوازیارانی تەکنۆلۆژی و کۆمپیوتەر ئەم کاڵایەیان دەکڕی. ئەم کامێرایانە کەمێك لێزانینی دەویست لە سەرەتادا، لەگەڵ ئەمەشدا جۆرەکەیان زۆر باش نەبوو. بە تێپەڕبوونی کات، کامێراسازان سەرقاڵبوون بە چارەسەرکردنی کێشەکانی ئەم کاڵایەوە، بەمەش فرۆشیان زۆر باش زیادی کرد. کامێرای دیجیتاڵی لە ڕێگەدان بۆ جێگرتنەوەی کامێرای فلیم بە تەواوەتی. ئەم گۆڕانکاریە لەڕێی هەڵمەتی بانگەشەی چاك و گونجاوەوە نەبوو، بەڵکو بەهۆی ئەوەوە بوو کە لەخۆگرانی زووبەزوو بە سەرکەوتووانە بیرۆکەی ئەم کاڵایەیان بۆ هاوڕێکانیان باس دەکرد و بڵاو دەکردەوە.

کامێرای دیجیتاڵی بڵاو بۆوە چونکە ئاسان بەکاردەهێنران و نرخیان لە کامێرای فلیم هەرزانتربوو. ئاشکرایە لایەنە باشەکانی ئەم کاڵایە چیە، بە ئاسانی باس دەکرا و بە ئاسانی نمایش دەکرێت و پیشانی کەسەکانی تر

دەدرێت چۆن کار دەکات و هەرکاتێك لەخۆگرانی زوویەزوو کەسێکی کۆمەڵەی خاو و خلیچکانی بدیبا کامێرای فلیم بەکاربێنێت ئەمان ڕاستەوخۆ کامێرا دیجیتاڵیەکەیان پیشان دەدان یان بۆیان باس دەکردن. ناوازەبوون بە شێوەیەکی گونجاو بە دوو ڕێگە یارمەتیدەرت دەبێت.

یەکەم، وادەکات زۆر بە ئاسانتر سەرنجی کۆمەڵەکانی بەشی چەپی هێڵکاریەکە ڕابکێشێت. دووهەم، وادەکات ئاسانتر لەخۆگرانی زوویەزوو باسی کاڵاکە بکەن بۆ هاوتاکانیان لە کۆمەڵەکانی تردا.

# ئەو بیرۆکانی بڵاو دەبنەوە، سەرکەوتوو دەبن.

براندێك یان کاڵایەك هیچ نیە لە بیرۆکەیەك زیاتر. ئەو بیرۆکانەی بڵاو دەبنەوە ئەگەری زیاترە سەرکەوتوو بن وەك لەوانەی بڵاو نابنەوە. من بەو بیرۆکانەی بڵاو دەبنەوە دەڵێم (ڤایرۆسی بیرۆکە). basically meme

خەڵکانی پڕمیو (ئەوانەی بیرۆکەکان بڵاو دەکەنەوە وەکو ئەوەی توش بووبن بە ڤایرۆسی هەستیاری) باشترین کەسن بۆ بڵاو کردنەوەی بیرۆکەکان. ئەمانە ئەو پسپۆرانەن کە باسی کاڵا نوێیەکان و خزمەتگوزاریە نوێیەکان بۆ هاوپیشە و هاوڕێ و خوازیارەکان دەکەن. پڕمیوەکان ئەوانەن بیرۆکەکان وەکو ڤایرۆس بڵاو دەکەنەوە و پارێزگاری لەم بڵاو بونەوەیەش دەکەن. داهێنەران و لەخۆگرانی زووبەزوو لەوانەیە یەکەم کەس بن کاڵاکەت بکڕن، بەڵام ئەگەر پڕمیویش نەبن، ئەوا بیرۆکەکەت بڵاو ناکەنەوە. یاخود هۆکاری ئەوەیە خۆپەرستن و دەیانەوێت تەنها خۆیان کاڵاکانیان هەبێت، یان تاقەتی بڵاو کردنەوەی بیرۆکەیان نیە. بە هەرحاڵ، ئەمانە وەکو ڕێگەیەکی داخراو وان و بیرۆکەکەت دەمرێت لەلایان.

هەموو بازاڕێك چەند پڕمیوێکیان هەیە. زۆر جار ئەمانە لەخۆگرانی زووبەزوون، بەڵام هەموو کاتێك نا. دۆزینەوە و هاندانی ئەم پڕمیوانە هەنگاوێکی زۆر گرنگە بۆ دروستکردنی ڤایرۆسی بیرۆکە.

کەواتە چۆن بتوانیت بیرۆکەیەك دروست بکەیت توانای بڵاو بونەوەی هەبێت؟ هەوڵ مەدە کاڵایەك دروست بکەیت بگونجێت لەگەڵ هەمووان‌دا، چونکە شتی وا ئاستەمە و دوایی کەس نایەوێت. تازە ئەو کاڵایانەی

گونجاون بۆ هەمووان هەمووی دروستکراون و گیراون. پڕمیوەکان لەم بازارە زەبەلاحەدا چەندان بژاردەیان لەبەردەستدایە و زۆر ئاسودەن و ئەگەری زۆر کەمە بتوانیت سەرنجیان ڕابکێشیت.

بۆ ئەوەی بتوانیت بیرۆکەکەت بلاو بێتەوە و ببێتە جێی باس و خواس، باشترین ڕێگە بریتیە لە بە ئامانج گرتنی بازاڕ و کۆمەڵێکی بچوک وەك لە بازاڕێکی گەورە. لە بازارە بچوکەکەدا دەتوانیت بەشێك لە سەرنج بۆخۆت ڕابکێشیت و بیرۆکەکەت بلاو بکەیتەوە، ئەم بیرۆکەیە سەرنجی تەواوی ئەم کۆمەڵە بچوکە ڕادەکێشێت بە شێوەیەك هەرچیەك بفرۆشیت دەیکڕن. لەخۆگرانی زووبەزووی ئەم بازارە بچوکە بەجۆشن گوێت لێبگرن و بزانن چیت پێیە بۆ فرۆشتن. پڕمیوەکانی ئەم بازارە بچوکە ئەگەری زۆر زیاترە باسی کالاکەت بکەن و باشترین شتیش ئەوەیە تەنها چەند پڕمیوێکی کەمت پێویستە بۆ ئەوەی بیرۆکەکەت بلاو بکەنەوە و بیگەیەننە کۆمەڵە گەورەکان.

پاشان ئەگەر لە کارەکەت زانی و بەخت یاوەرت بوو، کالاکەت سەرکەوتوو دەبێت. پاش ئەوەی کالاکەت توانی بازارە بچوکەکە داگیر بکات، وردە وردە بەرەو کۆمەڵە گەورەکانی تر دەڕوات.

شتێکی بێ هۆ نیە کە هەندێك کالا سەرکەوتوو دەبن و هەندێك سەرکەوتوو نابن. کاتێك ڤایرۆسی بیرۆکە دروست دەبێت زۆرجار بەهۆی ئەوەیە هەموو لایەنەکانی تر کاری خۆیان کردووە. ئایا ڕێژەی ئاسان بلاو بونەوەی بیرۆکەکەت چەندێکە؟ ئایا تا چەند خەڵکی بیرۆکەکەت بلاو دەکەنەوە بۆ هاوڕێکانیان؟ ئەو کۆمەڵەیەی تۆ بە ئامانجت گرتووە چەندێك نزیکن لەیەکەوە؟ ئایا زۆر قسە دەکەن لەگەڵ یەکدی؟ ئایا

باوەڕیان بە یەکدی هەیە؟ ئایا ئەو کەسانەی بیرۆکەکەت بڵاو دەکەنەوە چەندیك ناوبانگیان هەیە؟ ئایا بیرۆکەکەت کێشی چەندە؟ ئایا تەنها ئارەزوویەکی کاتییەو و پێویستی بە ڕەواجێکی خێرا هەیە پێش ئەوەی کاڵاکەت بمرێت؟ یان بیرۆکەکەت خۆی کەوتۆتە سەر قاچی خۆی و دەتوانێت بە تێپەڕبوونی کات بڵاو ببێتەوە؟

هەموو پەرەپێدانی کاڵا نوێیەکانت بەم شیکاریەدا ببە، پاشان بۆت دەردەکەوێت کام بیرۆکە ئەگەری زیاترە سەر بکەوێت و بڵاو ببێتەوە. ئەوەی ئەگەری زیاتر بوو شایەنی پارە خەرجکردن و بانگەشەیە.

# هەڵە لێك تێگەشتنە گەورەکە

کێشەی ئەو پەڕتووکانەی لە سەرەتای ئەم پەڕتووکەدا پێشنیارم بۆ کردن (پەڕینەوە بەسەر کەلێنەکەدا، نوکی لوتکە، بڵاو کردنەوەی ڤایرۆسی بیرۆکە) ئەوەیە زۆرینەی بازارگەرەکان ڕێك لە بیرۆکەی پێچەوانەی ئەم پەڕتووکانە تێدەگەن.

ئەو بازارگەرانەی ئەم پەڕتووکانەیان خوێندۆتەوە زۆر جار وای بۆ دەچن بیرۆکەکانی ناو پەڕتووکەکان ساختەن و ڕاست نین و لە هەزارجاردا جارێك کار دەکەن و سەرکەوتوو دەبن. کاتێك بیرۆکەیەك دەبێتە ڤایرۆسی بیرۆکە، بەسەر کەلێنی کۆمەڵەکاندا دەپەڕێتەوە و دەچێتە لوتکە، هەموو بەکاربەرەکان سەرقاڵ دەبن بە بڵاو کردنەوەی بیرۆکەکەت لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر، تۆش دەتوانیت پاڵی لێ بدەیتەوە و چاوەڕێی سەرکەوتنی کاڵاکەت بیت.

لە هەمان کاتدا، کەسە نەگبەتەکانی پرۆکتەر و گامبڵ و نایکی و کۆلگەیت–پامۆلیڤ نزیکەی ٤ملیار دۆلار خەرج دەکەن لەساڵێکد اتەنها لەبانگەشەدا!

دەزانی چی؟ هەردوو ئەو دوو کۆمەڵە کەسەی سەرەوە هەڵەن! لە کاتێکدا هەندێك جار ڤایرۆسی بیرۆکە بەهۆی بەختەوە دروست دەبێت (وەکو هەندێك گۆرانی و کاڵای سەیروسەمەرە)، بەڵام زۆرینەی جارەکان کاڵاکان سەرکەوتن بەدەست دێنن لەوەی کەسێك باسی بکات بۆ کەسێکی تر و ئەمەش بە هەوانتە دروست نەبووە بەڵکو زۆر بە وریایی هەژماری بۆ کراوە.

بازارگەڕی لە سەردەمی پاش بانگەشەی سەر تەلەڤیزۆندا بریتی نیە لە دروستکردنی کالآیەکی سەرنجڕاکێش یان جوان یان هەزەلی یان هەرچیەك بێت. بەڵکو بریتیە لەوەی کالآیەك دروست بکەیت وەکو ڤایرۆس بڵاو ببێتەوە. ئەو کالآیانەی کەلێن و کەندەکان دەپەڕێنن و وادەکەن بەکاربەرە دوودڵەکانیش بیانکڕن، ئەم کالآیانە ئەگەری زۆر زیاترە سەربکەون وەك لە کالآکانی تر. ئەو خزمەتگوزاریانەی شایەنی باس کردن بن دڵنیابە باس دەکرێن.

ئەو هەموو پارە زۆرەی بەکاری دێنیت لە کڕینی بانگەشەی سەر تەلەڤیزۆن و بانگەشەی سەر کاغەز و دروستکردنی بانگەشەی تردا هەمووی بە خەسار دەڕوات و هیچ سودی نابێت. ئەگەر بازارگەڕی هیچ زیانێکی نەبێت ئەوا زیانی ئەوەی هەیە کە کاتێکی زۆر بە فیڕۆ دەدات و زۆر گران بەهایە. کەواتە بۆ ئەم هەموو پارەیە لە سەرەتاوە بەکارناهێنیت بۆ دروستکردنی کالآیەکی ناوازە؟ ئەوە بزانە کالآی ناوازە هەرزان نیە و ئاسان نیە، بەلأم دڵنیابە باشترین ستراتیژیەتە بۆ سەرکەوتن و گەشەکردنی کالآکەت.

مانگای مۆر هەرزان نیە و ئاسان نایەتە دەست. پێویستە لەوە تێبگەین وەبەرهێنان لە دروستکردنی کالآیەکی ناوازەدا هێندەی کڕینی بانگەشەیەکی زۆر مەزن باش و بەسوودترە.

# کێ گوێ لە بانگەشەکەت دەگرێ؟

کەمێک تاوانبارم بە بەراوردێکی لەرادەبەدەر. لەگەڵ هەموو ئەو بانگەشە زۆرەی سەر تەلەڤیزۆن و پێشبینیی لەناوچوونی ڕاگەیاندنەی لە ئارادایە، بە ئاسانی پێشبینی ئەوە دەکرێت کە بانگەشەکان چیتر کاری خۆیان ناکەن و سەرکەوتوو نین، هەموو بەکاربەران بانگەشەکان پشتگوێ دەخەن و گوێیان پێنادەن.

خۆی لە ڕاستیدا بانگەشە کاری خۆی هەر دەکات، بەڵام شتەکە ئەوەیە وەکو جاران سەرکەوتوو نیە و تێچوویان زۆر گران بووە، بەڵام بەشی خۆیان سەرنجی بەکاربەر ڕادەکێشن و فرۆش زیاد دەکەن. بانگەشەی بە ئەمانجگیراو بۆ کۆمەڵەیەکی دیاریکراو لەڕووی تێچووەوە زۆر باشترە، کەچی زۆربەی بانگەشەکان بە هەرەمەکیە و هیچ کۆمەڵەیەکی بە ئامانج نەگرتووە. ئەم بانگەشانە وەکو گەردەلوول وان و خۆیان دەکێشن بە هەموو شتێکدا بە هەمان شێوە بەبێ ئەوەی بزانێت کێ چی دەوێت و چی پێویستە. لێرەدا پارە و کاتێکی زۆر بەفیڕۆ دەڕوات، کەواتە دەتوانین بڵێین بانگەشەکە لێرەدا کاری خۆی نەکرد و شکستی هێنا. بەڵام جاروبار کاری خۆی دەکات و دەزانێت بازاڕ و خەڵکی چییان دەوێت و چییان پێویستە، جاروبار! ئەم هەندێک جارەش زۆر دەگمەنە، هێندە دەگمەنە کە وادەکات زۆربەی کاتەکانی تر پارە و کات بەفیڕۆ بدات. ئەم بەفیڕۆدانەش ڕوودەدات چونکە بانگەشەکان خەڵکانێک دەیانبینن ئەوەی لە بازاڕدایە نایانەوێت، یان ئەو کەسانەن تاقەتی باسکردنی کاڵای نوێیان بۆ هاوڕێ و هاوتاکانیان نیە. بەڵام بانگەشەی جیاواز کاری خۆی دەکات،

چۆن؟ باشە بۆچی هەندێك بانگەشە بۆ هەندێك کاڵا زۆر سەرکەوتووە و لەکاتێکدا بانگەشەکانی تر شکست دێنن؟ بۆچی ئایا ئەو بانگەشە بچوکە نوسینانەی سەر گوگڵ زۆر بە باشی کاری خۆیان دەکەن لەکاتێکدا بانگەشە پڕاوپڕە ڕەنگدارە بریقەدارەکانی سەر یاهوو هیچ باش نین و شکست دێنن؟

دەبێت لە ڕوانگەیەکی دییەوە بڕوانینە ئەو هێزەی لە هاوکێشەی بازارگەریدایە. کاتی خۆی بازارگەڕان کۆمەڵێك بەکاربەرانیان دەکردە ئامانج. شارەزایانی بانگەشە بە سەختی کاریان دەکرد بۆ دڵنیابوون لەوەی بانگەشەکە گونجاوە لەگەڵ ئەو کۆمەڵە بەکاربەرە دیاریکراوەدا و بانگەشەکە لە ڕاگەیاندندا بڵاو دەکرایەوە بۆ ئەوەی ئەو کۆمەڵەیە ببینن و گوێ بیستی بن. ئیتر چۆن و کەی بانگەشەکە بڵاو دەکرایەوە هەمووی لە دەستی بازارگەڕاندا بوو. ئەمڕۆ، پێچەوانەی ئەوەی سەرەوە ڕاستە. ئەمڕۆ بەکاربەر خۆی بڕیار دەدات، بەکاربەر بڕیاردەدات ئایا سەرنجت بدەنێ و گوێت لێبگرن یان پشتگوێت بخەن. ئەی چۆن بڕیار دەدەن؟ ئایا هەندێك بەکاربەر ئەگەری زیاترە گوێگری بانگەشەکان بن وەك لەوانی دی؟ ئەوانەی گوێ دەگرن چی جودایان دەکاتەوە لە بەکاربەرانی دی؟ نهێنییە گەورەکەی بانگەشەکانی گوگڵ لەوەدایە دەقاودەق و بە تایبەتی بۆ ئەو کەسانە دەنێردرێت کە ئەگەری زۆری هەبێت کاڵاکە بکڕن و بیانەوێت و پێویستیان پێبێت. ئەگەر هەر وشەیەك لە سێرچ(گەڕان) ی گوگڵدا بنوسیت دەبینیت پاش ماوەیەکی زۆر کەم بانگەشەیەك لەسەر هەمان بابەت دەبینیت! ئەم بانگەشە سادە بێدەنگە بەراورد بکە بە بانگەشەیەکی دەنگ زلی نەخوازراوی داپچڕێنەر بۆ

بەکاربەرێك کە تاقەتی بانگەشەی نەبێت! دیارە جیاوازیەکە زۆر گەورە و ئاشکرایە.

بەڵام شتێکیش هەیە ئەوەیە لە هەموو کاتێکدا و لەهەموو شوێنێکدا کەسان و بەکاربەرانێك هەن هەمیشە گوێکانیان قوڵاغ دەکەن بۆ بانگەشەکان. ئەم کەسانە دەیانەوێت بزانن چیت پێیە. ئەم کەسانە داواکاری پێشکەشی گۆڤار و رۆژنامەکان دەکەن بۆ بەشداریکردنی مانگانە و سەردانی ماڵپەرەکان دەکەن بۆ گەڕان بەدووی زانیاریی زیاتردا. هەندێك لەم کەسانە جاریوەها هەیە کاڵاکە دەکڕن و هەندێکیشیان تەنها چاو دەگێڕن. بیرۆکە گەورەکە ئەمەیە:

کارێکی هەڵە و بێهودەیە بانگەشە بۆ هەموو جۆرە کەسێك بکەیت (بێجگە لە بەکاربەرە خوازیارە کاریگەرەکان) تۆ لە کاتێکدا دەبێت دەست بکەیت بەم بانگەشەیە ئەگەر بەکاربەران بەدووی یارمەتیدا دەگەڕان و لە شوێنێکدا بن بانگەشەکەت ببینن. بێگومان بانگەشەکردن بۆ کەسێکی خوازیار بیرۆکەیەکی زۆر باشە، بەڵام سەرکەوتنە گەورەکە کاتێك ڕوودەدات ئەگەر ئەم کەسە باسی کاڵا و بیرۆکەکەت بۆ هاوڕێ و هاوتا و هاوپیشەکانی بکات.

وەکو ئاشکرایە، دۆزینەوەی ئەم کۆمەڵە تایبەتە بۆ بانگەشەکەت زۆر دەگمەنە. زۆربەی کات تۆ دەبێت خەریکی دروستکردنی کاڵا ناوازەکەت بیت، کاڵا و خزمەتگوزاری و تەکنیکێك کە هێندە بەسوود و سەرنجڕاکێش و نایاب و شایستەی باسکردن بێت وابکات کەسەکان ئامادەی گوێگرتن بن لە بانگەشەکەت و بزانن چیت پێیە بیلێیت. کەواتە دەبێت ئەو کاڵا و خزمەتگوزاریانە دروست بکەیت کە بازاڕ بەدوویدا دەگەڕێت.

# گزیکردن

•JetBlue Airways گـزی دەکـات، هەیکەلـە هەرزانەکـەیان و فرۆکەخانە نوێیەکانیان و ستافە گەنجەکەیان وادەکات باڵادەست بن.

•Starbucks گزی دەکات، دیاردەی مێزی قاوە خواردنەوە لەلایەن ئەم کۆمپانیایەوە داهێنرا، کەواتە لە هەر کاتێك و لە هەر شوێنێکدا بین و بیر لە قاوە بکەینەوە ئەم کۆمپانیایەمان دێتەوە یاد.

•Vanguard گـزی دەکـات، سـندوقی ئامادەدەرەکـەیان تێچووی زۆر کەمە و ئەمەش وادەکات ئاستەم بێـت بـۆ کۆمپانیاکـانی تـری ئـاڵوگۆڕی دراو بتوانن ڕکابەرییان بکەن

•Amazon.com گـزی دەکـات، گەیاندنـە خێراییەکـەیان و بـژاردە زەبەلاحەکـەیان وادەکات زۆر باڵادەستتر بـن بەسـەر کۆگـا ئۆنلاینـەکانی تردا.

• Google گـزی دەکـات، ئـەمان لـە هەڵـەکانی ڕابردوویانـەوە فێربوون و هەڵەی هاوتاکانیشیان دووبارە ناکەنەوە.

• Wendys گـزی دەکـات، چـونکە لیسـتی خواردنـەکانیان بژاردەی زۆری تێدایە و تەنها لە بەشی زەڵاتـەدا چـەندان جۆریـان هەیـە و ئەمـەش وادەکـات بازاڕیـان بـە شـێوەیەك لـە شـێوەکان بۆخۆیـان داگیرکردبێت.

- Ducati گزی دەکات، چونکە ماتۆرسکیل بۆ هەموو کەسێك دروست ناکەن، بەڵکو ماتۆری ئاست بەرز و نایاب دروست دەکەن و هەموو ساڵێکیش برێکی باشی لێدەفرۆشرێت.
- HBO گزی دەکات، چونکە تەنها یەك شەو لە هەفتەکەدا بەرنامەرێژی دەکەن بۆ پەخشکردن و بە ئارەزووی خۆیان دەتوانن کاتەکانیان بۆ تەرکیزکردن و وەبەرهێنان و شتی تر تەرخان بکەن.

هیچ کام لەم کۆمپانیایانە تەکنیکە کۆنەکانی بانگەشەکردن بەکارناهێنن بۆ سەرکەوتنی کاڵاکانیان. بۆیە بەلای ڕکابەرە سەرلێشێواوە دوودڵەکانیانەوە وادەردەکەوێت ئەم کۆمپانیایانە هەر خەریکی گزیکردن بن و پەیڕەوی یاساکان ناکەن.

ئەی تۆ بۆ لەم گزیەی ئەمان ناکەیت؟

# کێ گرنگیت پێدەدات؟

تۆ ناتوانیت بە زۆر وا لەخەڵك بکەیت گوێت لێ بگرن. بەڵام دەتوانیت بزانیت کێ ئەگەری هەیە گوێ بگرێت کاتێك بانگەشەی کاڵاکەت دەکەیت و پاشان دەتوانیت پایە دروستەکانی بانگەشەکردنێکی تایبەت بۆ ئەو کەسە دروست بکەیت تا سەرنجی ڕابکێشیت و کاڵاکەت بکڕێت.

تەنانەت ئەگەر کەسێك گوێشت لێبگرێت کاتێك بانگەشە دەکەیت دەڵێیت کاڵاکەی من "باشترە" و "هەرزانترە" و "ئاسانتر بەکاردەهێنرێت" ئەوا تەنها کاتت بەفیڕۆ داوە. چونکە ئەو کەسانەی خوازیاری کاڵای نوێن و پێویستیان پێیە ئامادەن گوێ لە بانگەشەی کاڵاکەت بگرن تەنها ئەگەر کاڵاکەت ناوازە بێت، ئەگەر کاڵاکەت ناوازە نەبێت ئەوا کات و پارەت بەفیڕۆداوە و وەکو ئەوەیە لەبەرچاوان ون بیت.

پرسیاری ئەوەی "کێ گوێ دەگرێت؟" نەك تەنها دەبێتە سەرکەوتنی کاڵاکان، بەڵکو هەموو بازاڕیش بەڕێوە دەبات. مۆسیقای کلاسیکی وەکو نمونە وەردەگرین. پیشەسازی مۆسیقای کلاسیکی لە ئێستادا بەشێوەیەکی فەرمی بەرەو مەرگ دەچێت. مۆسیقا نوێیەکانی ئەم سەردەمە جێی هەمووی گرتۆتەوە، ئۆرکێستراکان چیتر تۆمار ناکرێن. مۆسیقای کلاسیکی نوێ نابینرێت خەریکی تۆمارکردن بێت.

بۆچی؟ چونکە کەس گوێیان لێ ناگرێت.

خەڵکی هەر جۆرە مۆسیقایەکی بوێیت لەبەردەستی دایە و هەموو جۆرە مۆسیقاکان تۆمارکراون و بە باشترین ئاستیش. کەواتە خەڵکی بەدووی مۆسیقای نوێدا ناگەڕێن.

بەهۆی ئـەوەی خـەڵکانی پـژمیو وەسـتاون لـە گـەڕان و هـەموو کۆمەڵـەی سەر چەماوەکەش کـە چاوەڕێی ئـەم کەسـانەن و هێشـتا گـوێ لـە ڕادیۆ دەگرن سەرقاڵن بە کڕینی مۆسیقای هەرزان بەهاوە. کۆمپانیاکـانی تۆمار و ئۆرکێسـتراکان پـارەی تـەواویان دەسـت ناکـەوێت. بـەهۆی ئـەوەی گوێگران وەستاون لە گەڕان، کەواتە مۆسیقا دارێژەرانیش خوویان داوەتـە فلیمسازی یان کاری تر بۆ پەیداکردنی بـژێوی ژیانیـان. ئـەم دۆخـە وەکو ئەوەیـە قـەیرانی سەرنجڕاکێشـان بـوونی هـەبێت و سەرنجڕاکێشـانگەمارۆ درابێـت، هـیچ کـەس لـە پیشەسـازی مۆسـیقادا هێنـدە پـارەی نیـە ئـەم ڕاستیە بگۆڕێت. بەم هۆیەوە تەواوی بازاڕی مۆسیقا پەکی دەکەوێت و لـە جوڵە دەوەستێت. (ئەمانەی پێشوو هـەمووی باسـی مۆسـیقای کلاسیکی دەکات).

بیرۆکـەی ئەمـەی باسـم کـرد بـریتی "نیـە" لـەوەی پیشەسـازی مۆسـیقا دەست بکەن بە بیرکردنەوە لە ڕێگەیەکی باشتر بـۆ چارەسـەرکردنی ئـەم کێشەیە. چونکە پێویستیان بەوە نیـە شـێوازێکی باشـتری بانگەشـەکردن بگرنە بەر. بیرۆکەکە لێرەدا بریتیە لەوەی ڕێگەیەکی باشتر بوونی "نیە". کۆمپانیـای مۆسـیقایی (Naxos) ئەوانـەی سـیدی ٨دۆلاری دەفرۆشـن فرۆشـیان زۆرباشـە. بۆچی؟چـونکە شـێوازی بازارگـەریی کاڵاکـەیان ڕێکخستووە بەو شێوەیەی کڕیارەکان دەیانەوێت کە بریتیە لـە سیدیەکی باش و هەرزان لەو مۆسیقایەی پێشتر بیستویانە. ئەم کۆمپانیایـە کـارێکی باش دەکات. چونکە بازاڕ چیتر تاقـەتی گـەڕانیان نـەبوو بـەدووی کاڵای تردا، لەبەر ئەوە ئەم کۆمپانیایە بردیەوە و سەرکەوتوو بوو.

کۆمپانیای سۆنی بۆ مۆسیقای کلاسیکی ناتوانێت ڕکابەری لەگەڵ ئەماندا بکات چونکە سۆنی لەسەر ئاستی بەرهەمەکانیان ڕێکخراو نین یان ئاستی برەودانیان ڕێکخراو نیە تا بتوانن بیبەنەوە و سەرکەوتوو بن.

کەواتە لە گیانەڵادان.

کاتێـک دووچـاری بـازاڕ و کۆمەڵـە کەسـانێك دەبیتـەوە کـە تاقـەتی بانگەشـەیان نـەبێت، باشـترین و ژیرتـرین پـلان بریتیـە لـە وازهێنـان لـەو بـازارە. پلانـی جێگـرەوە بـریتی دەبێـت لـەوەی بیرۆکـە و بەجـەرگی پێویسـتت هـەبێت بـۆ داهێنـان و دروسـتکردنی مانگـا مۆرەکـەت (کـاڵای ناوازە) تا خەڵکی بیانەوێت و هیچ نەبێت گوێ لە بانگەشەکەت بگرن.

# هەموو کڕیاران و بەکاربەران وەکو یەک نین

نوسەر Michael Schrage شتێکی نوسی لەسەر بانکێك، ئەم بانکە بۆی دەرکەوت ١٠٪ ی کۆی هەموو بەکاربەرەکانی ڕۆژانە سیستەمە ئۆنلاینەکەی بانکەکە بەکاردێنن، ئەوانەیتر تەنها مانگی جارێك سیستەمەکە بەکاردێنن. کاتێك سەرەتا ئەم بابەتە دەبینیت، لەوانەیە بڵێیت دەبێت بانکەکە بوەستێت لە خەرجکردنی پارە بۆ ئەم خزمەتگوزاری ئۆنلاینە چونکە تەنها ڕێژەیەکی کەم لە بەکاربەرانی بەکاری دەهێنن کە بریتین لە کۆمەڵەی داهێنەران و کۆمەڵەی لەخۆگرانی زووبەزوو. بەڵام پاش قوڵ بونەوە لە بابەتەکە بینرا ئەم ڕێژە کەمە بڕی سەدا ٧٠ی پارەدانراوەکانی بانکەکە بوون.

بە تەماشاکردنێکی خێرای هێڵکاریەکەی بەکاربەران، وای بۆ دەچێت کۆمەڵە باشە خڕینە پارەدارەکە ئەوانەی ناوەڕاستن، چونکە خەڵکانێکی زۆری تێدایە و پارەی باشیان پێیە. بەڵام ئەمە بە دەگمەن ڕاستە، زۆرجار بەشە پڕفرۆشەکە یان لەمسەری هێڵەکەن یان لەوسەر. ئەو بانکەی باسمان کرد دەتوانێت تەرکیز بکاتە سەر ئەم دوو کۆمەڵەیەی سەرەتا و بەمەش دەتوانێت بەکاربەرانی تر ڕابکێشێت بۆخۆی و بەکاربەرە خاو و خلیچەکان و ئەوانەی خۆیان لە مەترسی لادەدەن دەتوانن بەدووی بانکی تردا بگەڕێن.

بەکاریەرەکانت جیا بکەوە. ئەو کۆمەڵەیە بدۆزەوە کە قازانجهێنەرترینن (زۆرترین برِت لێدەکڕن). هەروەها ئەو کۆمەڵەیەش بدۆزەوە کە وەکو پژمیوەکان بیرۆکەکەت بڵاو دەکەنەوە. ڕێگەیەك بدۆزەوە بۆ چۆنیەتی پەرەپێدان و بانگەشەکردن و خەڵاتکردن بۆ هەرکام لەم دوو کۆمەڵەیە. ئەوانی تر پشتگوێ بخە. بانگەشەکانت (لەگەڵ کالاکانت!) پێویست ناکات بۆ هەمووان بێت. بانگەشەکانت (لەگەڵ کالاکانت) بۆ ئەو بەکاریەرانە بگونجێنە کە زۆرترین برِت لێدەکڕن، ئەمە ئەگەر توانیت بەکاریەرەکانت هەڵبژێریت.

# یاسای ژمارە گەورەکان

سیحر و نهێنی ڕاگەیاندنی بەربلاو و تۆڕی ئینتەرنێت ئەوەیە هەمووی ژمارەی زەبەلاحیان هەیە، بۆ نمونە ٢٠ملیۆن کەس تەماشای فلانە زنجیرە درامادەکەن، ١٠٠ملیۆن کەس تەماشای فلانە وەرزشدەکەن، یەك ملیار کەس تەماشای بۆنەیەك دەکەن، ٣ملیۆن کەس فلانە بەرنامە بەکاردێنن، ١٢٠ملیۆن کەس خۆیان لەفلان ەبەرنامەد اتۆمارکردووە، ئەمانە هەمووی لەهەمانکاتەدا، ئە مژمارانە بەڕاستی سەرسوڕهێنەروزەبەلاحن.

ئەی باشە ئەگەر لەو یەك ملیار کەسەی تەماشای بۆنەیەك دەکەن تەنها هەزار کەسیان کالاکەتیان کڕی؟ یان هەر خێزانێکی چین تەنها یەك فلست بۆ بنێرن چەند دەکات؟!

لە هەمان کاتدا کێشەیەکی ئەم ژمارە زەبەلاحانە ئەوەیە تۆ ئەگەر بانگەشەکەت ١٠٠ ملیۆن کەس تەماشای کرد بەلام تەنها ڕێژەی٠.١٠٠٠٠٠کەسیان بڕیارید اکالاکەت بکڕن، ئەمە واتە توانیوتە تەنها یەك کالا بفرۆشیت!

چەند ساڵێك لەمەو بەر من پێشبینی ئەوەم کرد بانگەشەی سەر ئینتەرنێت (بانەر) بەرەو لەناو چوون دەچێت، بەلام خەڵکی گاڵتەیان پێم دەهات. لەو کاتەدا نرخی هەر هەزار بانەرێك تەنها ١٠٠دۆلاربوو.

زوو دوای ئەوە بانگەشەکاران بۆیان دەرکەوت لەگەڵ کڕینی هەر هەزار بانگەشەیەکی سەر ئینتەرنێت سفر کلیکیان لێدەکرێت! لێرەدا هاوکێشەی ژمارە زەبەلاحەکان کەوتەوە کار، چونکە تەنها ڕێژەی ۰.۰۰۰۰۱ کەسکلیکیانلەهەزاربانەردەکرد! ئەمەشبەهاینەبوو.

ئەمڕۆ، نرخی هەزار بانەر هەر زۆر زۆر هەرزانە! لەگەڵ کەسێکدا گرەوم کرد وتم من بایی ٦٠٠ دۆلار بانەر دەکڕم کە دەکاتە ۳۰۰ملیۆن بانەر، ئەمە شواتە هەر هاولاتیەکی ئەمریکایەك بانەری ئینتەرنێتی بەردەکەوێت، بەلام گرەوەکەم دۆڕاند چونکە لەو بانگەشە ۳۰۰ملیۆندانەیەدا تەنها بایی ٥۰۰دۆلار کالام بۆ فرۆشرا!

لەگەڵ ئەوەی بەکاربەران باشتر و باشتر فێردەبن ڕاگەیاندن و بانگەشەی بەربلاو پشتگوێ بخەن، بانگەشەی بەربلاو شکست دێنێت لە کارەکەیدا! بێگومان هەموو کاتێك چەند لایەنێك هەن بە پێچەوانەی یاسا و پێشبینیەکانەوە کاری خۆیان هەر دەکەن. بەلام بە گشتی، بانگەشەی بەربلاوی ئاسایی قوربانی ئەم یاسا دووبارە نەبۆوەیە.

کۆمپانیایەکی دەنگ هەبوو زۆر شارەزا بوون و کالای نایابیان هەبوو، ئەم کۆمپانیایە لەگەڵ فرۆشیارانی سیدی و قاواندا مامەلایان دەکرد. ئەم کۆمپانیایە دەیزانی لە هەرساتێکدا چەند سیدی و قاوان دەفرۆشرێت لە هەموو ولاتەکەدا.

ئەوەی سەیروسەمەرەیە ئەوەیە کۆمپانیاکانی سیدی گۆرانی فرۆشیان زۆر خراپە.

لـە۲۰۰۲دا ڕۆژنامـەیی نیویـۆرک تـایمز ئـەوەی خسـتە ڕوو لـەزیاتر لە۶۰۰۰ئەلبوومی گۆرانی لەلایەن گۆرانیبێژانی بالآوە تـەنها۱۱۲ئـەلبووم فرۆشراوە کەدەکاتە۵۰۰هەزارسیدی.

ئەمەشواتەجاریواهەیەلەماوەیچەندهەفتەیەکیشداتەنهایەکسیدینافرۆشرێ.

باشـە چـی تێدەچـێت کەسـێك بدۆزیتـەوەو بانگەشـەکەت ببینێـت و وایلێبکـەیت بچێتە دوکـانی سیدیەك و سیدیەکەت بکرێـت؟ کـارێکی زۆر زەحمەتە. لە هەموو بازاڕێکدا، براندێکی بـراوە و سـەرکەوتوو هەیـە، ئـەم برانـدە بالآدەسـتترە بەسـەر هـەموو برانـدەکانی تـردا. جـا گـرنگ نیـە براندەکە چیە، ئایـا بەرنامـەی کۆمپیوتەریـە، سـتایلّ و فاشـنە، گۆڤـارە، مالّپەڕە، ئارایشتگایە، هەر چیەك بێت ئەمان قـازانج دەکـەن. برانـدەکانی تریش هیچ هـەلێکی پێشـکەوتنیان لەبەردەمـدا نیـە. ڕاسـتە بەکاربـەرێکی زۆر زۆر هەن، بـەلآم هـەموویان سـەرقالّن، کەواتـە بەکاربـەرە سـەرقالّەکە کـالآ لـە برانـدە سـەرکەوتووەکان دەکرێـت. بێگومـان ئەگـەر ئـەم برانـدە سەرکەوتووانە وەستان لە دروستکردنی کالآی سەرنجڕاکێش جا ئۆتۆمبیل بێت، خواردنـەوە بێـت، گۆڤـار بێـت یـان هەرچـیەك، زووبـەزوو فرۆشیان دەوەستێت و براندی پێشەنگی تر دێنە کایەوە.

## لێکۆڵینەوە لە دۆخی Chip Conley

هاوڕێ و هاوپیشـەم، Chip Conley زیـاتر لـە دوازدە ئوتێـل لـە سان فرانسیسـکۆ بـەڕێوە دەبـات. یەکـەم ئـوتێلی بـە نـاوی فینـیکس (Phoenix) ەوە بـوو، ئـەم ئوتێلـە لـە یـەکێك لـە هـەرە خـراپترین گەڕەکەکانی ناوشاردابوو.

هاوڕێکەم بە پارەیەکی زۆر کەم ئوتێلەکەی کڕی. ئەم کەسە دەیزانی ئەم ئوتێلە بۆ هەموو کەسێك نیە و هەموو کەسێك نایەت بمێنێتەوە تیایدا. لە ڕاستیدا هەرچیەکی بکردایە لەم ئوتێلە هەر بە دەگمەن خەڵکی دەهاتن بمێننەوە تیایدا.

خۆی لە ڕاستیدا (بە دەگمەن) هەر بەشی خۆی باشە و ئوتێلەکەت دەژێنێت ئەگەر ئوتێلەکەت دە بۆ دوازدە ژووری تێدا بێت. هاوڕێکەم دیزاینی ئوتێلەکەی گۆڕی، بە ڕەنگی تێکەڵ و پێکەڵ و دروشاوە بۆیاخی کرد و گۆڤاری سەیروسەمەرەی لە هەموو ژوورەکاندا دانا و داوای لە هونەرمەندێکی ناوازە کرد ناو حەوزی مەلەکەی بۆ بۆیاخ بکات و بانگهێشتی باندی گۆرانیبێژانی (ڕۆك) کرد بمێننەوە لە ئوتێلەکەیدا.

تەنها لەماوەی چەند مانگێکی کەمدا، پلانەکەی کاری خۆی کرد و سەرکەوتوو بوو. نهێنی ئەم هاوڕێیەم لەوەدا بوو بە ویستی خۆی ئوتێلەکەی وا دیزاین کرد کە بۆ هەموو کەسێك نیە و تەنها چینێکی کۆمەڵگە مەیلیان بەلای ئەم جۆرە ڕەنگ و ستایلەدا دەچێت، کە بریتی بوو لە ئوتێلێکی دیزاینکراو بە گۆرانی ڕۆك لە سەنتەری شاری سان فرانسیسکۆدا. خەڵکی بەدووی ئەم ئوتێلەدا گەڕان و دۆزیانەوە.

لیستێك لە ڕکابەرەکانت دروست بکە کە نایانەوێت کاڵاکانیان بۆ هەموو کەسێك بێت. ئایا ئەم ڕکابەرانە پێشی تۆیان داوەتەوە؟ ئەگەر توانیت بازاڕێکی کز دەستنیشان بکەیت بۆ ئەوەی باڵادەست بیت تیایدا، چی بازاڕێك دەبێت؟ ئەی بۆ کاڵایەك دروست ناکەیت ڕکابەری خۆتی پێ بکەیت؟ کاڵایەك تەنها سەرنجی خەڵکانی ئەم بازاڕە کزە ڕابکێشێت؟

# کێشەی مانگاکە

...بریتیە لە کێشەی ترسان

ئەگەر دروستکردنی کاڵایەکی ناوازە هێندە کارێکی ئاسان و بێ کێشە و هەرزان بوایە، بۆچی هەمووان خەریکی دروستکردنی ئەم کاڵا ناوازەیە نەدەبوون؟ بۆچی کاڵای ناوازە هێندە سەخت و زەحمەتە؟

هەندێك کەس حەزدەکەن تۆ وا باوەڕ بکەیت کە بیرۆکەی مەزن زۆر کەمە یان کاڵا و پیشەسازیەکانیان و کۆمپانیاکانیان ناتوانێت پشتیوانی لە بیرۆکەی مەزن بکات. ئەمەش بێگومان قسەی هیچە!

دروستکردنی مانگای مۆر (کاڵای ناوازە) دەگمەنە چونکە خەڵکی دەترسن.

ئەگەر تۆ ناوازە بیت، ئەگەری زۆرە هەندێك کەس چاویان پێتدا هەڵنەیەت! ئەمەش پێناسەی ناوازە بوونە خۆی لە خۆیدا. هیچ کەسێك بە کۆی دەنگ ستایش ناکرێت، هەرگیز شتی وا ڕوونادات هەمووان تۆیان بەدڵ بێت. لەم دۆخەشدا باشترین شتێك کەسانی ترسنۆك و بێ غیرەت بیانەوێت ئەوەیە تێبینی نەکرێن و دەرنەکەون. ڕەخنە لەو کەسانە دەگیردرێت کە بە پێوە دەوەستن و سەر بڵندن.

ئەرێ بەڕاست تۆ لەکوێ فێری شکست هێنان بوویت؟ لەکوێ خوێندوتە کە شکست بێنیت؟ ئەگەر وەکو زۆربەی هاوڵاتیان بیت دیارە لە پۆلی یەکەمەوە دەزانیت شکست چیە و باشترین شتیش بریتیە لە خۆ

گونجاندن لەگەڵ ئەوانی تـر و زۆر پرسیار نـەکردن و ئەنجامدانی ئـەرکی ماڵەوە و بەگوێکردنی زۆرینە.

ئێمە قوتابخانـەکانمان وەکـو کارگـە بـەڕێوە دەبـەین. منداڵـەکان ڕیـز دەکەین و دابەشـیان دەکـەین بـە سـەر ئاسـتەکاندا و زۆر کاریـان لەسـەر دەکەین تا هیچ هەڵە و کەموکوڕیەکیان تێدا نـەبێت. هـەر کەسـێك جیـاواز بێت لەوانی تر و پێش بکەوێت و ژاوەژاو دروست بکات بـە شکسـتخواردوو دادەنرێت لەلامان!

سەرکێشـی نــەکردن و خــۆ نەدانــە بــەر مەترســی و پــەیڕەوکردنی یاسادانراوەکان بەلامانەوە باشترین ڕێگەن بۆ خۆلادان لە شکست هێنـان. لە قوتابخانەش بە هەمان شـێوە فێـر دەکـرێین. بەداخـەوە ئـەم یاسایانە بونەتە نەخشی سەر بەرد بەلای هەندێك کەسەوە، زۆرجار ئەم کەسـانەش کەسانی پلـەدار و دەسـت ڕۆشـتوون! ئـەم نەخشـی سـەربەردە بـووە بـە خوو، خوویەکی زۆر خەتـەرناك. دڵنیابە ئەمانە دەبنە هۆی شکسهێنانت.

لە بازارێکی جەنجاڵدا، خۆ گونجاندن لەگەڵ چواردەورتدا دەبێتـە شکسـت هێنـان. لـەم جـۆرە بـازاڕەدا ئەگـەر نـاوازە نـەبیت و لەسـەر قاچـەکانت نەوەستیت وەکو ئەوەیە خۆت شاردبێتەوە.

نوسـەر (Jon Spoelstra) لـە پـەڕتووکی (بازارگـەریی شێتانە) دووریـانی نـاوازەبوونی کـالا دەخاتـە ڕوو. ئەگـەر لـە دۆخێکـی سـەختی داراییدابن، هاوتا و سەرۆك کارەکەت پێـت دەڵـێن کـاتی ئـەوە نیـە کالای ناوازە دەربکەیت و پارەی تەواویشت پێ نیە. دەبێت پارەی زیادە خـەرج نەکەین، ئاگاداری خۆت بە، سەرکێشـی مەکـە، پـارەی ئـەوەمان پـێ نیـە

هەڵە بکەین. بەڵام کاتێك دۆخی دارایی باش دەبێت، هەمان ئەم کەسانە دەڵێن گوێی مەدەرێ و ترست نەبێت.

هەواڵە خۆشەکە ئەوەیە تا داناتر بیت کارەکەت بەلاوە ئاسانتر دەبێت. چونکە زۆرینەی کەس لە کاڵای ناوازە دەترسن، لێرەدا دەتوانیت بە هەوڵێکی کەمتر تۆ کاڵایەکی ناوازە دروست بکەیت. ئەگەر زۆرینەی خەڵکی نەیانەوێت هەستنە سەرپێ و دەربکەون، ئەوا تۆ کێشەت نابێت و کاڵاکەت سەردەکەوێت.

کەواتە دوو بژاردەمان هەیە: یان ئەوەتا نادیار بین و خۆمان بشارینەوە و نەناسراو بین و ڕەخنەمان لێ نەگیردرێت و سەلامەت بین، یان تەقەلایەك بدەین بەرەو مەزنێتی و ناوازەبوون و کاڵای سەرکەوتوو.

بەپێی ڕۆژنامەی نیویۆرك تایمز، شەقامی ئامستەردام لە نیویۆرك حەفتا و چوار چێشتخانەی تێدایە! ئەوەی ئەم چێشتخانانە جودا دەکاتەوە ئەوەیە زۆر دووبارەبۆوەن، ڕاستە هەموویان خۆراکی بیست و سێ کەلتوری جیاواز پێشکەش دەکەن، بەلام تەنها چەند دانەیەکیان ناوازەن، ئەم چێشتخانانە بەراورد بەو چێشتخانە ناوازانەی نیویۆرك زۆر بێ ڕەنگ و بێزارکارن.

بۆچی؟ وەڵامەکەی زۆر سادەیە، پاش خەرجکردنی ئەو هەموو پارەیە و ئەو هەموو هەوڵ و کاتە لە کردنەوەی چێشتخانەیەکدا، کەچی خاوەنکارەکە تاقەتی نیە سەرکێشی بکات، نایەوێت بەر ڕەخنە بکەوێت. وەکو هەمووان وایە و کێشەی نیە. بەلام ناوازەش نیە. بۆ نمونە کەس ناوی پیتزا فرۆشێکی ئاسایی ناهێنێت، ڕاستە ئەم پیتزا ئاساییە کەس نەخۆش ناخات، بەلام تامەکەشی وەکو ئەوانی تر وایە و چێژیەخش نیە.

لە دەرەنجامدا خاوەنکار پارەیەکی ئاسایی دەست دەکەوێت و خۆی دەژێنێت و ترسی نیە لەوەی تووشی ڕەخنە ببێتەوە.

ئێمە فێری بیروباوەڕێکی هەڵە کراوین، فێر کراوین ڕەخنە شکستمان پێدەهێنێت. هەر لە قوتابخانەوە فێرکراوین خۆمان نەخەینە بەرچاوان چونکە لەوانەیە بنێردرێن بۆ ژووری بەڕێوەبەر نەك بۆ زانکۆیەکی بەناوبانگ. کەس نالێت "بەڵێ خۆم ئامادەکردووە بدرێمە بەر ڕەخنە!" کەچی تاکە ڕێگەش بۆ دروستکردنی کاڵای ناوازە ئەوەیە بەر ڕەخنە بدرێت.

چەندین ساڵ لەمەو بەر، کاتێك (Andrew Weil) چوو بۆ کۆلیژی هارڤاردی پزیشکی، مەنهەجی زانکۆکە هەر وەکو مەنهەجی ئەمڕۆ وابوو. تەرکیز خرابۆوە سەر بوون بە باشترین پزیشك و قسەنەکردن لەسەر کۆمەڵگەی پزیشکان.

ئەم کەسە ڕێچکەیەکی جیاواز لە هاوتاکانی گرتە بەر. ئەمڕۆ، پەرتووکەکانی ئەم پزیشکە بە ملیۆنان کۆپی لێدەفرۆشرێت. ئەم کەسە ئاسودەیە بە زانینی ئەوەی نوسین و وتار و قسە و تۆڕینگەکانی یارمەتی سەدان و هەزاران کەسیان داوە. ئەم کەسەش زۆر زۆر دەوڵەمەندە. هەمووی بەهۆی ئەوەوەبوو هاوتا و هاوپۆلەکانی ئەم کەسە کاتی خۆی ڕەفتار و ڕێچکەکانی ئەم کەسەیان بە سەرشێتانە و سەرکەشی ناوزەند دەکرد. ڕاستیە ناوازەکە لێرەدا ئەوەیە لە کاتێکدا زۆرینەی پزیشکان زۆر ماندوون و زۆر کاردەکەن و نیگەرانن لە سیستەمی پزیشکی کە خۆیان یارمەتیدەر بوون لە دروستکردنیدا و ڕۆژانەش کاردەکەن لە

هێشتنەوەیدا، Andrew Weil زۆر بە خۆشحاڵییەوە دەژی و پاڵی لێداوەتەوە!

*سەرکێشی نەکردن خۆی لە خۆیدا سەرکێشییە و مەترسیدارە*

زۆرجار بۆ ئەوەی خۆمان لە ڕەخنە لابدەین خۆمان دەشارینەوە و خۆمان بەدوور دەگرین لە ڕاوسەرنجی سلبی و بەمەش زامنی ئەوە دەکەین شکست بێنین! ئەگەر تاکە ڕێگە بۆ سەرکەوتن بریتی بێت لە کاڵای ناوازە، وە تاکە ڕێگە بۆ خۆلادان لە ڕەخنە بریتی بێت لە خۆشاردنەوە و سەلامەت بوون، کەواتە دیارە دەبێت کامیان هەڵبژێرین، وایە؟

تۆ یەکسان نیت بە پرۆژەکەت. ڕەخنەی سەر پرۆژەکەت ڕەخنە نیە لە تۆ. ئەو ڕاستیەی کە دەبێت زوو زوو ئەم لایەنەمان وەبیر بهێندرێتەوە ئەوە دەردەخات چەندێك ئێمە ئامادەنین بۆ سەردەمی مانگای مۆر (کاڵای ناوازە). ئەوانەی شکست دێنن ئەو کەسانەن کە پرۆژەکانیان هیچ کات ڕەخنەی لێ ناگیردرێت!

ئەگەر لە پیشەکەتدا کارێکی هەڵە بکەیت، ئایا ڕەخنەی ئەوەت لێدەگیردرێت کە خۆت ئامادە نەکردووە و بەدەست و برد نیت و بێ بیرکردنەوە هەنگاو دەنێیت؟ بێگومان بەڵێ. بەڵام ئەم هەڵانە هیچ پەیوەندییەکی نیە بەو بەرز و نزمییانەی لە ئەنجامی پەیوەندیبوونت بە دروستکردنی کاڵایەکی ناوازەوە توشت دەبێت. کاتێك پرۆژە و کاڵایەکی شکستخواردوو دەست پێدەکەیت، ڕەخنەکان دەربارەی خودی تۆ نین، بەڵکو دەربارەی بیرۆکەکە دەبن. مەزنترین هونەرمەندان و شانۆنوسان و

دیزاینەرانی ئۆتۆمبیل و مۆسیقا نوسـان و بانگەشـەکاران و دەرهێنـەران و نوسـەران و چێشـتلێنەران هـەموویان دووچـاری شکسـتی گـەورە گـەورە دەبنەوە، ئەم شکستە بەشێکی گەورەیـە لـە سـەرکەوتنی کارەکـانی ئـەم کەسانە.

ئۆتۆمبیلی نوێی CTS ی کۆمپانیای کادیلاك بـە ڕای مـن لەوانەیـە یـەکێك بێت لـە هـەرە ناشـرینترین ئۆتۆمبیـل دروسـتکرابێت لـە پـاش سـەردەمی یـەکێتی سـۆڤیەتەوە! کـادیلاك زۆر بـە سـەختی لەسـەر ئـەم ئۆتۆمبیلـە ڕەخنەی لێگیردرا لە گۆڤارەکانی ئۆتۆمبیل و پێشانگای ئۆتۆمبیلەکانـدا و چەندان ڕاپۆرتی لەسەر نوسرا لە ئینتەرنێتدا، بەڵام دەزانـی چـی؟ هێشـتا ئەم ئۆتۆمبیلە لێی دەفرۆشـرێت و بـە خێـراییش. چـونکە لەدایکبونـەوەی براندێکی ماندووە، کادیلاك گەورەترین سەرکەوتنی بەدەسـت هێنـا لـەڕێی ئەم ئۆتۆمبیلەوە. ڕەخنەی ڕەخنەگران چـی جیاوازییـەك دروسـت دەکـات ئەگەر ئۆتۆمبیلێکیان بەدڵ نەبێت ئەگەر خەڵکەکە بەدڵیان بێت؟

لـە لیسـتی پڕفرۆشـترین فلیمـەکانی سـاڵی ۲۰۰۲دا، لـە دوای فلیمـی سپایدەرمان و گۆڵد مێمبەر، فلیمی (مای بیگ فـات گریـك وێدینگ) بـوو. ڕەخنەگرانی هۆلیوود ڕەخنەی ئەوەیان لەم فلیمە دەگرت کە زۆر ئاسـایی بـووە و چـیرۆکی نـاوازەی تێـدا نـەبووە. ئـەم فلیمـە کـە تـەنها ٣ملیۆندۆلاریتێچووەتەنهالەبەرئەمدووهۆکارەسەرکەوت. فلیمێکی هـەرزانی کەیفساز لەسەر ژوانگرتن کـە ئاسـاییبونەکەی هێنـدە زۆر بـوو بـوە هـۆی تێبینی کردن و بازاڕیش پێی قایل بوون.

نزیکەی چل ساڵ لەمەو بەر، (Bob Dylan) ی گۆرانیبێژ کە یەکێکە لـە کەسە ناوازە دڵخوازەکانی من، لە فیسـتیڤاڵی نیوپـۆرت فۆلـك دەرکـەوت.

هەر لە پەیکەر دەچوو سەرتاپای پۆشاکی ڕەش بوو. بڕیاری ئەوەی ئەم گۆرانیبێژە ئامێری کارەبایی بژەنێت وەکو خیانەت و ناپاکی تەماشاکرا لەلایەن خەڵکانی گۆرانی فۆلکلۆریەوە. خەڵکی دەیانوت وازی لە گۆرانی فۆلکلۆری هێناوە و خۆیان لێ توڕەکردبوو. بەڵام زۆر هەڵەبوون.

ساڵی ٢٠٠١،ملیاردێر (Mike Bloomberg) خۆی پاڵاوت بۆ سەرۆك شارەوانیی نیویۆرك. ئەم کەسە زۆر ڕەخنەی لێگیردرا و هوهای لێکرا و خراپتر لە هەمووی ناوزەند کرا بەوەی ئەم کارەی وەکو خولیایەك تەماشا دەکات نەك وەکو کارێکی جدی. بەڵام ئەم کەسە بردیەوە و سەرکەوت.

پاش شکستی کۆمپانیای (Apple Newton) ئەو کەسانەی ئامێری Palm Pilot (کۆمپیوتەری دەستی) یان داهێنا دووچاری سەختیەکی زۆر بوونەوە. مۆدێلە یەکەمینەکانی ئەم ئامێرە کاریان نەدەکرد. هەوڵەکانی سەرەتا هەمووی شکستیان هێنا. لە جەنگی بەدەستهێنانی ناوەکەشدا لە دادگادا شکستیان هێنا بەرامبەر کۆمپانیایەکی یابانی. لێرەدا کارە ئاسان و ژیرەکە ئەوەبوو وازبێنن و خۆیان لە بەشی لێکۆڵینەوە و پەرەپێداندا سەرقاڵ بکەن. بەڵام دامەزرێنەرەکانی ئەم ئامێرە کۆڵنەدەربوون، بەردەوامبوون لەوەی ئامێرێکی ژیری دەستی دروست بکەن و هەرزانیش بێت لەکاتێکدا لەو سەردەمەدا ئەم ئامێرانە زۆر گرانبەها بوون. بەهۆی کۆڵنەدەریی و ناوازەییانەوە سەرکەوتن و ئامێرەکەش بڕێکی زۆری لێفرۆشرا.

بەڵام ڕاستەوخۆ پاش ئەوەی ئەم کۆمپانیایە ویستی خۆی لە ڕەخنە بپارێزێت، شکستی هێنا. سێ ساڵی دوابەدوای یەك ئەم کۆمپانیایە هەر

زەرەریان دەکرد. چیرۆکی ئەم کۆمپانیایە بەراورد بکە بە کۆمپانیای ئۆتۆمبیلی (Buick). ئەم ئۆتۆمبیلە جوان نیە و پەنجا ساڵیشە هەر ناشرینە. چەند کەسێکی کەم هەن حەز بە کڕینی ئەم ئۆتۆمبیلە بکەن. ئەم ئۆتۆمبیلە بە ئاسانی ڕەخنەی لێناگیردرێت لەبەر ئەوەی خۆی شاردۆتەوە، فرۆشیشی هەر کەمە و زیاد ناکات.

باشە تۆ چۆن دەزانیت کام بیرۆکە خراپ دەشکێتەوە بەسەرتدا و کام بیرۆکە شایەنی ئەو هەموو کات و هەوڵ و پارە زۆرەیە؟ وەڵامێکی کورت و پوخت بۆ ئەم پرسیارە: ناتوانیت بزانیت!

بڕوانە، ئەگەر بوون بە ئەستێرەیەکی درەوشاوە لە هەر بوارێکدا کارێکی زۆر ئاسان بوایە، هەمووان دەبوون بە ئەستێرە!

هەرگیز پێشوەخت نازانیت ئایا کاڵا ناوازەکەت سەردەکەوێت یان نا. هەرگیز نازانیت ئایا هێندەی پێویست ناوازەیە یان نا. ئەم پێشبینی نەکردنە خۆی لە خۆیدا وادەکات هەندێکجار کاڵاکان سەربکەون و بڕێکی زۆریان لێ بفرۆشرێت.

ئەم وانەیە زۆر ئاسانە، سادەبوون هەمیشە بەرەو شکست دەتبات*. سادەبوون هەمیشە مەترسیدارترین ستراتیژیەتە. خەڵکانی کارسازی ژیر درک بەم ڕاستیە دەکەن و هەوڵدەدەن سادەبوون زۆر کەم بکەنەوە (نەک بنەبڕی بکەن). دەزانن هەندێکجار کاڵاکان سەرناکەون و ئەم ڕاستیەیان قبوڵکردووە.

* تەنها لە دۆخێکدا خودی سادەبوون ناوازەبوون بێت.

# دوای ڕێبەر بکەوە

بۆچی باڵندەکان بە ڕێکوپێکی دەفڕن؟ چونکە ئەو باڵندانەی دوای ڕێبەر کەوتوون بە ئاسانتر دەفڕن. باڵندەکەی پێشەوە بەرگری هەوا کەمێك دەشکێنێت و ئاسانتر دەبێت بۆ باڵندەکانی دواوە زیاتر بفڕن. بەبێ ئەم شێوە سێگۆشەیە، هەرگیز باڵندەکان وزەی تەواویان پێنەدەبوو بتوانن گەشتە ماوە درێژەکانیان ئەنجام بدەن.

زۆرینەی ئەو کارسازانەی خۆیان لە مەترسی لادەدەن بڕوایان وایە دەتوانن هەمان ستراتیژیەت پەیڕەو بکەن. وادەزانن دەتوانن چاوەڕێی ڕێبەرێك بکەن و بیرۆکەیەکی ناوازە بێنێتە کایەوە و ئەمانیش لەبەری بگرنەوە و لاسایی بکەنەوە و پاشان پاڵی لێبدەنەوە و قازانج بکەن.

ئەگەر بە وردی تەماشای پۆلی باڵندەکان بکەیت، دەبینیت هەمیشە یەك باڵندە لە پێشەوە نیە، هەر چەند خولەك جارێك باڵندەیەك لە دواوە دێتە پێشەوە و جێی ڕێبەر دەگرێتەوە، بۆ ئەوەی ڕێبەر کەمێك بحەوێتەوە.

ئەو کێشەیەی دووچاری ئەو کەسانە دێتەوە کە خۆیان لادەدەن لەوەی کاڵای ناوازە دروست بکەن ئەوەیە هەرگیز نابنە ڕێبەر. ئەم کەسانە دەچن کار بۆ کۆمپانیا گەورەکان دەکەن و بە ویستی خۆیان وەکو ئامێرێکی نەناسراویان لێدێت و لە پشتی هێڵەکەوە دەمێننەوە و نایەنە پێشەوە تا دووچاری ڕەخنە و مەترسی نەبنەوە. ئەگەر هەڵەیان کرد و پاش ڕێبەرێکی هەڵە کەوتن شکست دێنن. کاتێك کۆمپانیایەك بڕێکی زۆر فەرمانبەر لەسەرکارەکانیان دوور دەخاتەوە لە ڕاستیدا ئەم فەرمانبەرانە

شایەنی ئەوە نین دەربکرێن، چونکە تەنها ئەوەیان کردووە کە پێیان وتراوە و لە سنورەکانی خۆیاندا ماونەتەوە و پەیڕەوی ڕێنماییەکانیان کردووە. بەڵام بەداخەوە هەڵەی ئەم فەرمانبەرانە ئەوەبووە پاش ڕێبەرێکی هەڵە کەوتوون.

تەنانەت ئەگەر توانیت کۆمەڵەیەکی سەلامەت بدۆزیتەوە کاری تێدا بکەیت، لەم جیهانە پڕ بەرز و نزمیەماندا زۆر زەحمەتە بتوانیت لە سنوری کۆمەڵەکەدا بمێنیتەوە، چونکە زوو زوو بەدووی کۆمەڵەیەکدا دەگەڕێین بتوانێت ڕێبەرێتی بکات. توانای ڕێبەرێتیکردن زۆر گرنگە چونکە ئەگەر لە کۆمەڵەکە جودا بویتەوە لەوانەیە کۆمەڵەیەکی ترت دەستنەکەوێت دوای بکەویت و کاری تێدا بکەیت.

ئەم لایەنە نەك تەنها بۆ پیشە سەربەخۆ و تاکەکان ڕاستە، بەڵکو بۆ کۆمپانیاکانیش ڕاستە و ئەمانیش دووچاری هەمان گرفت دەبنەوە. لەوانەیە دوای پیشەسازییەك بکەون لەپڕ شکست بێنێت. یان چەندان کاڵا دووبارە دروست بکەنەوە لەوەی سەرەتا دروستیان کردووە و سەرکەوتوو بووە، بێ ئاگا لەوەی بازاڕ چیدی ئەم کاڵایانەی ناوێت و داخوازیەکەی بەرەو نەمان دەچێت.

بۆ چەندان ساڵ، پیشەسازیی تۆمارکردنی گۆرانی لەلایەن چەند کۆمپانیایەکی کەمی زەبەلاحەوە بەڕێوە دەبرا، ئەم کۆمپانیایانە زۆر سەخت کاریان دەکرد بۆ ئەوەی دوای یەکدی بکەون. ئەگەر تێبینیت بکردایە هەموو کۆمپانیاکان هەمان کاڵا و نرخ و ڕێسا و گرێبەست و شێوازی پاکێجکردنیان هەبوو. ئەم کۆمپانیایانە هەموویان خۆیان لە

ڕەخنە گرتن بەدوور دەگرت بەوەی نەبنە ڕێبەر و لەنێو سنوری کۆمەڵەکەیاندا بمێننەوە.

بەڵام کاتێك بازاڕ دەگۆڕێت و تەکنۆلۆژیا پێش دەکەوێت، کۆمپانیاکانی تۆمارکردن هەمووی دەکەونە کێشەوە. بەهۆی ئەوەی کەسیان ڕێبەرێتییان نەکردووە و نازانن چۆن ئەنجامی بدەن و خۆیان لە نادیار بدەن، هەمووی گیر دەخۆن و دەتۆقێن و بەرەو شکست دەڕۆن. تەواوی پیشەسازیی تۆمارکردن ملیۆنان دۆلار خەرجدەکات بۆ ئەوەی شتەکان نەگۆڕێن و وەکو خۆیان بمێننەوە. بەڵام بێگومان لە کۆتاییدا هەر جیهان دەگۆڕێت و ناتوانن چاوەڕێی ئەوە بکەن شتەکان تەنها لەبەر خاتری ئەمان نەگۆڕێت!

وانەی مانگای مۆر (کاڵای ناوازە) شایەنی دووبارەکردنەوەیە: سەرکێشی نەکردن خۆی لە خۆیدا سەرکێشیە و مەترسیدارە

کۆمپانیا و شوێنی کارەکەت چی تاکتیکێك پەیڕەودەکەن تا وابکەن فەرمانبەرەکان لانەدەن و دوای ڕێبەر بکەون؟ چی ڕوودەدات ئەگەر تۆ لاتدا و شتێکی زۆر جیاوازت ئەنجامدا؟ ئەگەر زانیت ناتوانیت وەکو ئەوان بکەیت ئەوا لیستێك دروست بکە و بزانە چۆن دەتوانیت پێیان بگەیتەوە بەوەی جیاواز بیت.

# لێکۆڵینەوە لە کورسیی جۆری Aeron



پێش کۆمپانیای (Herman Miller) کورسی ئۆفیس زۆر ئاسایی و سادە بوون و ناویان لە ناواندا نەبوو. کورسی ئۆفیس لەلایەن بەشی سەرچاوە مرۆییەکانەوە هەڵدەبژێردرا و لەلایەن بەڕێوەبەری شوێنی کارەکەوە ڕەزامەندی لەسەر دەدرا، فەرمانبەریش هیچ نەیدەتوانی قسە لەم پرۆسەیەدا بکات. لەوانەشە فەرمانبەریش هیچ نەیزانیبێت جیاوازی نێوان کورسیەکانی ئۆفیس لە چیدایە.

کڕیارانی کورسی ئۆفیس بەدووی کورسی سەلامەت و بێ کێشەدا دەگەڕان. دروستکارانی کورسیش باش گوێیان لە کڕیاران گرت و کورسی

سەلامەت و بێ کێشەیان دروست کرد. بەڕاستی ئەمە بازاڕێکی بێ چالاکی و سادە بوو.

کاتێک کۆمپانیای (Herman Miller) کورسی جۆری Aeron پێشکەش کرد لە ساڵی ١٩٩٤دابەنرخی ٧٥٠دۆلار (!!!)،بەم کارە مەترسیەکی زۆر گەورەیان ئەنجامدا.

ئەم کۆمپانیایە کورسیەکی جیاوازیان دروستکرد کە بەجیاوازی کاریدەکرد و زۆریش گرانبەهابوو. بەڕاستی ئەم کاڵایە ناوازەبوو.

ئەوەی ئەم کورسیەی بدیبا حەزی دەکرد لەسەری دابنیشێت، و ئەوەشی لەسەریدا دەنیشت لەلای هاوڕێ و هاوپیشەکانی باسی دەکرد.

دیزاینەرەکانی ئەم کۆمپانیایە دەیانزانی نرخی ئەم کورسیە لە بازاڕدا زۆرە و خەڵکانی ئاسایی ئەم کورسیە ناکڕن، هەروەها دەشیانزانی ئەگەری زۆرە بڕێکی زۆر کەمی لێبفرۆشن.

بەڵام بارودۆخەکە بۆ ئەم کۆمپانیایە سەرکەوتوو بوو. دانیشتن لەسەر ئەم کورسیە پەیامێکی دەنارد بەوەی تۆ کەسێکی تایبەتیت و لە شوێنێکی تایبەتیدا کار دەکەیت. هەر پاش ماوەیەک لە دەرکەوتنی ئەم کورسیە، (Seth Goldstein) دامەزرێنەری کۆمپانیای (SiteSpecific) ی تایبەتمەند لە بازارگەری سەر ئینتەرنێتدا، ڕاستەوخۆ دوازدە کورسی کڕی و ئەمەش بووە هۆی ئەوەی ئەم کەسە بچێتە سەر پەڕەی ڕۆژنامەی (Wall Street Journal).

لێرەدا باسەکە ئەوە نیە کاڵایەکی سەیروسەمەرە دروست بکەیت و خوازیاربیت کاڵایەکی ناوازە دەربچێت. بەڵکو ئەمە بریتیە لە پێشکەشکردنی کاڵایەک بە بازاڕ و وەبەرهێنانە لە کاڵاکەدا وەک لە

بانگەشەکردن. لە ساڵی ١٩٩٤ەوە ملیۆنان کورسی Aeron فرۆشرا و ئێستاش ئەم کورسیە لە مۆزەخانەی هونەری سەردەم (Modern Art)دا دانراوە.

Mark Schurman ی کۆمپانیای Herman Miller دەڵێت:

"باشترین دیزاینەکان ئەوانەن کێشەیەك چارەسەر دەکەن، بەڵام ئەگەر توانیت کاڵاکەت لایەنێکی ناوازەی تێدابێت و سەرنجڕاکێش بێت، ئەوا سەرکەوتن بەدەست دێنیت"

ئەمە واتە ئەم کۆمپانیایە بۆی دەرکەوت دروستکردنی کورسیەکی ناوازە مەترسیدارترین کار بووە ئەنجامیان دابێت.

# کالآی بێ خەوش و قازانجدار و کالآ ناوازەکان

بانگەشەی بەربلاو پێویستی بە کالآی بەربلاوە. کالآی بەربلاویش هاوار دەکات بۆ ئەوەی بانگەشەی بەربلاوی بۆ ئەنجام بدرێت.

ئەم هاوکێشەیە سەردەکێشێت بۆ دووڕیانێک...

ڕێگەی یەکەم: کالآی سادە. ئەو کۆمپانیایانەی بۆ بازارگەڕی بەربلاو دروستکراون کالآی سادە دروست دەکەن، شێوەی کالآکانیان دەگۆڕن بە شێوەیەک بۆ هەمووان بگونجێت. ئەم کۆمپانیایانە ئەگەر بەهارات دروست بکەن دەچن بەهاراتێک دروست دەکەن کەمتر تون بێت، ئاستی خزمەتگوزاری هەرە باش دادەبەزێنن و نرخیشی دادەبەزێنن. ئەم کۆمپانیایانە گوێ دەگرن لە فرۆشیارانی سوپەرمارکێتە گەورەکان بزانن کڕیاران چییان دەوێت و چۆن بتوانن کالآیەک دروست بکەن سەرنجی هەموان ڕابکێشێت.

ئەم کۆمپانیایانە بانگەشەیەکی بەربلاو دروست دەکەن لە ڕۆژنامە و گۆڤار و تەلەڤیزیۆندا کە سەرنجی هەمووان ڕابکێشێت بۆ کالآیەک کە لەگەڵ هەمووان بگونجێت.

ئەم جۆرە بانگەشانە دەگاتە دوو جۆر بینەر:

- داهێنەر و لەخۆگرە خوازیارەکانی کالآ نوێیەکان بەم بانگەشە بەربلاوە بێزار دەبن و کالآکەت پشتگوێ دەخەن.
- کڕیارانی زووبەزوو لەگەڵ درەنگوەخت کە ئەگەری زۆر کەمە گوێ بگرن بۆ بانگەشەی هەر کالآیەک و ئەگەریشی زۆر کەمترە بیکڕن ئەگەر گوێشیان لێگرت.

بە ئامانجگرتنی ناوجەرگەی بازاڕ (زۆرترین کڕیار) و دیزاینکردنی کاڵاکان بە خواستی ئەمان، ئەم بازاڕگەڕانە هیچ ناکەن تەنها پارە بەفیڕۆدان نەبێت.

وەکو بینیمان، تاکە ڕێگەیەک بەوەی بیرۆکەیەک بگاتە ئەم بازاڕە بریتیە لە بانگەشەکردن بەپێی کۆمەڵەی کڕیارەکان. نەک یەک بانگەشە بۆ هەموو کڕیارێک بکەیت. وەکو وتمان ئەگەر سەرنجی پێشەنگەکان ڕانەکێشیت ئەوا دڵنیابە کاڵاکەت نابیسترێت و لە گیانەڵادا دەبێت.

ڕێگەی دووهەم: بوجەی ترسناک. بانگەشەی بەربڵاو پێویستی بە بوجەی قەڵەویشە، ئەگەر بانگەشەکەت سەرنج ڕانەکێشێت و وانەکات فرۆشیارانی دوکانەکان خوازیار بن دەستیان بگاتە کاڵاکەت و کارگەکان پەلە بکەن لە دروستکردنی کاڵای نوێدا، ئەوا بزانە سەرناکەویت. ئەم هەلەت لەدەستدا و هەلێکی ترت پێنادرێتەوە و کاڵاکەت تیا دەچێت.

باشە چی دەبێت ئەگەر ئەو بوجە زەبەلاحەی بۆ بانگەشەکردن داتناوە خەرجی بکەیت لە سێ کاڵای داهاتوودا و بیدەیت بە دیزاینەرەکانت؟

# لێکۆڵینەوە لە باشترین دوکانی کاری هەویر

باوکی (Lionel Poilane) هەویرسازێکی فەرەنسی بوو، هەر لە گەنجیەوە دوکانی کاری هەویری خێزانەکەی بۆ مابۆوە بە میرات. لەبری ئەوەی ئەم کەسە دابنیشێت و خەریکی هەویرسازی ئاسایی بێت، (Lionel) خووی گرت بەوەی کاڵای ناوازە دروست بکات.

ئەم کەسە لێکۆڵینەوەیەکی چڕی ئەنجامدا و چاوپێکەوتنی لەگەڵ زیاتر لە هەشت هەزار هەویرسازدا ئەنجامدا لەسەر ئەو تەکنیکانەی بەکاری دەهێنن. ئەم کەسە پێشەنگ بوو لە بەکارهێنانی ئاردی ئەندامیدا لە فەرەنسادا، ئەم کەسە ڕەتی کردەوە جۆرە کولیچەیەك دروست بکات چونکە دەیوت بێتامە و مۆرکی فەرەنسی پێوە نیە (کاتی خۆی لە شوێنێکی ترەوەهاوردەی فەرەنسا کرابوو). ئەم کەسە بڕێکی زۆری پەرتووکی خواردنی هەموو جیهانی خوێندەوە و لێکۆڵینەوەی لەسەر کردن.

جۆرێك لەو کولێرەیەی ئەم کەسە دروستی دەکرد تەنها بە ئارد و ئاو و خومرە و خوێی دەریایی دروستی دەکرد و لە فرنی داردا دەیبرژاند. ئەم کەسە ڕەتی دەکردەوە هەویرساز بخاتە سەرکار چونکە دەیوت هەندێك خوی خراپیان هەیە پێیان تەرك ناکرێت. لەبری ئەمە هەویرسازی لاوی دەخستە سەرکار کە خوازیاربوون شاگردی بۆ بکەن بۆ چەندساڵێك.

لە سەرەتادا کۆمەڵگەی فەرەنسی کاڵاکانی ئەم کەسەی ڕەت کردەوە بە پاساوی ئەوەی زۆر جیاوازن. بەڵام کاڵا ئاست بەرزە ناوازەکانی ئەم کەسە لە کۆتاییدا سەرکەوتنی بەدەستهێنا و سەرکەوتوو بوو.

له ئێستادا زۆرینەی چێشتخانە ئاست بەرزەکانی فەرەنسا کاڵاکانی ئەم هەویرسازە پێشکەش دەکەن. خەڵکی له هەموو جیهانەوە دێن و سەره دەگرن لەبەردەم دوکانە بچوکەکەیدا لە (Rue de Cherche Midi) تا کاڵا ناوازەکانی بکڕن. ئێستا کۆمپانیاکەی کاڵاکانی بۆ هەموو جیهان بە پاپۆڕ دەنێرێت.

له سالی ٢٠٠٢دا،ئەمکەسەبەبڕیزیاترلە١٠ملیۆندۆلارتەنهانانوسەمونی فرۆشت.

Assesment



# بازاڕگەرانی بەربلاو ڕقیان لە پێوانەکردنە

بازاڕگەرانی ڕاستەوخۆ بە دڵنیاییەوە دەزانن پێوانەکاری کلیکی سەرکەوتنە. پێوانەکاری واتە دۆزینەوەی چی سەرکەوتووە و پاشان ئەنجامدانی ئەم کارە بە ڕێژەیەکی زیاتر.

بازاڕگەرانی بەربلاو هەمیشە ڕقیان لەم کارە بووە. کاتێک کۆمپانیا کۆنەکەم تەکنۆلۆژیایەکی نوێی ناساند بە یەکێك لە چاپکارەکانی گۆڤار بۆ ئەوەی شیکاری بکات چەند کەس کام جۆرە بانگەشەی دیوە و چۆن کاردانەوەی بۆی هەبووە لەسەر ئینتەرنێت، سەرۆکی گۆڤارەکە سرپوو پاشان ڕاستەوخۆ ئەم بیرۆکەیەی ڕەت کردەوە، چونکە زانی ئەم تەکنۆلۆژیایە بانگەشەکەی دەکوژێت و کارەکەیان ئاڵۆزتر دەکات.

پێوانەکاری واتە گەڕان بەدووی ئەوەی کارناکات تا چاکی بکەیت. بانگەشەی بەربلاو چجای سەر تەلەڤیزۆن بێت یان چاپکراو هەمووی بریتیە لە ڕاکێشانی سۆز. ئەمەش دوورە لە گەڕان بەدووی چی کارناکات و چی کاردەکات.

بێگومان دەبێت ئەوانەی کاڵای ناوازە دروست دەکەن پێوانە کاریش ئەنجام بدەن. هەموو کاڵا و کاردانەوە و ڕێسایەك یان سەردەکەوێت (سەرنجی کڕیاران ڕادەکێشێت و ئەمانیش بیرۆکەکان بڵاو دەکەنەوە) یان کارناکات. ئەو کۆمپانیایانەی پێوانەکاری ئەنجام دەدەن بە خێرایی دەتوانن کاڵاکانیان باشتر بکەن و خەڵکی زیاتر باسیان بکەن.

کۆمپانیای سەرکەوتوو ئەوەی تەکنۆلۆژیا بەکاربێنێت بۆ زانینی ئەوەی کام کاڵا باش دەفرۆشرێت و چی کاری خۆی دەکات و باس دەکرێت، بۆ

ئەوەی زیاتر گرنگی بەم کاڵایە بدەن و ئەگەر کاریشی نەکرد لەناوی ببەن و کات و پارەکەیان لە شتێکی تردا خەرج بکەن.

کۆمپانیا سەرکەوتووەکانی پۆشاک هەر سێ هەفتە یان چوار هەفتە جارێك جۆری پۆشاکەکانیان دەگۆڕن بە تەماشاکردنی وردی ئەوەی چی دەفرۆشرێت و چی نافرۆشرێت. بەمەش هەل نامێڵنەوە تا ڕکابەرەکانیان بەخۆیاندا بچنەوە و پێشیان بدەنەوە.

ئایا تۆ دەتوانیت پێوانەکاری لە کارەکەتدا بکەیت؟

بەڕای تۆ چەندێك خێرا دەرەنجامەکانت پێدەگات؟

Can you do assesment in your buisnnes?

# لێکۆڵینەوە لە کۆمپانیای Logitech

چۆن ئەم کۆمپانیا تەکنۆلۆژیە بووە یەکێک لە خێراترین کۆمپانیای گەشەکردوو لە جیهانی تەکنۆلۆژیدا لە ئەمریکا؟ خۆ ئامراز و ماوس و کاڵاکانیان زۆر پێشکەوتوو نین لە ڕووی تەکنۆلۆژیەوە، ئەم سادەبوونی تەکنۆلۆژیەشیان نهێنی سەرکەوتنەکەیانە.

بەشی بەڕێوەبردنی ئەم کۆمپانیایە تێدەگات لەوەی ئەمان وەکو ئەوەیە لە بواری فاشندا کار بکەن. ناواخن و تەکنۆلۆژیای کاڵاکانیان زۆر گۆڕانکاری بەسەردا نایەت، بەڵام شەو و ڕۆژیان خستۆتە سەر یەك بۆ گۆڕین و باشترکردنی بەکارهێنان و ستایلی کاڵاکانیان.

ئەم کۆمپانیایە گوێ ناداتە بانگەشە، بەڵکو خوازیاری کاڵای شێوە ناوازەن و دەزانن ئەمە ئەوەیە کڕیارەکانیان دەیانەوێت بیکڕن.

# کێ لە جیهانی کاڵا ناوازەکاندا براوەیە؟

ئاشکرا و ڕوونە شکستخواردووە دۆڕاوە گەورەکان کێن، ئەو براندە گەورانەن کە کارگەی گەورەیان هەیە و ئامانجی زەبەلاحیان هەیە و کەوتونەتە سەر پێی خۆیان بەڵام ئامادەی دۆخی کتوپڕ و مەترسیدار نین. هەرکات ئالودە بوون بە بانگەشەی سەر تەلەفیزۆنەوە ئەم کۆمپانیایانە وایان کرد کاڵاکانیان زۆر سادە بێت و ناوازەبوونی پێوە دیار نەبێت.

ئەوانەی براوەن کۆمپانیا بچوک و مامناوەندەکانن کە عەودالی گەورەکردنی بازاڕەکانی خۆیانن ئەم کۆمپانیایانە هیچیان نیە لەدەستیان بچێت بەڵام ئەوەی زۆر گرنگە ئەوەیە ئەمان درکیان کردووە بەوەی ئەگەر یاساکان زوو زوو بگۆڕن ئەوا زۆر زیاتر دەفرۆشن. بێگومان کۆمپانیای گەورە هەیە کە ئامادەی مەترسیە و سەرکێشی دەکات، بە هەمان شێوە کۆمپانیای بچوکیش هەیە گیریان خواردووە لەسەر ڕێچکە سادەکەی خۆیان و کاڵا و ستراتیژیەتی سادەیان هەیە.

# لێکۆڵینەوە لە جۆرێکی نوێی میوەی کیوی

کۆتا جار کە وڵاتی نیوزلەندە میوەیەکی نوێی ناساند بە ئەمریکای باکور (کە ئەمە خۆی لە خۆیدا بیرۆکەیەکی نایاب بوو) بریتی بوو لە میوەی گوسبێری (ترێ فەرەنگی). بەڵام ناوی ئەم میوەیەیان گۆڕی و ناویان نا کیوی و بینیان لە سوپەرمارکێت و ئەوانەی شەیدای خۆراکی نوێن زۆر ڕەواجی هەبوو.

ئەمڕۆکە، ناساندنی میوەیەکی نوێ زۆر سەخت و گرانە. باشە چۆن بتوانن میوەیەکی شێوە ئاڵتوونی پێشکەش بکەن کە توێکڵەکەشی بخورێت؟

کۆمپانیایەک بە ناوی (Zespri) ئامانجی گرتەوە لە بازارێکی بچوک، ئەویش هاوڵاتیە لاتینۆکان (خەڵکانی ئەمریکای باشور بە گشتی) بوون کە حەزیان لە خۆراکی نوێ بوو. ئەم کیویە نوێیە لە شێوەدا لە مانگۆ و پاپایا دەچێت بەڵام هێندەش جیاوازی تێدایە تا ببێتە کاڵایەکی ناوازە. ئەم کۆمپانیایە زانی ئەم هاوڵاتیانە کات و حەزیان هەیە کاڵایەکی سروشتی نوێ بکڕن و تاقی بکەنەوە.

بەبێ هیچ بانگەشەیەک، کۆمپانیای (Zespri) ئەم میوەیەی ناساند و خستیە بەردەم ئەوانەی بیرۆکە بڵاو دەکەنەوە، بەم کارەش سەرکێشیەکی گەورەی کرد تەنها ئامانجی لەم هاوڵاتیە لاتینۆیانە گرت و توانی سنورەکان بشکێنێت و بڕێکی زۆر بفرۆشێت! لە ٢٠٠٢دائەمکۆمپانیایەبەبڕی١٠٠ملیۆندۆلارئەممیوەیەیفرۆشت!

# سودەکانی کاڵای ناوازە

شتێکی ڕاستەوانەیە لەکاتێکدا جیهان ڕۆژ بە ڕۆژ بەرزونزمی زیاتر بەخۆوە دەبینێت خەڵکی زیاتر بەدووی ئارامگە و سەلامەتیدا دەگەڕێن، دەیانەوێت چەندێك بتوانن مەترسی لە کاروبار و پیشەکانیان دوور بخەنەوە.

لێرەدا زۆر کەس بە هەڵەدا دەچێت لەوەی وادەزانن ئەگەر بتەوێت سەلامەت بیت دەبێت سەرکێشی نەکەیت و خۆت بشاریتەوە و بەمەش تا بێت خەڵکانیکی کەمتر و کەمتر هەوڵی دروستکردنی کاڵایەکی ناوازە دەدەن.

لە هەمان کاتدا، بازاڕ تا بێت خێراتر دەبێت و زوو زوو دەگۆڕێت. ڕاستە ئێمە زۆر سەرقاڵین تا سەرنجی بانگەشەکان بدەین بەڵام هێشتا بەشێکی خەڵکی هەر بەدووی کاڵای نوێدا دەگەڕێن و ئۆقرەیان نیە. زۆر کەس بە خۆشحاڵیەوە زوو زوو کاڵا و خزمەتگوزاریەکانیان دەگۆڕن تەنها بۆ ئەوەی سەردەمیانە و نوێ بژین. ئەگەر فرۆشیارێك وەڕست دەکات، ئێ خۆ ڕێك لە خوار ئەوەوە فرۆشیارێکی تر هەیە و لەوانەیە کاڵاکەی باشتر و هەرزانتریش بێت. لەکاتێکدا خەڵکانێکی کەم هەن بیانەوێت کاڵای ناوازە دروست بکەن بەڵام هێشتا قازانجی دروستکردنی کاڵای ناوازە لە بەرزبوونەوەدایە.

گرنگ نیە کاڵاکەت هەرچیەك بێت، بەڵام ئەگەر ناوازە بێت دڵنیابە ئەو داهات و ئیمتیازات و دەسەڵاتەی پێت دەدات هێشتا هەر زۆر گەورە و بێ

وێنەیە. لە بەرامبەر ئەوەی سەرکێشیەکی گەورەت کردووە، قازانجێکی گەورە و هەستێکی نایاب بەدەست دێنیت.

ئەوەی زۆر نایابترە ئەوەیە پێویست ناکات بەردەوام و هەمیشە کاڵاکانت ناوازە بێت. کۆمپانیای ستاربەکس (کۆمپانیای قاوە و بابەتەکانی) تەنها چەند ساڵێك ناوازە بوو، ئێستا بەلای هەموانەوە سادەن، بەڵام ئەو داهێنان و ناوازەیەتیەی دروستی کرد کاتی خۆی وایکرد بە هەموو جیهاندا تەشەنە بکەن و بناسرێن، ئێستاش ئەم کۆمپانیایە قازانجی ئەو کاتەیە وەریدەگرێتەوە. پێش ستاربەکس کۆمپانیایەکی تر هەبوو زۆر بەناوبانگ بوون، بەڵام سەرکێشیان نەکرد و نەیاندەویست مەترسی بگرنە خۆ، کۆمپانیای ستاربەکس هات و پێشی ئەمانی دایەوە و داهێنانی کرد و ئێستاش هەر لە قازانجدان.

لە هەر پیشەسازی و پیشەیەکدا بیت، ئەگەر کاڵا و خزمەتگوزاریەکی ناوازەت دروستکرد، قازانجی گەورە بەدەستدێنیت و ناوبانگت بڵاو دەبێتەوە. هەر کات کاڵا و خزمەتگوزاریە ناوازەکەت دروستکرد، ئاستەنگیەکە بریتی دەبێت لە ئەنجامدانی دوو شت:

- تا بتوانیت قازانج لە کاڵا ناوازەکەت وەرگرە. بزانە چۆن دەتوانیت قازانجەکەی بۆ ماوەیەکی دووردرێژ و چەندێك لە توانادایە درێژ بکەیتەوە.
- ژینگەیەك دروست بکە تیایدا بتوانیت کاڵای ناوازەی تر دابهێنیت بۆ جێگرتنەوەی کاڵاکەی یەکەمت لە دۆخی کاڵبونەوە و ئاسایی بونەوەی کاڵاکەتدا.

بێگومان ئەم دوو ئامانجە تا ڕادەیەک دژ یەکن، چونکە ئەو کەسەی کاڵایەکی ناوازە دادەهێنێت و دروست دەکات، چێژ لە قازانج و بەربڵاوی و ناوبانگەکەی وەردەگرێت و هەوڵنادات کاڵایەکی تری ناوازە دروست بکات، بەڵکو پاڵی لێدەدەنەوە و تا دەتوانن لەم کاڵا ناوازەیەیان دروست دەکەن و مەترسی تر ناگرنە خۆ و سەرکێشی ناکەن.

چەندان کۆمپانیای وەکو کۆمپیوتەری دەستی و یاهوو و چەندانی تر کاڵایەکی ناوازەیان دروستکرد و پاشان ئیمپراتۆریەتێکی مەزنیان لە دەوری ئەم کاڵا ناوازەیەیان دروست کرد و پاڵیان لێدایەوە و وەکو دیاربوو هەموویان شکستیان هێنا پاش ماوەیەک و کەوتنە پاش.

پاڵ دانەوە و پشوو وەرگرتن و هەوڵنەدان بۆ دروستکردنی کاڵای نوێ زۆر ئاسانە و هەرکات پاڵت لێدایەوە ئالودەی دەبیت و ناتوانیت لە چاڵی پشووەکەت بێیتە دەرەوە و پێشبکەویت.

# لێکۆڵینەوە لە گۆشت فرۆشە ئیتاڵیەکە

هەزاران گۆشت فرۆش لە ئیتاڵیادا بوونیان هەیە، بەڵام تەنها یەک دانەیان بەناوبانگە (هەر ئەم دانەیەش دەوڵەمەندە). ئەویش (Dario Cecchini) یە، ئەم کەسە لە گۆڤارەکان و پەرتووکی خۆراکەکاندا ئامـاژەی پێکـراوە. دوکانەکـەی ئـەم کەسـە تەمـەنی ٢٥٠ساڵەولەناوچەی (Panzano) یە، هەمیشـەش جـەنجاڵ بـووە و پـڕ بووە لە کڕیار. لە چەندان ناوچەی جیهانەوە خەڵکی سەردانی ئەم دوکانە دەکەن و گوێ لە قسە خۆشەکانی ئەم کەسە دەگرن. ئەم کەسە بیری لە چـەند ڕێگەیـەکی جیـاواز کـردەوە بـۆ فرۆشـتنی گۆشـت و نـاردنی بـە شێوەیەکی ژیرانە و بەپێی پێداویستی خەڵکی.

# واڵ ستریت و کاڵای ناوازە

دۆخی ئێستای بازاڕ زۆر سەختە، کاتی خۆی لەگەڵ تەشەنە کردنی ئینتەرنێتدا چەندان کۆمپانیا گەشەیانکرد و کاڵای ناوازەیان دروستکرد و سەلمانیان کاڵاکانیان ناوازەن. جا کاڵا ناوازەکان شوێنی چاتکردن بوبێت یان ماڵپەڕی هەڵگرتنی داتا بووبیت یان کۆمپانیای تر بووبێت هەموویان توانیان وابکەن لە واڵ ستریت باس بکرێن.

بەڵام بەداخەوە هەروەکو هەموو جارێك، کۆمپانیاکان بیریان چۆوە چۆن کاڵا ناوازەکەیان بپارێزن، لەبری ئەوەی پارە و قازانجەکان بەکاربێنن لە دروستکردن و داهێنانی چەندان کاڵا و خزمەتگوزاری ناوازەی تردا لەسەر ئاستێکی گەورەتر و بەرزتر، ئەم کۆمپانیایانە قازانجەکانیان هەڵگرت و باڵیان لێدایەوە. لە پاش ئەمەش بە خێرایی بازاڕ گەشەی کرد و ئەمان نەیانتوانی پێی بگەنەوە و شکستیان هێنا و قازانجەکانیان یان نەما یان زۆر کەمبۆوە.

# پێچەوانەی ناوازە

ئەو بیرۆکانەی ناوازەن ئەگەری زۆر زیاترە بڵاو ببنەوە لەوانەی ناوازە نین. بەڵام خەڵکانێکی زۆر کەم هەوڵی دروستکردنی کاڵای ناوازە دەدەن. بەڕای من ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی بە ڕای خەڵکی پێچەوانەی کاڵای ناوازە بریتیە لە کاڵای زۆر خراپ و بێ بایەخ و بێ سود. بەڵام ئەمە هەڵەیە، چونکە پێچەوانەی ناوازە بریتیە لە زۆر باش. کاتێك کاڵایەکی زۆر باش دروست دەکەن سەریان لێتێك دەچێت و ئەمە تێکەڵ دەکەن لەگەڵ کاڵای خراپدا. لێرەدا باسەکە هیچ لەسەر جۆرایەتی نیە.

تۆ ئەگەر گەشتێکی ئاسمانی بکەیت و بە سەلامەتی و بە باشی بگەیتە جێی خۆت، لای کەس باسی ناکەیت. بەڵام ئەگەر زۆر دوایان خستیت و بە خراپی مامەڵەیان لەگەڵ کردیت و تکتەکەتیان ون کرد و خواردنی ناخۆش و خراپیان پێشکەش کردیت لە ناو فڕۆکەکەدا تۆش لای هاوڕێکانت باسی دەکەیت!

بە ڕای خۆت کاڵای زۆر باش دروست دەکەیت؟

# مرووی ناو بوتڵەکە

کاتی خۆی شامپۆیەك هەبوو بە ناوی (Prell)، ئەم شامپۆیە بوتڵێکی ئاوی بوو وە شامپۆکەشی ڕەنگی سەوز بوو.

لەناو بوتڵەکەدا مروویەك هەبوو لەکاتی جوڵاندنی بوتڵەکەدا مروویەکیاری دەکرد و دەجولا لەسەرەوە بۆ خوارەوە و بەپێچەوانەوە. ئەمەش لە هەموو بانگەشەکانی ئەم شامپۆیەدا بە ڕوونی پیشان دەدرا.

بانگەشەکانی سەر تەلەڤیزۆن ئەم جوڵە خاوەیان زۆر بە شێوەیەکی سەرکەوتوو نیشان دا و بانگەشەیەکی سەرکەوتوویان بۆ ئەنجام دا، هەرچەندە باس نەدەکرا بۆ ئەم مرووەلەم بوتڵەدایە.

بەڕای تۆ لە بواری ماکیاژدا کاڵای ناوازە هەیە؟ چونکە هەموو شامپۆکان وەکو یەکن و ئەوەی لەلایەن کڕیارەوە تێبینی دەکرێت شێوەی دەرەوەی بوتڵەکە و وێنە و ڕەنگەکانی سەر بوتڵەکەیە، نەك کاریگەرێتی خودی شامپۆکە.

بەراوردی دابەزینی ناوبانگی شامپۆی (Prell) بکە (بەهۆی شکستهێنانی بانگەشەی سەر تەلەڤیزۆنەوە) بە شامپۆی (Dr. Bronner).

شامپۆی (Dr. Bronner) هیچ بانگەشەیەك ناکات کەچی زۆر بڵاوە و فرۆشی باشی هەیە. بۆچی؟ بەهۆی شێوە و پێچانەوە بێ وێنەکەیەوە.

زۆرینەی خەڵکی باسی ئەم کاڵایە دەکەن بۆ هاوڕێکانیان یان خەڵکان لە ماڵی خزمان و دۆستانیان دەیبینن و چەندان وشە و ڕستەی سەرنجڕاکێشی لەسەر نوسراوە، وەکو (خۆراکی هاوسەنگ بۆ هێز و جەستە و ڕوحمان وەکو دەرمان وایە بۆمان).

یەکێك لە ناوازەیەتی ئەم شامپۆیە ئەوەیە ئامانجی لە کۆمەڵێکی تایبەتی گرتۆتەوە، نەك هەموو کەس. ئەمانیش بە خۆشحاڵیەوە باسی شامپۆکە دەکەن لەلای هاوڕێ و هاوپیشەکانیان و بەمەش بیرۆکەکە بڵاو دەبێتەوە.

تۆش ئێستا هەوڵبدە ناوازەیەتی لە پێچانەوە و شێوەی کاڵایەکتدا بکەیت

WTF

this Paragraph contradicts the whole Concept of the book

## دانیشه، لەخۆتەوە شت مەکە!

Positive + maybe it implies grotesque adjustments

بەشەکانی بازاڕگەڕی زۆرجار دەیانەوێت بوونی خۆیان بسەلمێنن. ئەگەر هەستیان کرد دروشمی سالی پاریان کۆن بووە، ملیۆنان دۆلار خەرج دەکەن بۆ بلاو کردنەوە و داهێنانی دروشمێکی نوێ. ئەگەر ڕێژەی فرۆش کەم ببێتەوە، بازاڕگەڕەکان ڕاوێژکارێك دەگرن بەکرێ بۆ ئەوەی فریایان بکەوێت و بەرگێکی نوێ بکات بەبەری کالاکانیاندا.

زۆر جار، ئەم هەوڵە بازاڕگەڕیانە لە دەرەنجامی سازانەوەیە. یان کێشە لە بوجەدایە (پارەی تەواومان لەبەردەستدا نیە، با دروشمێکی نوێ دروست بکەین وەك لە کالایەکی نوێ)، یان کێشە لە کالادایە (ئەم کالا نوێیە لەوانەیە ببێتە هۆی ڕەنجانی کڕیارەکانمان، با کالایەکی گونجاوتر دروست بکەین). بەبێ جیاوازی ئەم جۆرە سازانە زۆر خراپترە لەوەی هیچ نەکەیت.

ئەگەر هیچ نەکەیت، بەلایەنی کەمەوە ترسی ئەوەت نابێت کارێکی هەلە بکەیت و ئەو کڕیارانەی هەشتە لەخۆت بڕەنجێنیت و لێت دووربکەونەوە، ئەمەش بە کالای بێ هودە و بێ سوود. ئەگەر هیچ نەکەیت، بەلای کەمەوە کڕیارە سەرنجڕاکێشراوەکانت هێشتا بە باشە باسی کالاکانت دەکەن و بیرۆکەکانت بلاو دەکەنەوە. ئەگەر هەر کات نا کاتێك کالاکانت بە کالای سەیروسەمەرە و پڕوپوچ بگۆڕیت ئەگەری زۆر کەمە کڕیارانی تر بۆخۆت ڕابکێشیت و ئەگەری زۆر کەمە کڕیارەکانی ئێستات بهێلیتەوە.

ئایسکرێمی بەناوبانگی (Ben & Jerry) بۆ چەندانساڵ خۆیان گرت و کاری هەڵەیان نەکرد، ئەمان ساڵی جارێك لە هەموو دوکانەکانیاندا یەك ڕۆژ بە خۆڕایی ئایسکرێم دەفرۆشن، نەچون بۆ ماوەی هەفتەیەك درێژی بکەنەوە یان داشکاندنێکی زۆر بکەن و زیان لەخۆیان بدەن!
کۆمپانیایەکی تری ئەلیکترۆنی ناچێت هەموو ساڵێك کاڵایەکی سەیرو سەمەرە و بێ هودە و بێ سودی ئەلیکترۆنی دەربکات، بەڵکو لەماوەی دە ساڵدا چەند دانەیەکی کەم دروست دەکەن.

نەکردنی هیچ وەکو کردنی کارێکی مەزن نیە. بەلام بازاڕگەری و بانگەشە تەنها لەوەی خۆت سەرقاڵ بکەیت و سودی نەبێت زۆر مەترسیدار ترە لەوەی هیچ نەکەیت.

چی دەبێت ئەگەر بۆ ماوەیەك بوەستیت و کاڵای نوێ دروست نەکەیت و لەبری ئەمە کالا کلاسیکیە کۆنە سەرکەوتووەکانت دروست بکەیتەوە تەنها بۆ نوێکردنەوەی بازاڕ؟

# لێکۆڵینەوە لە خزمەتگوزاری پۆستەی ویلایەتەیەکگرتوەکان

چەند ڕێکخراو و شوێنێکی کاری زۆر کەم هەن بەکارهێنەری دڵ ناسکیان هەبێت وەکو خزمەتگوزاری پۆستەی ویلایەتەیەکگرتوەکان. بەکارهێنەرانی ئەم خزمەتگوزاریە زۆر و پارێزگارکارن. لەبەر ئەمە ئەم خزمەتگوزاریە زۆر بە ئاستەم دەتوانێت داهێنان ئەنجام بدات. بازارگەرە کۆنە گەورەکان زۆر خۆشحاڵن لەم دۆخەدا کار بکەن و نایانەوێت بازار گۆڕانکاری بەسەردا بێت. زۆربەی خەڵکانیش هیچ پەلەیان نیە و خوازیار نین لەوەی شێوازی پۆستەکردنیان بگۆڕن.

زۆرینەی هەوڵەکانی داهێنان لەم خزمەتگوزاریەدا یان پشتگوێ دەخرا یان ڕەت دەکرایەوە. بەڵام داهێنانی نوسینی کۆدی ناوچە سەرکەوتنێکی گەورەی بەخۆوە دی. ئەم کارە پاش چەند ساڵێك وای لێهات ژمارەی بەکارهێنەران زۆر زیاد بێت و تۆماری داتابەیسەکانیش گۆڕانکاریەکی زۆر گەورەی بەسەردا هات.

بە نوسینی کۆدی ناوچە بازارگەران توانیان شوێن و گەڕەکەکان بناسنەوە و بەپێی خواستی گەڕەك بانگەشەکانیان ڕێکبخەن و بگونجێنن. لەگەڵ ئەمەشدا پۆستەکان زۆر خێراتر و ئاسانتر دەگەشتنە شوێنەکانی خۆیان. ئەم گۆڕانکاریە کالآیەکی ناوازە بوو. بەهۆی ئاسانکاری و خێرایی و کەم تێچوویی ئەم گۆڕانکاریەوە سەرنجی

بەکارهێنەرانی زۆری بۆخۆی ڕاکێشا و بەمەش قازانجی دامەزراوەکە زۆر زیادی کرد.

لایەنێکی تر بریتی بوو لەوەی ئەم خزمەتگوزاریە بە ژیرانە داهێنانەکەی تەنها لەسەر ئەو کەس و ڕێکخراوانە تاقیکردنەوە کە لەڕوی تەکنۆلۆژیەوە ئاگادار بوون و شارەزا بوون و نرخ و خێراییان بەلاوە زۆر گرنگ بوو. ئەم کۆمەڵەی یەکەم زۆر بە باشی بیرۆکەکەیان بڵاو کردەوە و گەشتە کەسانی کەمتر شارەزا لە تەکنۆلۆژیدا.

ئەو وانەیەی لێرەدا فێری دەبین زۆر سادەیە، تا بازاڕەکەت جەنجاڵ تر و کڕیار و بەکارهێنەرەکانت سەرقاڵتر بن، ئەوا زیاتر پێویستت بە کاڵای ناوازە دەبێت. نیمچە پێوانەکاری و نیمچە لێکۆڵینەوە لە بازاڕ هەمیشە شکست دێنێت. پڕکردنی کاڵا و خزمەتگوزاریەکەت بە چاکسازی بنەڕەتی کە کڕیار و بەکارهێنەرە دروستەکان و گرنگەکان پێیان باشە هەمیشە دەبێتە قازانجێکی زۆر باش.

# گەڕان بەدووی Otaku دا

گەلی یابان بەڕاستی چەندان وشەی بەسوودیان دروست کردووە. یەکێك لەو وشانە (ئۆتاکو)ە. ئۆتاکو باسی شتێك دەکات کە زیاتر خولیا بێت وەك لەوەی بوبێتە گرێیەکی دەروونی. ئۆتاکو بریتیە لە حەزێکی مەزن کە وابکات کەسێك لەمسەری شارەوە بڕوات بۆ ئەو سەری شار تەنها بۆ تاقیکردنەوەی خۆراکێکی نویێ کە ناوبانگی هەبێت. ئۆتاکو بریتیە لە حەزی دۆزینەوەی هەموو شتێك دەربارەی کەسێکی بەناوبانگ و پاشان گێڕانەوەی بە شێوەیەکی ورد بۆ هاوڕێ و خولیادۆستەکانت.

خەڵکی گۆڤارێکی تایبەت دەخوێننەوە چونکە هەستی ئۆتاکویان هەیە بەرامبەر کار. خەڵکی سەردانی نمایشەکانی ئۆتۆمبیل دەکەن چونکە ئۆتاکویان هەیە بەرامبەر تەکنۆلۆژیا و کاڵای نوێ.

وەکو دیارە، ئۆتاکو هەستێکە لەناواخنی دیاردەی مانگای مۆردایە.

وەکو پێشتر باسمان کرد، کۆمپانیاکان ناتوانن سەربکەون و بەردەوام بن تەنها بە پڕکردنەوەی پێویستیە بنەڕەتیەکان. بەڵکو دەبێت کڕیارە بەجۆشەکان بدۆزنەوە و وابکەن ئەم کڕیارانە بیرۆکەی کاڵا نوێیەکانیان بڵاو بکەنەوە. ئا لێرەدا هەستی ئۆتاکو دروست دەبێت.

ئەو کڕیار و بەکارهێنەرانی هەستی ئۆتاکویان هەیە ئەوانەن بیرۆکەکان بڵاو دەکەنەوە، ئەمانە پڕمیوەکانن. ئەمانە ئەو کەسانەن کاتی خۆیان

تەرخان دەکەن بۆ فێربوون لەسەر کاڵاکان و سەرکێشی دەکەن بە کڕینی کاڵاکە و پاشان کاتی هاوڕێکانیان دەگرن بەوەی باسی کاڵاکانیان بۆ بکەن. هەندێك کۆمەڵە و بازاڕ، خەڵکانی ئۆتاکویان زۆرترە، دەبێت بازارگەرە ژیر و ناوازەکان ئەم بازاڕانە بدۆزنەوە و تەرکیزی زیاتریان بکەنەوە سەر، بەبێ گوێدانە قەبارەی کڕیار و بەکارهێنەرەکان.
کارسازە ژیرەکان ئەوانەن ئەو بازاڕانە دەکەنە ئامانج کە کەسانێکیان تێدایە خاوەنی هەستی ئۆتاکون

# پرۆسه و پلانەکه

باشه ئایا رێگەیەکی مسۆگەر هەیه هەموو کاتێك بتوانی کالآیەکی ناوازەی پێ دروست بکەیت؟ ئایا هاوکێشەیەکی نهێنی هەیه؟ ئایا جادوویەك هەیه بتوانی بیخوێنیت و راستەوخۆ لایەنی داهێنەریت زیاد بکات و لە هەمان کاتیشدا لە واقیعدا بمێنیتەوه و نەچیتە دونیای ئەندێشەوه؟

بێگومان نەخێر.

هیچ جۆره پلانێك بوونی نیه. دابەزینی فرۆشی کالآ ناوازەکانی هەموو کۆمپانیاکان ئەوه دەگەیەنێت هیچ یاسا و پەرتوکێك بوونی نیه لەسەر ئەوەی هەموو کاتێك بتوانیت کالآی ناوازه دروست بکەیت. ئەمه هۆکارێکه لەوەی دۆزینەوەی روانگەی دروست بۆ بینینی کالآی ناوازه زۆر سەخت بێت. ئەگەر تەماشای رابردوومان بکەین لە دروستکردنی کالآ ناوازەکاندا، دەڵێین "خۆ ئەو رێگەیه کاری خۆی کرد و سەرکەوت!" خۆی لە خۆیدا کالآی ناوازه بریتیه لەوەی ناوازه بوویێت بەپێی هەلومەرج و دۆخی ئەو کاته. کاتێك دێینەوه ئێستا بۆمان دەردەکەوێت دروستکردنی کالآی ناوازه بەراستی سەخت و زەحمەته.

ئەگەر تۆ ئەم پەرتووکەت کڕیوه و بۆ ئەوه دەیخوێنیتەوه تا بزانیت چۆن پلان بۆ کالآی ناوازه دابڕێژیت، ئەوا بە داوای لێبوردنەوه پێت دەڵێم من

هـیچ پـلان و ڕێگەیـەکم پـێ نیـە بـۆت! بـەڵام مـن پرۆسـەکە دەزانم. سیستەمێك هیچ تەکتیکێکی تێدا نیە بەڵام کاری خۆی دەکات.

سیستەمەکەش زۆر سادەیە: سەرکێشی بکە، تەحەدای خـۆت و تیمەکـەت بکـە بـۆ ئـەوەی بزانیـت سەرکێشیـەکان چین، پاشـان تـاقی بکـەوە کـام سەرکێشی سەر دەگرێت و ئەگەری هەیـە کـاری خـۆی بکـات و لـە بـازاڕدا فرۆشی زۆری هەبێت و داهاتێکی باشت بۆ پەیدا بکات.

بە پێداچـوونەوەی پایـەکانی خـۆت، بـۆت دەردەکـەوێت سەرکێشـیەکانت لەکوێدان.

پاشان بۆت دەردەکەوێت ڕکابەریەکـە لەکوێدایـە و چیـە. بـەبێ تێگەشـتن لـەم ڕوانگەیـە دڵنیابـە ناتوانیـت هـەنگاوی داهـاتوو بنێیـت و بزانیـت کـام داهێنان پشتگیریت دەکات.

بزانە چـۆن لـە خزمـەتگوزاری و نرخـدا سەرکێشـی دەکـەیت و قـازانجیش دەکەیت.

# هێزی دروشم

دروشم کاتی خۆی زۆر گرنگ بوو چونکە دەبوایە بەهۆی دروشمەکەتەوە بانگەشەکەت بۆ کالاَکەت بکەیت لەسەر تەلەڤیزۆن و پەیامەکەت لەماوەی چەند چرکەیەکی کەمدا بگەیەنیت. ئەمڕۆ هەمان کورتبڕی گرنگە بەلاَم بۆ هۆکارێکی جیاواز. دروشمێک کە کڕۆك و ناواخنی کالاَ ناوازەکەت بگەیەنێت. کڕۆکێك وا لە بەکاربەر و کڕیارەکان بکات باسی کالاَکەت لەلای هاوتا و هاوپیشەکانیان بکەن. دروشمەکە ئەمە یادی بەکاربەر و کڕیارەکە دەهێنێتەوە: "لەبەر ئەم هۆکارەیە ئێمە شایەنی باسکردنین لەلای ناسیاوەکانت، لەبەر ئەم هۆکارە هاوڕێ و هاوپیشەکانت دڵخۆش دەبن باسی ئێمەیان بۆ بکەیت" لە هەمووشی باشتر دروشمەکە ئەوە مسۆگەر دەکات بیرۆکەکەت لەسەر وشەی زار بەباشی بلاَو ببێتەوە.

تاوەری چەماوەی پیزا سالاَنە ملیۆنان کەس سەردانی دەکەن. ئەم شوێنەوارە ڕێك ئەوەیە کە لە بانگەشەکاندا هەیە. پەیامی بانگەشەکەی هیچ شتێکی ئالۆزی تێدا نیە، هیچ "هەروەها" و "لەگەڵ" و "سەرباری ئەمانە"ی لەگەڵدا نیە. بانگەشەکە تەنها خودی تاوەرەکە پیشان دەدات لەناو باخەکەدا. ئەگەر وێنەی ئەم تاوەرە بخەیتە سەر تی شێرتێك پەیامەکەی ڕاستەوخۆ و بەڕوونی دەگات بۆ هەر کەسێك ئەم وێنەیە ببینێت. لێردا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت تۆ بانگەشەکە بۆ کالاَکە ناکەیت، خودی کالاَکە خۆی بانگەشەیە.

هیچ دروشمێکت پێیە بەهێز و ڕاستەقینە بێت؟ ئایا جێگیر و بەردەوامە؟ ئایا شایەنی باسکردن و بلاَو کردنەوەیە؟

## ئەوە بفرۆشە کە خەڵکی دەیکڕن (باسیشی بکە!)

چەند ساڵێك لەمەوبەر و پاش شکستێکی تر لە فرۆشدا درکم بە ڕاستیەکی زۆر زەق کرد، ئەوەیش بریتیە لەوەی زۆر ئاسانترە شتانێك بفرۆشیت کە خەڵکی لە مەزاجی کڕینیدا بن. هەرچەندە ئەم ڕاستیە زۆر زەق و ئاشکرایە بەڵام بازارگەڕان لەمە تێناگەن و بڕیاری هەڵە دەدەن، جارێ کڕیاران لە کاڵایەك تێنگەشتوون، ئەمان دەچن بانگەشە بۆ جۆرێکی تری کاڵاکە دەکەن! ئەمەش هەڵەیە و زۆرجار لە شکستی کاڵاکە دەبێت و لێی نافرۆشرێت.

# کێشەی سازان

ئەگەر ویستت کالآیەکی ناوازە دروست بکەیت، بەلآم کالآکەت زۆر ئالۆز بوو، ئەوا دڵنیابە سەرکەوتنی زۆر کەم دەبێتەوە.

سازان بریتیە لە کەمکردنەوەی ئالۆزیەکان و گونجاندنی لەگەڵ بازاڕ و کێشەی خەڵکیدا. لە زۆربەی بازاڕەکاندا، کالآ سادەکان و ئاساییەکان هەن. ئەگەر بتەوێت کالآیەکی ناوازە بخەیتە بازاڕەوە، ئەگەری زۆرە کارێکی زۆر سەخت بێت.

ئەگەر کەسێك لە شوێنی کارەکەتدا جۆش و هاندانی هەیە بۆ ئەوەی کالآیەکی ناوازە و خزمەتگوزاری و گۆڕانکاریەك ئەنجام بدات، ڕێی بدە و ڕێگری لێ مەکە!

# لێکۆڵینەوە لە مۆتۆرۆلا و نۆکیا

دەزانی چی؟ خەریکە وای لێدێت مۆبایل داهێنانی گەورەی تێدا نەکرێت و ببێتە کالآیەکی سادە. ئەمڕۆکە ئەوەی پێویستی بە مۆبایل بوبێت، ئێستا ڕەنگە لە بری دانەیەك دووانی پێبێت. ئەو کۆمپانیایانەی بەم کالآیە شۆڕشیان ئەنجامدا ئێستا تووشی کێشە بوون و نازانن بۆ دواتر چی ئەنجام بدەن!

دەبێت چی زیاد بکەن لە مۆبایلەکاندا تا سەرنجی خەڵکی ڕابکێشێت؟ ئایا چیتر دەتوانرێت مۆبایلی ناوازە دروست بکرێت؟ ئەم دوو کۆمپانیایە درکیان بەوەکرد چیتر مۆبایلی بچوك سەرنجی خەڵکی ڕاناکێشێت، بۆیە بڕیاریاندا مۆبایلی گەورە دروست بکەن. پاشان بڕیاریاندا مۆبایلی ئاست بەرز و هەرزان دروست بکەن.

# سوڕی کاڵای ناوازه

ئایا دروستکردنی کاڵای ناوازە لەم جیهانە جەنجاڵەدا بە واتای ئەوە دێت دەبێت بیرۆکەکانیشت جەنجاڵ بێت؟

بەڕای من ڕۆڵی کڕیاران زۆر ناگۆڕێت، خەڵکان حەزیان بە بڵاو کردنەوەی بیرۆکەی ناوازە هەیە، حەز دەکەن گوێ لە بانگەشەی ناوازە بگرن. هەروەها هەندێك کڕیاریش هەن تاقەتی بانگەشەیان نیە و ئاگایان لێ نیە چی نوێ لە بازاڕدایە. بەڵام ئەوەی ئێمە بەلامانەوە گرنگە کڕیارەکانی کۆمەڵەی یەکەمن، ئەوانەی بیرۆکەکان لەلای ناسیاوەکانیان بڵاو دەکەنەوە، دەبێت ڕێز لەمانە بگرین بۆ ئەوەی گوێمان لێبگرن.

لێرەدا چوار هەنگاو هەیە:

١. مۆڵەت لەو کەسانەی کۆمەڵەی یەکەمجار وەرگرە کە توانیوتە سەرنجیان ڕابکێشیت، مۆڵەتیان لێوەربگرە بۆ ئەوەی ئایا ڕێت پێدەدەن لە جاری داهاتوودا ئاگاداریان بکەیتەوە لە بوونی کاڵایەکی ناوازە یان نا.

٢. یارمەتیدەری ئەو کەسانە بە کە بیرۆکەکانت بڵاو دەکەنەوە و دەیگەیەننە زۆرترین کەس.

٣. هەر کات کاڵاکەت قازانجی کرد، ڕێبدە تیمێکی تری شوێنی کارەکەت قازانج بکات و سوودی لێببینێت. پاش ئەوەی کڕیار لە کاڵاکەت تێگەشت، چەندان جۆری تری لێ دروست بکە.

٤. پاشان وەبەرهێنانی تێدا بکە، ئەم کارە دووبارە بکەوە. پاشان کاڵایەکی تری ناوازە دروست بکە (بۆ هەمان کۆمەڵە لە کڕیار)، شکست دوای شکست کێشە نیە.

# بازارگەربوون لەمرۆکەدا واتای چیە؟

ئەگەر کالای ناوازە یەکێك بێت لە پایەکانی بازارگەری، ئەوا دەبێتە گۆڕینی پێناسی خودی کاری بازارگەری.

کاتی خۆی ئەندازیاری بریتی بوو لە داهێنان، بیناسازی بریتی بوو لە بنیادنان، بازارگەری بریتی بوو لە بازارگەریی و فرۆشیش بریتی بوو لە فرۆشتن. هێڵێکی جیاکاری ئاشکرا لە نێوان ئەم بەشانەدا هەبوو، سەرۆك هەموو کارەکانیشی دەبرد بەڕێوە و بوجەی بۆ بازارگەر دادەنا و بازارگەریش بانگەشەی دەکرد.

جاران بازارگەری پێی دەوترا بانگەشە، بازارگەری بریتی بوو لە گەیاندنی بەهای کالایەك پاش ئەوەی کالاکە دروست دەکرێت و ئامادەی فرۆش دەبێت.

بەلام، لە جیهانی ئەمڕۆدا ئەمە ستراتیژەتێکی باش نیە، چونکە بازارگەری بریتیە لە کرۆکی کالاکە. بازارگەری بریتیە لە داهێنانی کالاکە، بریتیە لە دیزاینکردن و بەرهەمهێنان و دانانی نرخی کالاکە. بریتیە لە تەکنیکی فرۆشتنی کالاکە. کەواتە دەبێت کۆمپانیایەکی ناوازە لەلایەن بازارگەرێکەوە بەڕێوە ببرێت.

ئەگەر کۆمپانیایەك لە شکستدا بێت، هەڵەی دەستەی بەڕێوەبەرانە، چونکە کێشەکە بریتیە لەوەی ئەمان لە هەوڵی بەڕێوەبردنی کۆمپانیاکەدا بوون، نەك بازارگەری بۆ کالایەك.

دیزانەرانی کۆمپانیاکەت بنێرە خولێکی بازارگەری ببین.

# ئێمە چیتر بازارگەڕ نین، بەڵکو دیزاینەرین

هەمان شت ڕوویدا کاتی خۆی کاتێک (Jerry Hirschberg) ستۆدیۆی دیزاینی بۆ کۆمپانیای نیسان کردنەوە لە ئەمریکا، ئەم کەسە داوای کۆبونەوەیەکی چڕی کرد لەگەڵ دەستەی پلاندانەران و بازارگەڕاندا.

کۆبونەوەکان هەمووی دەربارەی ئەوە بوو ئۆتۆمبیلی داهاتوو چۆن بێت و ناوی چی بێت و چۆن بانگەشەیان بۆ بکرێت و نرخیان چەند بێت. لێرەدا ئەم کەسە سەلماندی دیزاینەران دەبێت ڕۆڵێکی گرنگیان لەم پرۆسەیەدا هەبێت و دەبێت دەستیان بڕوات.

لێرەدا بە دیزاین من مەبەستم دیزاینێکە لە دەوری بازارگەڕیدا بسوڕێتەوە و ببێتە هۆی سەرکەوتنی کاڵاکە و ناساندنی کاڵاکە.

ئەگەر تۆ بازارگەڕێکیت باڵام هیچ لە داهێنان و دیزاین و کاریگەری و گونجاندن و وەلاتانی کاڵا نازانیت، ئەوا تۆ بازارگەڕ نیت، بەڵکو جێت گرتووە و بێ سوودیت.

من ئەم پەرتووکەم نوسیوە تا تۆ بزانیت چۆن و چی دەکەیت بۆ کاڵاکەت. پێش ئەوەی هیچ پارەیەکی تر خەرج بکەیت لەسەر هەڵمەتێکی بانگەشە و نمایش و کۆنفرانس و ئەندازیاران، بڕۆ کاغەزێکی سپی و پێنووسێک بدە تیمەکەت و بڵێ ئەگەر هیچ لە شکست نەترسن، چی جۆرە کاڵایەک دروست و دیزاین دەکەن؟

ناوازەبوون هەمیشە بریتی نیە لە گۆڕینی کەلوپەل و ئامرازی گەورەی ناو کارگەکەت. بەڵکو ڕەنگە بریتی بێت لە شێوازی وەڵامدانەوەت بۆ کڕیاران و گۆڕانکاری لە نرخدا.

## کێشەی هەرزانێتی

هەرزانێتی یەکێکە لە تاکە ناوازەترین شت کە کاڵاکان هەمیشە دەتوانن سەرنجی کڕیاری پێ ڕابکێشن. لە هەر کاڵایەکدا بێت، کاڵا هەرزانترەکەیان زیاتری لێدەفرۆشرێت.

کێشەی هەرزانێتی ئەوەیە هەرکات تۆ دەستتکرد بە هەرزانکردنی کاڵاکەت، ڕکابەرەکانیشت هەمان تاکتیك دەگرنە بەر.

هەرزانێتی ڕێگەیەکی تەمبەڵانەیە بۆ دەرچوون لە جەنگێك دژی کاڵا ناوازەکەت. هەرزانێتی بریتیە لە کۆتا ڕێگەچارە بۆ پەرەپێدەران و بانگەشەکاران کە چیتر بیرۆکەی مەزنیان پێنەماوە.

تاکە جیاوازیەك بۆ ئەم یاسایە بریتیە لە گۆڕانکاریەکی ڕیشەیی لە نرخدا. کاتێك بانگەشەکارێك گۆڕانکاری ڕیشەیی دەکات لە شێوازی دروستکردن و گەیاندنی کاڵاکاندا، گۆڕانکاریەك ڕوودەدات و ئەمەش وادەکات نرخی کاڵاکە هەرزانتر بێت و قازانجیش بکات.

کاڵا ناوازەکان بۆ کاڵا گران بەهاکان و کڕیارە دەوڵەمەندەکان نابن. ئەگەر ئوتێلێك یان سوپەرمارکێتێك بە بەردەوامی پاك و خاوێن و هەرزان بێت ئەوا دەبێتە ناوازە.

ئەگەر ڕکابەرەکەت نرخی کاڵاکەی زۆر هەرزانتر بێت لەتۆ، تۆش دەتوانیت وا بکەیت؟ ئەگەر بەڵێ بۆچی واناکەیت؟

# کاتێك بەدووی کاردا دەگەڕێیت

تا ئێستا باسی ئەوەمان کرد کۆمپانیاکان دەبێت چی بکەن. بەڵام ئەی تۆ؟ ئایا تۆ دەتوانیت ئەوەی باسمان کرد لە کاتی گەڕان بە دووی کاردا جێبەجێ بکەیت؟ لەوانەیە لەکاتی گەڕان بەدووی کاردا سەدان و بگرە هەزاران سیڤی و کارنامەی خۆتت بۆ کارسازان ناردبێت چجای بە دەستی بێت یان لەڕێی ئیمەیڵ و ئینتەرنێتەوە بێت.

هەموو ئەم کارەی دەیکەیت ڕێك وەکو بانگەشەکردن وایە. بانگەشەیەك جودا لە بانگەشەی سەر تەلەڤیزۆن بەڵام لەهەمان کاتیشدا بانگەشەیە. لەوانەیە کارنامەکەت بکەوێتە بەردەم کەسێك هیچ بەلایەوە گرنگ نەبێت تۆ کێیت و چیت پێیە و بەتەمای چیت.

بەڵام ڕێگەیەکی تر هەیە کارنامەکەت بخوێندرێتەوە و بەهەند وەربگیردرێت، ئەویش بریتیە لە ناوازە بوون. کەسانی ناوازە بە ئاسانی کاریان دەستدەکەوێت. کەسانی ناوازە بە گشتی کارنامەیان نیە، بەڵکو پشت دەبەستن بە قسەی سەر زاری هاوڕێیان و ئاسیاوەکانیان لەکاتی پێشنیارکردنیاندا بۆ کارساز و خاوەن کارەکان. کەسانی ناوازە ئەگەری زۆرە ئەو کارانەیان دەستبکەوێت کە خۆیان دەیانەوێت و حەزیان لێیە.

نهێنیەکە لێرەدا بریتی نیە لە تەکنیکی گەڕان بەدووی کاردا، بەڵکو بریتیە لەوەی ئەم کەسانە خەریکی چین لە کاتێکدا بەدووی کاردا

ناگەڕێن. زۆر لە کەسە ناوازەکان خەریکی پڕۆژە تایبەتیەکانی خۆیانن. ئەم کەسانە لە سەرکێشی و ڕووبەڕووبونەوەی مەترسیدان و زۆرجار دووچاری شکستی دەبنەوە. بەڵام زۆرجار ئەم شکستانە بەرەو کۆتایی نایان بات و نابێتە هۆی کۆتایی هاتنی ئەزموونەکانیان.

ئەگەر دەتەوێت ناوازە بیت، کاتێك ناوازەبە کە بەدووی کاردا ناگەڕێیت. ناوازەبوون دەبێتە هۆی گرنتی لە دەستکەوتنی کار و زامنکردنی داهاتووی داراییت.

# لێکۆڵینەوە: زۆر بەناوبانگە، بەڵام چیتر خەڵکی سەردانی ناکەن

ئەمەی لای خوارەوە لێکۆڵینەوەیەکە لەوەی چۆن سووڕی ناوازەبوون کاردەکات.

(Stew Leonard) لە کۆنێکتیکەت لە ئەمریکا کۆگایەکی ئاسایی بەرهەمە شیرەمەنیەکانی دروستکرد. ڕووبەرەکەی نزیکەی ۱۸۰۰مەتردووجابووەشیروپەنیرو بابەتە شیرەمەنیەکانی تری دەفرۆشت. بەڵام ئەم کەسە نەوەستا بەوەی کۆگایەکی بچوکی هەبێت و پاڵی لێبداتەوە، بەڵکو دەستی کرد بە ناوازەکردنی کاڵاکانی.

لە دەرەوەی کۆگاکەی شوێنێکی دانا بۆ دەستهێنان بە فەرووی ئاژەڵ و یاریکردن لەگەڵ پەلەوەرەکاندا. پاشان لەسەر بەردێکی گرانایت کە کێشەکەی دوو تۆن و نیو بوو، دوو ڕێسای زۆر سادە و ساکاری هەڵکۆڵی و لەبەردەم دەرگای کۆگاکەیدا داینا. پاشان دەستی کرد بە نمایشکردنی کاڵای سەیر و سەمەرە و دەگمەن، لەگەڵ هەموو ئەمانەدا کاڵاکانی زۆر هەرزان بوون. ناوەوەی کۆگاکەی پڕبوو لە مانگا و سندوقی شیری سەماکار و مریشکی کەمانچە بەدەست، ئەمانە هەمووی ڕۆبۆت بوون.

لەگەڵ گەشەکردنی چواردەوری کۆنێکتیکەت، کۆگاکەی ئەم کەسەش گەشەی کرد و کاڵاکانی بوونە ناوازە. ئەم کەسە توانی کۆگاکەی

۱۰ هێندەیقەبارەییەکەمجاریگەورەبکاتولەچەندان گۆڤـار و بەرنامـەی تەلەڤیزۆنی و پەرتووکی خۆراکدا باسی ئەم کەسە و کۆگاکەی کراوە.
کۆگاکـەی هێنـدە داهێنـان و نـاوازەبوونی تێـدابوو هـەرکاتێك مـن فەرمانبـەرێکم بخستایە سـەر کـار گەشتێکم پێدەکرد بۆ ئـەم کۆگایـە و چۆنیەتی خزمەتگوزاری کڕیـار و نمایشـکردنی کاڵاکـانم پیشـان دەدان تـا بزانن چۆن ئەم کارە بە شێوازێکی جیهانیی نایاب بەڕێوە دەبەن.
بەڵام هەموو ئەمە چەند ساڵێك لەمەو بەر بوو.
ئەمڕۆ ئەم کۆگایە لەلایەن کوڕی دامەزرێنەرەکـەوە بـەڕێوە دەچێت و لـە چـەند ناوچـەیەکی تـریش کۆگـای کردۆتـەوە. یـەکێك لـە کۆگاکـان تـەنها ۳کیلۆمەتر لە ماڵەکەمەوە دوورە، تا ئێستا سەردانیم نەکردووە.
بۆچی؟
چونکە زۆر بەناوبانگە و کاڵاکانی چیتر ناوازە نین.
کوڕی دامەزرێنەرەکە ناوازەبوونی کاڵاکانی سەردەمی باوکی بەکارهێنا بۆ بڵاو کردنەوەی ناوبانگی کۆگاکـە لـەڕێی زارەوە. پـاش ئـەوەی بـەناوبانگ بوو، کوڕەکەی هەستا بە تەرکیزکردنەوە سەر کۆکردنەوەی قازانجـەکان و وەسـتان لـە نـاوازەبوون. چـیتر کاڵاکـانی ئـەم شـوێنە نـاوازە نـین و براندەکانی نەناسـراون و بـەناوبانگ نـین. نرخـەکانیش هـەرزان نیـەو خزمەتگوزاری کڕیاریش وەکو جاران نـەماوە. ئەگـەر لـە بەشـی خـۆراکی دەریاییـدا بپرسـیت لـەکوێ فلانـە کـاڵام دەسـت بکـەوێت، ئـەم کەسـە ئاماژەیەکی هەڕەمەکی دەکات و دەڵێت لەولایەوەیە! ئەمە ئەگـەر جاران بووایە یەکێك ڕێك دەیبردیتە سەر ئەو کاڵا و شوێنەی دەتەوێت.

جاران سندوقی پێشنیار بونی هەبوو، هەرکات هەر کەسێك پێشنیاری بکردبا، دوای ماوەیەك نامەیەك دەچۆوە بۆ خاوەنی پێشنیارەکە و سوپاسی دەکرا، لەلایەن دامەزرێنەرە خۆیەوە. ئەمڕۆش سندوقی پێشنیار بوونی هەیە، بەڵام کەس تەماشای ناکات، چونکە هەمووان خەریکی کۆکردنەوەی قازانجەکانن و گوێ بە هیچ شتێکی تر نادەن.

باشە هەرکات دوکان و شوێنی کارەکەت جەنجاڵ بوو وە پڕ بوو لە کڕیار وە قازانجێکی زۆر باشت دەکرد، ئایا ئەمە واتای ئەوەیە چیتر دوودڵ نەبیت لەسەر ناوازەبوونی کاڵاکانت؟

لە ماوە کورتدا، ستراتیژیەتی کوڕی دامەزرێنەرەکە زۆر ژیرانەیە. ناوبانگی باوکی بەکاردێنێت بۆ دروستکردن و کۆکردنەوەی سامانێکی زۆر. ئەم کەسە کاڵاکانی کۆگاکەی گشتگیر کرد و کاڵایەکی ناوازەی تێدا نەما بۆ کەسانی (پڕمیو) بۆ بڵاو کردنەوەی ناوبانگەکەی. ئەگەر تۆش لە هەمان دۆخدابیت دڵنیابە ئەم کارە زۆر سەرنجڕاکێشە و ئەگەری زۆرە هەمان کار بکەیت.

# ئایا ئەوەی دەیکەین بریتیە لە جۆش و حەز؟

(Tom Peters) دەڵێت "ئایا خودی کارەکە گرنگە؟" بیرۆکەی زیادکردنی جۆش و گرنگیدان و ئەندێشە بۆ هەر شتێك ئەنجامی بدەین سەرنجڕاکێشە بەلای زۆربەمانەوە. زۆر لە بیرۆکە و سەرکێشی و زیادکردنی ئەزموون کە ئەم کەسە و کەسانی تری هاوبیری ئەم کەسە دەیڵێن و بەلایانەوە گرنگە، بەلای زۆرینەی ترەوە گرنگ نیە و سەرنجڕاکێش نیە. تۆ پێویستت بە پەرتووکێك نیە لەسەر داهێنان یان بیرۆکەباران یان بنیادنانی تیم. بەڵکو سەدان و هەزاران بیرۆکەت هەیە کە تیمەکەت ناوێرن بچن بەلایدا و جێبەجێیان بکەن، پێویستت بە کات و پارەش نیە. تەنها پێویستت بەوەیە درك بکەیت بەو ڕاستیەی هاوکێشەیەکی کارسازیی نویێ ئێستا لە ئارادایە، هەرکاتیش بیرۆکەی مانگای مۆر (کاڵای ناوازە)ت پەسەند کرد، دۆزینەوە و دروستکردنی کاڵایەکی ناوازە زۆر ئاسان دەبێت.

هەروەها لەیادت بێت، لێرەدا باسی سەیروسەمەرەبوون ناکەین. بەڵکو باسی ئەوە دەکەین کاڵاکەت هێندە سەرنجڕاکێش بێت بۆ چینێکی بچوکی کۆمەڵگە وابکات ئەم چینە بچوکە (دەوڵەمەندی و هەژاری پێوەر

نیە) ببنە پەخشکار و بلاّو کاری بیرۆکەکەت. سەرنجڕاکێشی بریتی نیە لە سەیروسەمەرەبوون و گەمژەبوون! بەڵکو بریتیە لە ناوازەبوون.

پرسیارە مەزنەکەی ئێرە ئەمەیە: ئایا دەتەوێت گەشە بکەیت؟

ئەگەر بەڵێ، ئەوا دەبێت بیرۆکەی کالاّی ناوازە پەسەند بکەیت و بگریتە ئامێز. خۆ دەتوانیت بە هەمان ڕێگە و شێوازە کۆنەکەت کارەکەت بەردەوامی پێبدەیت، بەلاّم تاکە ڕێگە بۆ گەشەکردن بریتیە لە کالاّی ناوازە.

# بیرۆکە باران

بۆچی بەڕێوەبەرانی فلیمەکان گەشت دەکەن لەمسەری جیهانەوە تا ئەوسەری جیهان بۆ فیستیڤاڵی فلیمی کان؟ ڕاستە ئاهەنگەکانی خۆشە و کاتی تێدا بەسەر دەبەن، بەڵام ئایا ئەو هەموو ماندووبوون و کات و پارەیە دەهێنێت؟ بەڵێ، ئەمان ئەم گەشتە دەکەن تا بزانن چی ناوازە بوونی هەیە و ئەنجامدراوە و دروستکراوە. ئایا فلیمێك، یان دەرهێنەرێك، یان ئەستێرەیەکی سینەما دەبینن؟ ئەم بەڕێوەبەرانە بۆ دۆزینەوە و بیستنی هەواڵی نوێ دەچن. ئایا کاڵاکەی تۆ چۆن دەبێتە هەواڵ؟

بەڵێ گومانم نیە بزانیت ئۆتۆمبیلی ڤۆلڤۆ کامەیە. وڵاتێکی بچوك ئۆتۆمبیلێکی باش فرۆشی دروستکرد کە تەنها کۆمەڵێکی کەم دەیانکڕی، ئەم کۆمەڵە کەمەش باسی ئۆتۆمبیلەکەیان دەکرد بۆ ئەوانەی نەیاندەزانی ئەم ئۆتۆمبیلە کامەیە. ئەو ڕاستیەی بۆچوونی گشتی لەسەر ناشرینێتی ئەم ئۆتۆمبیلە هەیبوو بوە هۆی بڵاو بونەوەی ناوبانگی ئەم ئۆتۆمبیلە.

دیارە کۆمپیوتەر نمونەیەکی باڵایە لەسەر ئەوەی چۆن تەکنۆلۆژیا دەکرێت کاڵایەکی ناوازە بێت، بەڵام ئەی چی لەسەر کاتژمێری دەستیی بە دەست دروستکراو؟ هەندێك دروستکاری کاتژمێر بڕی پەنجا هەزار دۆلار داوا دەکەن بۆ کاتژمێرە دەستیەکانیان کە تەنها هەفتانە یەکجار

قورمیشکردنەوەی دەوێت، کاتژمێرەکە جوڵەی مانگت پێدەڵێت و هیچ بەروارێك هەڵە ناکات. بێگومان تا کاتژمێرەکە نایابتر بێت داوای زیاتری لەسەرە. ئاڵۆزترین کاتژمێری دەستیی لە ساتی نوسینی ئەم پەرتووکەدا سەرەی تا دوو ساڵ بۆ گیراوە! دیارە ئەمە کاڵایەکی زۆر بەربڵاو نیە بەڵام دەفرۆشرێت لەبەر ئەوەی ئاڵۆزە (ئەگەر کڕیار کاتژمێرێکی سادەی بوێت، دەچێت کاتژمێرێکی کاسیۆ بە پەنجا دۆلار دەکڕێت).

ئەی باشە بۆچی سیستەمی بەگەڕخەری (Linux) هێندە بەکارهێنەری هەیە؟ خۆ ئەم سیستەمە زۆر ئاڵۆزە و بە زەحمەت دادەگیردرێتە سەر کۆمپیوتەر و بەکارهێنەرێکی شارەزای دەوێت. بەڵام ئەم ئاڵۆزیانە وایکردووە ئەو بەکارهێنەرەی ئەم سیستەمە بەکاردێنێت بەڕاستی بەکارهێنەرێکی بەوەفای ئەم سیستەمە بێت. هەر ئەم ئاڵۆزی و کەموکورتیانە لە بەکارهێنانی ئەم سیستەمەدا بۆتە هۆی بەناوبانگ بوونی سیستەمەکە.

ئەگەر بەشێك لە کاڵاکەت یان خزمەتگوزاریەکەت لە کارکەوت چی دەکەیت؟ چەندێکی پێدەچێت تا کەسێك دەنێریت و چاکی بکاتەوە؟ کاتێك ئامێری (PowerBook) ەکەم لەکار کەوت، پەیوەندیم کرد بە کۆمپانیای Apple ەوە، پاش دوو کاتژمێر ئۆتۆمبیلێکی کۆمپانیاکە هات و ئامێرەکەمی وەرگرت و پاش ٤٨کاتژمێر بەچاك کراوی بۆ یانهێنامەوە!

ئەمە نە کارێکی سەرکێشیە و نە کارێکی خۆنەویستانەیە، بەڵکو ئەم کۆمپانیایە قازانجەکەی لەوەدایە کە خزمەتگوزاری (AppleCare) دەفرۆشێت، ئەمەش واتە هەرکات ئامراز و ئامێرەکانیان لەکار بکەون، ڕووبەڕوو دێن و بۆت چاکدەکەنەوە. بەمەش ناوبانگیان زیاد دەکات و لەسەر زاری خەڵکبڵاو دەبێتەوە.

کۆمپانیای (IKEA) کۆمپانیایەك نیە وەکو کۆمپانیا هەرزانەکانی تری ئەساسی ناوماڵ. دەکرێت لەزۆر شوێن کەلوپەلی هەرزان بکڕیت، بەڵام زۆربەیان نە ناوازەیەتیان هەیە نە کاری خۆیان دەکەن! ئەم کۆمپانیایە لە سەرجەم لقەکانیدا فرۆشێکی باشی هەیە، ئەم فرۆشەش بەهۆی بانگەشەوە نیە، بەڵکو بەهۆی جۆرایەتی و نرخەکەیەوەیەتی.

ئەگەر من پارێزەر بوومایە، تایبەتمەندیم لە بوارێکی تایبەتدا وەردەگرت و خۆم زۆر باش تێدا شارەزا دەکرد، بێگومان کاتێك تۆش دووچاری کێشەی یاسایی دەبیتەوە لە بوارێکی تایبەتدا پەنا بۆ باشترین پارێزەر لەو بوارەدا دەبەیت.

من دکتۆرەکەی خۆمم خۆش دەوێت، نەك لەبەر ئەوەی ساغم (هەرچەندە ئەمە بەهۆی ئەوەوەیە)، بەڵکو لەبەر ئەوەی کاتێکی باشم بۆ تەرخان دەکات کاتێك سەردانی دەکەم. بەڕای من دکتۆرەکەم ئەم کات تەرخانکردنە وەکو بانگەشەیەك بۆ کارەکەی ناکات، بەڵکو دەزانم لە دڵەوە دەیەوێت بزانێت کێشەم چیە و چۆن بتوانێت چارەسەرم بکات. ئەمەش وادەکات خزمەتگوزاریەکانی ئەم دکتۆرە ناوازە بن. بەشێوەیەك ناوازەبن وابکات من ناونیشانی ئەم دکتۆرە بدەم بە چەندان نەخۆش.

ئەمانەش چەند دروشمێک بۆ تۆ

ئاسایی و بێزارکار مەبە


سەلامەتبوون مەترسیدارە

ئێستا دیزاین مەرجە

زۆر باش یەکسانە بە خراپ




ژیان بۆ هەندێک کەس زۆر ئاسان دێت بەدەستەوە. زۆر بە ئاسانی سەردەکەون و هەمیشە چی ڕاستە ئەوە دەڵێن و ئەوە دەکەن، لە هەر دۆخێکدا بن. هەموو کەس ئەم جۆرە کەسانەی خۆش دەوێت، شایەنی ئەوەن کاتیان لەگەڵدا بەسەر بەریت و لەگەڵیان بژیت و لەگەڵیان کار بکەیت. ئەم کەسانە دڵخۆشن (زۆربەی کاتەکان) و ئاسودەن و دەزانن چۆن لەگەڵ بەربەست و ئاستەنگیەکانی ژیاندا خۆیان بگونجێنن. کاتیان بۆ هەموو کەسێک هەیە و هەمیشە دەزانن چی گرنگە و چۆن مامەڵ لەگەڵ ئەوەدا بکەن کە گرنگ نیە.




ئایا مەرجە ببمە کەسێکی دی؟ نەخێر، لەوانەیە پێویست بێت کەمێك ڕەفتارت بگۆڕیت، نەك کەسێتیت یان بەهاکانت. خۆت هەر خۆت دەبیت، بەڵام خۆتێکی باشتر و وریاتر و خێراتر و سەرکەوتووتر .

•ئایا یاساکان سەختن بۆ فێربوون؟ نەخێر، لەوانەیە لە هەفتەیەك یان دوواندا فێریان ببیت، بەڵام شارەزابوون لێیان کاتێکی باشی دەوێت. ئێمە هەمیشە لەفێربووندا ین، فێربوونی یاسایاك زۆر باشترە لە فێرنەبوونی هیچ .

•ئایا بە ئاسانی بۆت دەردەکەوێت کەسانی تریش بەکاری بێنن؟ بەڵێ، هەندێك جار، بەڵام پەیڕەوکارە باشەکانی یاساکان هیچ کات ناهێڵن بزانیت خەریکی چین، لەم شاردنەوەیەدا زۆر شارەزان. بەڵام هەرکات بویتە پەیڕەوکارێکی یاساکان، ئاسانتر دەبێت بەلاتەوە بزانیت پەیڕەوکاری یاساکان چی بەکاردێنن و چی دەکەن .

## کتێبەکانی #سایە بۆ ماڵی خێزانی کورد

# باوکی دەوڵەمەند باوکی هەژار

# منداڵی دەوڵەمەند منداڵی زیرەک/ **رۆبێرت کیۆساکی**

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: سەنگەر عەبدولکەریم

#چۆن لەگەڵ خەڵکی گفتوگۆ بکەین/ **لیل لۆندز**

بابەت: ئەتەکێتی گفتوگۆ

**ریچارد تێمپلار**

# یاساکانی ژیان

# یاساکانی کار

# یاساکانی خۆشەویستی

# یاساکانی دەوڵەمەندی

# یاساکانی بەڕێوبردن

# یاساکانی خەڵکی

# یاساکان بۆ شکاندن

# یاسانی دایک و باوک

**ناوەندی سایە**

SAYA

# PURPLE COW

ئەم پەڕتوکە باسی ئەوە دەکات بۆچی پێویستە ناوازە بوون بکەیت بە بەری هەموو ئەو شتانەی دروستیان دەکەیت، بۆچی تەلەڤیزۆن و ڕاگەیاندنی گەورە چیتر بەکەڵکت نایەن و بۆچی کاری بازارگەڕی بەتەواوەتی گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە.

بانگەشەکردن بوەستێنە و دەستبکە بە داهێنان.

# مانگای مۆر

9 781447 929505